https://doi.org/10.26682/hjuod.2022.25.2.39
گوڤارا زانكويا دهوك، پەربەندا:25، ژمارە:2، (زانستێن مروڤايەتی وكومەلناسی)، بپ 733-778، 2022

# رەنگدانەوەی بۆن لەکارە هونەرییەکانی(جەبار جەمال غەریب و محمد اسماعیل)دا
## توێژینەوەیەکی رەخنەی وەسفی شیکارییە

ڕێزان عثمان مصطفی
بەشی شێوەکاری، کۆلێژی هونەرەجوانەکان،زانکۆی سەلاحەددین، هەرێما کوردستانێ–عیراق

((مێژوویا وەرگرتنا ڤەکولینێ: 30 گولان،2022، مێژوویا رەزامەندیا بەلاڤکرنێ: 2 چریا ئێکێ ، 2022))

**ناوەڕۆك**

پێشەکی ..........................................................................................
دەروازە: بۆن لە نێوان سەرچنێکی ناسین و مێژوودا. ..................................................
تەوەری یەکەم: جەدەلیەتی بۆن لەڕووی فەلسەفی و دەروونییەوە. ....................................................
تەوەری دووەم: رەهەندی فەلسەفی لەڕۆمانی نەتەوەی زێرابەکان و تابلۆکانی محمد اسماعیل. .................
تەوەری سێیەم: رەهەندی دەروونی لەڕۆمانی نەتەوەی زێرابەکان و تابلۆکانی محمد اسماعیل. ............
ئەنجام. ..................................................................................................
لیستی سەرچاوەکان. ..................................................................................
پوختەی توێژینەوە بەزمانی عەرەبی. .....................................................................
پوختەی توێژینەوە بەزمانی ئینگلیزی. ...................................................................

*کلیلە وشە:* بۆن، تارمایی، شار، تابلۆ، قاوە.

## 1. پێشەکی

گۆڕان و پێشکەوتن دیاردەی بنچینەیی ژیان و ژیانگەراییە، بەڵام ئەگەر مرۆڤ لەدرێژەی ئەو پرۆسەیەدا بەئاگا نەبێت؛ هەرچەندە کۆمەڵە دەستکەوتێك بەدیدەهێنێت، لەپاڵیشیدا کۆمەڵێ بەها لەدەستدەدات بەتایبەتیش لەئێستای دروشمی "جیهان گوندێکە" ڕێگەخۆشکەربوو لەتەنینەوەی بیری باو – ڕێچکەی باو ...هتد و کزبوونی بەهای پەنجەمۆر و کلتور و بەهاکان ...هتد و بڵابوونەوەی بۆنی خنك یان گرمخاو لەو گوندە تەکنیکارەدا. ئەمانە هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتەبوون بۆ توێژینەوەکەمان، لەلایەکی دیکە پێشتر ئەم بابەتە لەڕووی توێژینەوەی زانستیەوە نەروژێنراوەو توێژینەوەی زانستی دەربارەی نەکراوە.

کێشەی توێژینەوەکە: خستنەڕووی تاوتوێ و تێڕوانین و ئاستی ڕۆشنبیری تاکەکان و کۆمەڵ لەبەرانبەر بۆندا لەهەر سەردەمێك و قۆناغێك تا سەردەم و قۆناغێکی دیکە، جگە لەتێروانینی بیرمەندان لەئاست ئەم بابەتە، جگە لە کەمی سەرچاوە سەبارەت بەبابەتەکەمان. ئەم توێژینەوە لەژێر رۆشنایی تیوری رەخنەی وەسفی شیکاریی ئەنجامدراوە.

سنوری توێژینەوەکە: شیکار و لێکدانەوەی رۆمانی ( نەتەوەی زێرابەکان ) ی جەمال جەبار غەریب و کارە هونەرییەکانی (تابلۆ) محمد اسماعیلی شێوەکارە، کە بەقاوە کێشاویەتی، (واتە کەرەستەی بنچینەیی و سەرەکی قاوەیە).

لەم توێژینەوەیە دوو میتۆدمان بۆ رێکخستنی پەراوێزەکان بەکارهێناوە، یەکەمیان تایبەتە بەو سەرچاوانەی زانیاریمان لێوە وەرگرتوون و بەپێ سستمی هارڤەرد نووسیومانە. دووەمیشیان تایبەتە بەو نموونانەی لەرۆمانەکەدا وەرمان گرتووەو تەنیا ئاماژەمان بەلاپەڕەی نموونەی وەرگیراوە کردووە، جگە لەوەی لەبەر زۆری

پەڕەکان ناچاربووین تابلۆکان لە پاشکۆی توێژینەوەکە دابنێنین، کە ژمارەکراوە. بەدوایی لێبوردنەوە.

ناوەڕۆکی توێژینەوەکەمان بۆ دەروازەیەك و سێ تەوەر دابەشکردووە، بەم شێوەیە: لەدەروازەدا ئاماژەمان بەناسینی بۆن و سەرچنێك لەمێژووی بۆن کردووە. لەتەوەری یەکەمدا تێروانینی بیرمەند و فەیلەسوفان لەڕووی فەلسەفی و دەروونی بەپێی سەردەمەکان خراوەتە ڕوو، و تاوتوێمان کردووە. لەتەوەری دووەمدا تێروانین و ڕەهەندە فەلسەفیەکانی هەریەك لە "رۆماننووس جەبار جەمال و هونەرمەندی شێوەکار محمد اسماعیل"مان لەلایەنی (تەنیایی - نامۆیی- کاڵبوونەوەو بەتارمایی بوون- مشتومڕ- بیرکردنەوە ...هتد) خستۆتەڕوو. لەتەوەری سێیەمیشدا ڕەهەندە دەررونییەکانمان لەدیدی هەردوو هونەرمەند و رۆماننوس لە لایەنی ( تەنیایی و دەستبەداربوون، پوچی- گەشبینی- بێنەوایی- حەسانەوە... هتد) خستۆتەڕوو. لەکۆتایشدا کورتەی ئەنجام خراوەتەڕوو، لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بەهەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

## 2. دەروازە: بۆن لەنێوان سەرچنێکی ناسین ومێژوودا

راز وجوانی و کاریگەری و سەرنجراکێشی وپێکهاتەیی ...هتد رەگەزی بۆن لەتێکەڵەکەیەتی بەبەراورد بەپێکهاتەکانی دیکە، کە هەریەك پێکهاتەیەکە یان لە دوو پێکهاتە زیاترە لەشێوەی کۆکراوە یان تێکەڵە داهێنانێك، دەستکەوتێکی لێ بەدیدێت. کەچی لەمەسەلەی بۆندا بەپێچەوانەوە هەرگیز ناتوانین تاکە بۆنێك بەتەنیا بەدیبکەین یان بەدیبێنین، کەواتە لەپاڵ ئەم تایبەتمەندییە ناوازەیە لەلایەك و فرەیی و جۆراوجۆری بۆن لەنێوان "خۆش، ناخۆش، سارد، گەرم،تڕ، وشك، فێنك، دڵگیر، وروژین، کراوە، پیس، قێزەون...هتد". جگە لەوەی بۆن پێوانەکردنی شەپۆڵەکانی پەرتە و ئاسان نییە.

شان بەشانی ئەوەش لەباسوخوازی هەربونێك لە گەردووندا؛ هەر بوونەوەرەوە بۆنی تایبەتی خۆی هەیە، بەو واتایەی بەبێ ساژکردن بۆن حزوری لەپێکهاتەیدا هەیە. لەوەش سەمەرەتر ئەوەیە ناتوانرێت بوەستێندرێت و کۆنترۆڵ بکرێت، لەوەی بۆن پەیوەستە بەهەناسەدانەوە" سەرمایەی دەستبەردارنەبووی ژیان" ، جگە لەوەی لەکاتی خەو و نوستنیش هەستی بۆنکردن کاردەکات، واتە بەئاگاترین هەستی مرۆڤە بەبەراورد بەهەستەکانی دیکەی، کە لەو کاتەدا لەحاڵەتی حەسانەوەدان. کەچی بەبەراورد بەهەستەکانی "بینین، بیستن، بەرکەوتن، چێژتن" هەستی بۆنکردن نەك بەکەمی باسکراوە، بەڵکو پشتگوێیشخراوە.

بۆیە پێویستە زیاتر لەو هەستە شارەزابین وتێبگەین بۆ ئەوەی بە راز و نهێنی و هەڵاوی بۆن ئاشنابین، چونکە لەهەندێ حاڵەتدا بۆن دەبێتە جێگرەوە یاخود بەدیلی هەستەکانی دیکە، یان لەغەریزەکانی " ژیاری، مانەوە، برسیەتی، ترس...هتد" زیاتر حاڵیبین. دەکرێ بڵێین لەرووبەڕووبوونەوەی بابەتێکی کەمێك ناسراو و بەرهەمێکی ناوازەو داهاتێکی دەستکەوتوویی واڵادین، بەو واتایەی مرۆڤایەتی لەپەیام و دەشەیدا بەبێ ناوهێنانی بۆن باسێکی خێچ وزۆرێك لە کەند ولەند دەخاتەڕوو،و مەبەستی تێروتەسەلی خۆی ناگەیەنێت و هەر ئەمەشە وایکردووە، لەڕووی ناسینیەوە بێنەوبەرەیەکی زۆری لێبکەوێتەوە.

ئێمە لێرەدا بەکورتی تیرۆژ دەخەینە سەر ناسینی بۆن لەڕووی فەرهەنگییەوە. لەزۆرینەی فەرهەنگەکاندا لەوانە: "الوسیط: 607و608 – شمس العلوم: 421 – معجم المعتمد: 421 – معجم عطیە: 107 – معجم االمأثورات اللغویة: 217 – لسان العرب: 190و191 – قاموس المحیط: 1054 – معجم المنجد: 512.هتد، زمانی عەرەبیدا ، زۆرترینی ئەم دەستەواژانەی تیایداهاتووە:

تعطر: بۆنی لەخۆیدا. عطر: بۆنی خۆش بوو. العطر: ناوی کۆکراوەی شتە، لەبەر بۆن خۆشیەکەی بەتام دەبێت. معطر: بۆندار. تعطر: بۆنی لەخۆیدا. المعطار: ژن و پیاو، ئەوەی بۆنی خۆی خۆشدەکات و زۆری بەکاردێنێت. العطارة: پیشەی عەتر فرۆش، وردە فرۆش. عطری: بۆن خۆش. عاطر: ئارەزوومەندی گوڵاو. تعطر الرائحة: بۆنی خۆشبوو. تعطیر: بۆنخۆشکردن ضمخ:

بۆن.   شذى، عبير، أريج: بۆنی خۆش. استعطر: بۆنی خۆی خۆشکرد.

کەچی لەهەندێ زمانی دیکە هاوواتای کەمن لەوانە زمانی ئینگلیزی  تاکە وشەی " Perfume " بەکاردێت لەبەرانبەر کۆمەڵێك هاوواتا لەوانە: (فەرهەنگی ئەکسفورد: 2006: 570) و فەرهەنگی ترجمان هاتووە

بۆندار، بۆنی خۆش، بۆن، خۆش، گوڵاو،بۆن خۆش،: perfume(n.)

بۆن، بۆنی لەخۆیدا، بۆنی خۆش بوو، بۆنی خۆی خۆشکرد: perfume(v.)

لەفەرهەنگی ئەستێرە گەشە(50-51)دا ئەم دەستەواژانەی تیایداهاتووە: بۆن: رائحة، شم، شذا، عطر. بۆندار: زكى ألراحة، عطير، ذو رأئحة. بۆنكردن: تعفن الطعام، فساد الطعام، تغير الرائحة، تعفن، تزنخ – شم، استنشاق. بۆنكردو: متعفن، فاسد. بۆن و بەرامە: رأئحة، شذا.

ئەم بەرفراوانی واتاییە دەوڵەمەندی زمان دەخاتەڕوو ، کە لەگەیاندنی مەبەستدا هاوواتا گەلێکی زۆرهەن ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکە کوچە و کەلێنی ئەم بابەتە دەکرێ لەروانگەی دیکەوە لێبڕوانرێت لەوەی : بۆن ( ئامێر و پێناسەی ناسنامەیە، ناسنامەت و ناسنامەی ئەوانی دیکە.)( الدريع: 2008: ص13) لەرووی کارو کارادنەوەو تێگەیشتن و پێکگەیشتن و کارلێککردن و ناسینەوەو شیکردنەوەو سۆز و چێژ و توانای فێربوون و وەرگرتن و دەربرین و بیرهێنانەوەو دۆزینەوەیە، کەواتە ئەم بابەتە تا گێرە بکرێت بەرووبومی زیاتردەدات و هەتا بژاریش بکرێت داهێنانی زیاتری لێ دەکەوێتەوە. بەرهەمی ئەم بژاریەش لەشۆڕبوونەوەمان بەجۆگەلەی مێژوو ئەو واقیعەمان بۆدەخاتەڕوو، لەوانە:

لەشارستانیەتی میزوپۆتامیادا، یەکەمین کیمیاناس لەجیهاندا گوڵاوی دروستکردبێت. خانمە تابوتی کیمیاناسبووە، لە هەزارەی دووەمی پ.ز لەبابل ژیاوەو ناوی لەزۆرینەی کتێبە بزمارییە کۆنەکان هاتووە و یەکێك لەرێگاکانی دروستکردنی گوڵاوی تیایدا باسکراوە، کە زۆرینەی لەگژوگیای سروشتی و گوڵ، کەبۆنێکی زۆر دەدات دروستکراوە.( تێبینی دەکرێ هەر لەو کاتەدا لە هندستان بۆن دۆزرابێتەوە). جگە لەوەی لەو سەردەمانەدا وەکو ئاماژەی بۆکراوە، بۆن لەرێو ورەسمە ئاینییەکان بەکاردەهێنرا و جگە لەوەی ئامرازێك بووە بەدەست پیاوانەوە بۆ گومڕاییکردنی مێینەکان. (almadapaper.net )

سەبارەت بەمیسرییە کۆنەکان. بۆن لەکۆمەڵی چینی بەرزی میسری گرنگیەگی بێ پایانی پێدراوە. لەئەفسانە کۆنەکاندا هاتووە. خواوەند (نفرتيم) گەورەی گوڵاو بووە. دەڵێن شاژنە بەناوبانگەکانی وەکو کلیۆپاترا و حتشبسوت بۆنیان لەجەستەیان داوە، هەروەها لەبارەگاو گەرماوەکان بەکاریان هێناوە. هەروەها رمسیسی سێیەمی فەرعونی میسر لە 1200ساڵی پ.ز کۆگایەکی تایبەتی بۆ بوخورد دروستکردبوو بۆ سوتاندنی لە پەرستگای ئاموندا.

میسرییە کۆنەکان بەکرداری دڵۆپاندن و پێکهاتەی سروشتی رۆنە بێ بۆنەکان بۆنیان دروستکردووە و بەلێکدان و تێکەڵەی گوڵە ناوخۆییەکان و میوەو دارە بۆندارەکان بۆنە بەناوبانگەکانیان دروستکردووە. بۆ ئەمەش دوو رێگایان هەبووە بۆ دروستکردنی بۆن، کە تایبەت بووە بە چینی دەسەڵاتداران و پەرستگا و دەوڵەمەندەکان، هەروەها بوخوردیان لەئاهەنگەکاندا بەکارهێناوە.

جگەلەوەی میسرییەکان بازرگانیان بەبۆنەوە دەکرد تا ئەو رادەیەی بەشێکی بەرفراوانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، لەنێوان ئەوان و ناوچەکانی ئەفریقیاوە"سۆماڵ- حەبەشە-عەممان" بووە، کەداری بۆنداری دارە تاڵیان دەهێنا، وە تاوەکو ئێستاش لە دروستکردنی بۆنە بەهادارەکاندا بەکاردەهێنرێت، لەپاڵ کرداری بۆندا پزیشکە فرعەونیەکان بۆ چارەسەری نەخۆشی بەکاریانهێناوە، سەلماندویانە کە ئەو گوڵاوانە توانای بەرەنگاربوونەوەی نەخۆشیە درمییەکانی وەکو تاعون و کۆلێرا و لاڕەشەیان هەیە، بۆیە پێیاندەگوت (گوڵاوی خواوەند). کاتێك لە 1500ساڵی پ.ز هەڵمەت بۆ لێوارەکانی سۆماڵ کرا بۆهێنانی بوخورد بۆ شوشتنی لاشەی مردووەکان و بۆنخۆشکردنیان، ئەوە کاریگەری هەبوو لەوەی مردوو شۆرەکان کەمتر نەخۆش بکەون و بمرن بەبەراورد بە خاوەن مردووەکان کە دەمردن  جگەلەوەی هەر ئەوان بوون شوشەیان داهێناوەو شوشەی بۆنیش یەکێك بووە

لەبەکارهێنانە بڵاو و باوە یەکەمینەکانی شوشە و مێژووەکەشی بۆ دەوروبەری (1000)ساڵ پ.ز دەگەڕێتەوە.* بەواتایەی بۆن لای ئەوان بەشێکە لەرۆشنبیری و ئاستی پێشکەوتنی ئەو شارستانیەتە دەخاتەڕوو لەوەی چەندە پەرۆشی کۆمەڵی خۆیان بوونە.

گریك و رۆمانییەکان هاوشێوەی شتارستانیەتەکانی دیکە گوڵاو و بۆن و بوخورد گرنگییەکی بەرچاوی لەرێوڕەسمە ئایینی وپرسەکاندا هەبووە، لەساڵی 2007 ی ز کۆنترین کارگەی گوڵاو لەجیهان لەقوبرس لەلایەن نێردەیەکی زانستی شوێنەوارناسی دۆزرایەوە، مێژووەکەی بۆدەورەبەری ساڵی (1850) پ.ز دەگەڕێتەوە، نێردەکە زەویەکیان دۆزییەوە پێوانەکەی دەکەیشتە (4000)م2، کارگەی تایبەتی بۆن دروستکردن بوو، وەچۆنیەتی ڕێگەی دروستکردنی بۆنی لەشارستانیەتی میسری وەرگرتبوو، ئەوەیش لەوێك چوویی کەلوپەلە بەکارهاتووەکانەوە دەرکەوتووە، وە دواتر گوازراوەتەوە بۆ رۆما لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی.ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کەزۆرێك لەبۆنە گریکی و رۆمانیەکان تاوەکو رۆژانی ئێستاش دروستدەکرێت.

هەروەها هەندێك بۆچوون هەیە، گوایە ئەو کارگەیە بۆ ئەفرۆدێتی خواوەندی خۆشەویستی دەگەڕێتەوە، کە بەرهەمهێن و دابەشکەری گوڵاوەکان بووە بەسەر پەرستگاکان لەکاتی ئەنجامدانی رێو رەسمە ئاینیەکاندا* (www.sotor.com)

بەڵام گریکەکان چۆنیەتی دەرهێنانی بۆنیان بەشاراوەیی هێشتبۆوە، پێکهاتەکانیان لە دەرهێنانی بۆنەکاندا لەرێگەی سوتاندنی هەندێ مادەبوو لەوانە:( داری لبان ذکر) یاخود خوساندنی پێکهاتەکان( گوڵی مۆر، یاسەمین) لە رۆندا، کە بۆ بۆنخۆشکردنی جەستە و رزگاربوون لەهەوای پیس، کە هۆکاربوو بۆ بڵاوبونەوەی نەخۆشی بوو. ئەبیقراتی پزیشکی بەناوبانگی ئەو سەردەمە. بۆچوونی وابوو کە هەوای پیس لەرێی با دەگوازرێتەوەو بەرپرسی یەکەمە لە گواستنەوەی نەخۆشیە مەترسیدارەکان،هەروەها دکتۆر( بێداکورس دایۆسکوریدا) کتێبێکی سەبارەت بە دەمانسازی گیایی داناوەو بەسەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو و پێوانەیی بووە لەلای رۆژئاواییەکان بۆ ماوەی 1200ساڵ، کە چەندین تێکەڵەی پزیشکی تێدایە لەبواری چارەسەری بۆنداری تاوەکو رۆژانی ئێستامان بەکاردێت و بەسەرچاوەی بنچینەیی دروستکردن و پیشەسازی بۆن دادەنرێت، گرنگی ئەو کتێبە لەوەدایە میوەی وەکو کەرەستەی پیشەسازی بۆن بەکارهێناوە. جگە لەوەی خەڵك باوەڕیان وابوو بەکارهێنانی بوخورد و گوڵاوەکان بۆ نەخۆش کاریگەری هەبێت لە وەستاندن و بڵاوبوونەوەی ئەو نەخۆشیانە. بۆیە لەو سەردەمەدا بۆن رێگەپێدراو بوو بۆژمارەیەکی زۆر لەخەڵك بەکاریبهێنن، چونکە بۆنە هەرزانەکان لە گلێنەی سیرامیکدا فرۆشراوە و بۆنە گرانبەهاکان لە گلێنەی فەخفوری لە دوکانی بازرگانەکان فرۆشراون.*()mena.lush.com).

جگە لەوەی بۆن رۆڵێکی گەورەی هەبووە لە گۆڕینی رۆما لەگوندێکی کشتوکاڵی بچوك بۆ ناوەندێکی جیهانی. کە رۆژهەڵات خاڵی وەرچەرخانیەتی، دوایی ئەوەی گژوگیاو گوڵاو وبۆن گوزرایەوە بۆ ئەوروپا ، لەو کاتەی ئەوروپا لەو بار و بوارەدا زۆر هەژاربوو. لەوانە شانشینی یەکگرتوو خۆی بە قەرزاری رومانەکان دەزانێت لە ناسینی گژوگیای بۆنداری وەکو (مرمية، زەعتەر، کەرەوز، شمڵی).

وادەخەمڵێنرێت کەرەستەی خاوی دروستکردن و بەکارهێنانی بۆن گەیشتبێتە نزیکەی (2800)تەن لە (لبان ذکر) و (550)تەن لە (دارە تاڵ – المر). ئەو بۆنانە لە گەرماوە گشتیەکان بۆ بۆنخۆشکردنی ئاو و جەستە بەکاردەهێنران و رۆن و گوڵاوەکانیش بۆ پێست وقژ بەکاردەهێنران. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە لەهەمان کاتدا نارەزایی دەربرین هەبوو لەدژی بەکارهێنانی بۆندا، لەوانە؛ ( بلینیوسی گەورە) سەرزەنشتی بەکارهێنان و بەکارهێنەرانی کردووە بەهۆکاری خۆ بەگەورە زانین و بەفیڕۆدانەوە، بۆیە کە رۆما کەوت ئەو جوانکاری و بۆن و گوڵاوانە قەدەغەکران و بەکارنەهێران، دوایی چەند ین ساڵ جاریکی دیکە بازاری دەرکەوتەوە. ئەمانە تێڕوانین و هەڵسەنگاندنی تاك دەخاتەڕوو لە روانگەی دەروونی و ئابورییەوە کەوا کۆمەڵگا،

دامودەزگایەکی رێکخراو و بەدواداچوو، و مەدەنی سەردەمیانە بوونە، چ لەبواری بەکارهێنان یاخود لەرووی نارەزاییەوە بێت.

سەبارەت بەپەیوەندی ئیمپراتۆریەتی چینی کۆن لەگەڵ گوڵاو و بۆندا چینیەکان جەختیان لەسەر بۆنی جەستە و کەلوپەلی جوانکاری نەکردۆتەوە، بەڵکو رۆشنبیری چینی کۆن تەئکیدی لە سوتاندنی بوخورد و کەرەستەی گوڵاو وبۆن لەشوێنە تایبەتەکاندا بەمەبەستی پاککردنەوە لەمیکرۆب و پاکوخاوێنی کردووە. باوەڕیان وابوو کەوا کرداری سوتاندنی بوخورد لە ژوورەکان چاکبوونەوە لەنەخۆشیەکان خێراتر و ساناتر دەکات. لەپاڵ ئەمانەشدا گوڵی بۆندار بەشێك بووە لەباخچەی باوی ئاسایی و خانمە بەگزادەکان. بەروبومی یوسفی و بۆنی گوڵاویان بۆ دەستیان بەکاردەهێنا و لێدانی بۆن لە کۆمەڵی چینیدا پێداویستی بنچینەیی نەبوو.

لەپاڵ ئەمانەشدا لەلای چینیەکان ئەفسانەیەك هەیە، کە تاوەکو رۆژانی ئێستامان دەنگۆی هەیە و دەڵێت: چینیەکان بۆنیان بۆ جەستەیان بەکارنەهێناوە، بەڵام ئەوە قسەو قسەڵۆکی پروپوچە. بەگوێرەی مێژوونووسە کیمیاگەرەکانی چینی ماوەی نێوان بنەماڵەی(Sui) ی حوکمدار و بنەماڵەی(Song) بەکارهێنانی بۆن بەکارهێنانی کەسی بووە و کێبڕکێ لەنێوان شازادەکان و پیاو ماقوڵان بۆ بەدەسهێنانی باشترین جۆری بۆن و چۆنیەتی پێکهاتەکەی و هێنانی بۆن و گوڵاو هەبووە. لەسەردەمی خێزانی تشینغ 1644-1912. ئیمپراتۆر بەدرێژایی ساڵ هاوشێوەی جانتای گیرفان کیسەیەکی گوڵاوی هەڵدەگرت، بەو نیازەی بەختی باشی بۆ دێنێت، وە کیسە گوڵاوەکە داپۆشرابوو بەگژوگیای بۆندار. جگە لەوانە لەکۆمەڵی چینیدا پێکهاتەی بۆن و گوڵاو لەبوارەکانی دیکە بەکارهاتووە لەوانە خواردن و دەرمان. * (مجلة شبكة العراقية- IMN Magazine)

بەڵام دیاردەی باو لای فارسە کۆنەکان ، لەگەڵ ئەو بایەخە زۆری بەبۆنیان داوە ، مەلیکەکانیان وێنەیان لەشوشەی بۆن دەگیرا،لەهونەری فارسیدا هەریەك لە دادوەرانی ئەفسانەیی ( دایوس و زیرکسیس) بەحەساوەیی دانیشتون و شوشەی بۆنیان بەدەستەوەیە. ( مجلة شبكة العراقية) ئەمانە دەرخەری چێژ وخۆشی ئەو زات و کۆمەڵە دەخاتەڕوو لە سەربوردەی چێژ و چۆنیەتی ژیارییان و مامەڵە کردنیان لیئاست بۆن و بۆن خۆشیدا.

لە قودسی کۆندا بۆن ئامرازی کێشکردن و سەرنجڕاکێشانی نێوان نێر ومێ بووە. یەکێك لەو بەسەرهاتە جوان و شۆخانەی تایبەتە بەو لایەنەوە، خاتوونەکانی قودسی کۆن ( مۆرە و بۆنی ) دیکەیان لە پێیەکانیان و ناو پێڵاوەکانیان دەدا، ئەگەر سەرنجیان گەنجێکی کێشکردبا؛ پێیان لە پێڵاوەکانیان دەردەهێنا و لێکیان دەدا، تاوەکو بۆنەکە بەر لوتی گەنجە رێبوارەکە بکەوتایەو ئاوری لەو خاتوونە بدابایەوە.( الدريع: 2008: ص34)

سەبارەت بەجیهانی عەرەبی؛ پیشە و فرۆشتنی بۆن لەنێو عەرەباندا لەپیشە بایەخدار وبەناوبانگەکان بووە. دەڵێن ئەبی تالیبی مامی پێغمبەر (د.خ) یەکێك بووە لە بازرگانەکانی بۆن ، هەروەها ژنانی شاری مەککەش لەو بازرگانیەشدا بوونیان هەبووە لەوانە (اسماء کچی مخربە، ئوم ئەبی جەهل، هندی هاوسەری ئەبو سفیان) وە لەئافرەتە هەرە ناسراوەکانی ئەو بوارە کە بۆن و گوڵاویان فرۆشتوە (منشم) بووە.

تایبەتمەندی عەرەبەکان لەبۆندا لەوەدا خۆی دەنوێنێت ، پێکهاتەی بۆن تەنیا لە ئاوێتەکردنی رۆنێ سروشتی بنچینەیی و بەبێ هیچ مادەیەکی کیمیایی یان کحولی کراوەو دەکرێت. وە کۆنترین بۆن لەدنیادا پێ دەوترێت ( عطر الورد) زۆر باو و بلاوبووە لەنێو خێڵە عەرەبەکاندا. چۆنیەتی دروستکردنی بۆنیش لەلای ئەوان لەرێی کرداری دڵۆپاندنەوەبووە. .

ئیبن سینا لەکتێبی ( کيماء العطور)دا لیستێکی درێژی سەبارەت بەجۆراو جۆری بۆنەکان نوسیووەو زۆرترین بەکارهێنانەکانی لەگوڵی (یاسەمین، بەنەفسەج، گوڵی لیمۆ...هتد) و داری( ئەلئەرز، سەنەدەڵ، ئەلمورِ...هتد) لە گەڵاش لەگەڵای ( نەعنا، غرنوق، خوزامە...هتد) لە رەگی( زەنجەبیل، سەوسەن...هتد). بەشێکی بنچینەیی لەزۆرینەی دروستکردنی بۆنەکاندا مسك و عەنبەری بەکاردەهێنا. هەروەها کیمیاناسی بەناونانگ کندی لەسەدەی نۆیەمدا کتێبی ( کیمیای بۆن ودڵۆپاندن) ی نوسیووەو کە زیاتر لە(100)پێکهاتەی رۆنە بۆندارەکان و هەتوان و ئاوی گوڵاوی نوسیوە. کەواتە دەکرێ

بڵێین مرۆڤایەتی بەهەموو شێوەیك بەردەوام لەهەوڵە بەدوایەکەکانی بووە لەخزمەتی کۆمەڵدا بۆ ئەوەی لەکەش و ژینگەیەکی پاك و ئارام و پێشکەتوو ژیاریبکەن. بەتایبەتیش ئایینی ئیسلام کە تەئکیدی زۆری لەسەر پاك وخاوێنی کردۆتەوەو بۆنیش یەکێکە لەو فاکتەرانەی لەقورئانی پیرۆزدا باسی لێوەکراوە و هەروەها تەئکیدیشی لێ کراوەتەوە.

هیرودیتس لەنووسینەکانیدا باس لەوە دەکات لەوەی وڵاتی عەرەبان بۆن و بۆنی گوڵاوی لێدێت و سەرچاوەی سەرەکی بەرهەم هێنانیشیان ( المر، دارچین، لبان...هتد). هەروەها لیکرکی رۆژهەڵاتناس دەڵێت: عەرەبکان مادەی بۆنخۆشیان لەدەرمانی پزیشکی بەکارهێناوەو زیاتر لە(80)جۆری بەزمانی عەرەبی بەرانبەر زمانی لاتینی داناوە، کەهەندێکیان تاوەکو ئیستاش بەزمانی عەرەبی گۆدەکرێن بەڵام بەپیتی لاتینی دەنوسرێنەوە.

سەبارەت بە مێژووی بۆن وئەورپا لە سەدەکانی ناوەڕاست بیروبۆچوونی دژیەك هەن لەوەی؛ لەلایەك لە سەدەی یانزەهەمەوەو لەچواچێوەی شەڕی خاچییەکاندا؛ خاچ پەرستان دووبارە دەستیان بەدروستکردنەوەی بۆن کردۆتەوە، ئەوان ئەو کەرەستەو بەرهەمانەیان لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە دەستدەکەوتووە.

لەماوەی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیە درمییەکانی وەکو تاعون و کۆلێرا، پزیشکەکان دەمامکیان لەشێوەی دەنوکی باڵندە دروست دەکرد، کە پڕبوو لە گژوگیا و رۆنی بۆندار، چونکە باوەڕیان وابوو کە مادە بۆندارەکان رێگری لەو نەخۆشیانە دەکەن. ئەو تێڕوانینە هۆکارێکی یارمەتیدەربوو لەوەی پێشوازییەکی جەماوەریی لە بەکارهێنانی بۆن بکرێت و بازاری عەتارچییەکان گەرمبێت، چونکە عەتارچییە پسپۆرەکان، کە بەدەرمنساز ناوزەدکرابوون؛ هەڵدەستان بەتێکەڵکردن و فرۆشتنی تێکەڵەی عەتری ناوازە. بەتایەتی لەپەرستگا و شوێنە گشتیەکاندا بەکاردەهێنرا، چونکە قەناعەتیان وابوو کەوا ئەو بۆن وگوڵاوانە وا لەهاتووچۆکەران دەکات توشی نەخوشی درمییەکان نەبن.

لەسەدەی دوازەهەمدا؛ لەئەلمانیادا هایلدی کارەی سەرۆکی کڵێسای ئافرەتە دێرنشینەکان هەڵسا بەبەکارهێنانی هەندێ رۆنێ گوڵاوی بنچینەیی لەچارەسەرکردنی ئافرەتە دێرنشینەکان و دەنگدایەوە.

لە ئیتالیا دەستکرا بەشیکردنەوەی گوڵی ( زەعتەر، یاسەمین بەنەفسەج...هتد) و دەرهێنانی بۆن. بەڵام بەتێپەڕبوونی سەدەی چوادەهەم لێزانبوون لەپیشەسازییەکە و بەرەو پێش چوون، تا ئەو رادەیەی بۆنە شلەکان شوێنی بۆنە رەقەکانیان گرتەوە، لەو بارەیەوە مارکۆ پۆلۆ و تیمەکەی لەگەشتەکانیانەوە چەندین بۆن وگوڵاوی ناوازەیان بۆ شاری بوندقیە بردەوەو ئەمەش هۆکاربوو بۆ گۆڕینی ئەو شارە بۆ ناوەندێکی بازرگانی کردنی بۆن.

بەڵام فەرەنسا پێشەنگی وڵاتان بوو لەدروستکردنی بۆن، بنکەی بۆن شاری(گراس)ە دەکەوێتە باشوری ئەم وڵاتە و بەپایتەختی بۆن دەناسرێت، ئەو شارە هەر لەساڵی 1400 ز رۆڵی بەرچاوی هەبووە بەتایبەتیش کاتێك ئەرمنتاری توسنتی هەڵسا بەکردنەوەی دەرمانخانەیەکی تایبەت بەرۆن و پێکهاتەی سروشتی. دەکرێ بڵێین ئەوان لەژێرکاریگەری قورتبە و غەرناتە لەرێی شارستانیەتی ئیسلامی لەسەدەی هەشتەم بەلاوە کە ئیسپانیای (ئەندەلوس) گرتەوە کاریگەری لەسەر شارەزایی ئەوان و زیاتر پێشکەوتنیان لەو باریەوە هەبووبێت. (Arabic post>net)(دز فوزیە الدریع: 2008: ص 37)

ئسپانیا یان ئەندەلوس لەو سەردەمەدا بە پارچەیەکی ناوازەی پایە بەرز، هەتا لەتێڕوانینی ئەوروپییەکان خۆیاندا هەژماردەکرا، تەنیا لە قورتوبە 900 گەرماوی گشتی هەبووە و گەرماوی تایبەتیش زۆرهەبووە . هەروەها خەڵکی لەسەرجەم چین و توێژەکاندا هەوڵیاندەدا وپارەیان لە دروستکردن و جوانکاری باخچە بۆندارو بۆن خۆشەکانیان خەرجدەکرد، هەروەها نافورەی ئاو لەهەموو شوێنکدا هەبوو.ئەمە جگە لە بۆن و گژوگیای بۆندار کەبۆ چارەسەری نەخۆشی و جوانکاری و بەکاردەهێنرا، لەگەڵ ئەوەشدا ( لەدنیادا هیچ مێژوو نووسێك یان مامۆستایەك لەقوتابخانە یان کۆلیژ بوێری ئەوەی نییە ، ئاماژە بەرۆڵی عەرەبە موسڵمانەکان بکات لەوەی بەناوبانگترین مەدەنیەتیان لەئەوروپا داهێناوە و شارل مارتل و سەربازە دز و جەردە کێوییەکانی لەناوبەر و فەوتێنەری ئەو مەدەنیەتە

بوونە، كە لەسەر دەستی عەرەبە مۆسڵمانەكان هاتۆتە كایەوە، ئەگەر موسڵمانەكان فەتحی ئەروپایان بكردایەو دوو سەدە مابانەوەو مەدەنیەتیان داهێنابا، ئەوا ئێمە پێنج سەدە پێشكەوتووتر دەبووین بە بەراورد بەئەمڕۆمان)(كیب: 1985: 31).

لەلایەكی دیكەشدا گوایە لەو سەردەمانەدا ئەوروپا ئەوروپایەكی بۆگەن و كەڕواویبووە لەبەرپیسی. خەڵك بایەخیان بەپاكوخاوێنی نەداوە، هەتا خانەدانەكانی ئەوروپاش لە ژینگەیەكی قێزەون و پیس ژیانیان بەسەر بردووە كە شایانی ژیاری نەبێت. هەروەها پۆشینی كەتانی خاوێن باو نەبووە لەلایەن، بەڵكو لەژێر كاریگەری و چاولێكەری موسڵمانەكان بەكاریانهێناوەو جگە لەوەی دەستەسریان بەكارنەهێناوەو باوەڕیان وابووە، خۆشوشتن كاریگەری خراپی دەبێت لەسەر تەندروستی و لەش ساغیان، بۆیە هەرچەندە گەرماویش هەبوایە تەنیا دیكور بووە. ئەوان لەكاتی نەخۆشی یان هاوسەرگیریدا خۆیان شوشتووە، لەبەر ئەوە پەنایان بردۆتە بەر پاككەرەوە وشكەكان و جلی ژێرەوەیان گۆڕیوە، بەپێچەوانەی هەندێ قۆناغی دیاریكراو لە مێژووی رۆمانییەكان و دابونەریتی رۆژهەڵاتیەكان و وڵاتانی ئیسلامی و تێڕوانینیان بۆ خۆشوشتن و پاكوخاوێنی چۆن بووە.

لە كاتێكدا ئافرەتان بایەخیان بە پاك وخاوێنیداوەو خۆیان رازاندۆتەوە جوانترین جلیان پۆشیوە، لەگەڵ ئەوەی شەقامەكان زبڵخانەی راستەقینەبوون و خەڵك پیسایی و پاشەڕۆییان دەخستە كیسەو لەنزیكترین پەنجەرە فڕێیان دەدایە دەرەوە، چونكە زۆرینەی ماڵەكان ئاودەستیان نەبوو،و هەندێ جار دەرژایە سەر رێبوارەكان، جگە لەوەی قەسابەكان لە لێواری شەقامەكاندا ئاژەڵەكانیان سەردەبری پاشماوەكان لەگەڵ زبڵ خاشاك و پاشەڕۆ تێكەڵ دەبوون. هەر لەبەر ئەمەش هەندێ جار، بەمەبەستی خاوێنكردنەوە بەرازیان بەرەڵای نێو ئەو پاشماوانە دەكرد بەڵام دواتر پاشماوەی خۆی دەرشتەوە، بۆیە چاوەڕێی بارانیان دەكرد تاوەكو شوێنەكان لەپاشماوە و زبڵ وخاشك پاك ببنەوە.

لەو بارەیەوە ساندرۆ مارای سەربوردەیەكی شایەر و فەیلەسوفی ئەڵمانی دەگێڕیتەوە دەڵێت: (لەو كاتەی گۆتە لە سەردانێكی لە ئیتالیا دەبێت . دەچێتە لای كارمەندێكی هوتێلەكەو لێدەپرسێت لەكوێ دەتوانێت دەست بەئاوبگەیەنێت ، ئەویش رێنوینی بۆ سوچێكی كراوەی هوتێلەكە دەكات بەبێ هیچ شەرمێك .)( www.startimes.com). ئەمە رووكاری رۆژگارێك دەخاتەڕوو لەوەی چەندە دوورە دەستبوونە لە پاكوخاوێنی، جگە لەو نەخۆشیە درمییە بەردەوامانەی بەردەوام لەناویان بڵاودەبۆوەوە دكتۆر و پسۆرەكان نەیاندەزانی كەوا پیسی هۆكاری ئەم هەموو نەخۆشیانە بووە.

هەروەها ئیسپانیاش دوایی كەوتنی ئەندەلوس و دەركردن و كوشتنی موسڵمانان شارەكانی ئەو وڵاتە كە نمونەی جوانی وپاكی و بۆنی باخچەكانی بوو، بووبە پیشانگای زەبڵ وخاشاك تا ئەو رادەیەی پاككردنەوەی مەحاڵبووە. ئەمە رێژەیی تێڕوانین وبۆچوونی راست ودروست دەخاتەڕوو لەوەی ژیان و ژیاری لەنێوان كەندولەند و دۆڵ وشێواندا بووە و دەبێت.

بەڵام خاڵی وەرچەرخان لەگەڵ دۆزینەوەی میكرۆب لەساڵی 1800 . هاتەكایەوەو لەبەرواره بەو لاوە تەئكید لەخۆشوشتن كرایەوەو بۆنی گوڵاوە بەكارهێنراوەكان لەو كاتەدا بەس بوو بۆ داپۆشین و دەستبەسەرداگرتنی بۆنە ناخۆشەكان، بۆیە چەمكی بۆن بەپێ ئەولایەنە گۆڕا. ئەوە هۆكارێك بوو لەسەدەی هەژدەهەم و نۆزدەهەمدا بۆ سەرنجڕاكێشان و هێمای داهات و لایەنی كۆمەڵایەتی، بەتایبەتیش لەلایەن ئەوانەی كە تێچووەكەی لەئەستۆ بگرن لەهەر كوێیەك و لەهەر ساتێكدا جا لە پێست بدرێت یان لەكاتی خۆشوشتندا بەكاریان دەهێنا، دەكرێ بڵێین بۆن ببووە یەكێك لەپێداویستیەكانی گەشت.

لەسەدەی نۆزدەهەمدا شۆڕشێكی بەرفراوان لە جیهانی پیشەسازی بۆنەكاندا هاتەكایەوە، ئەمەش بەهۆكاری دۆزینەوەی تەكنیكی نوێ یارمەتیدەربوو لەپیشەسازی مادەی وەكو ( فانیلین) ی دەستكرد. رۆڵی هەبوو لەدابەزاندنی نرخی بۆنەكان وبتواندرێت زۆرینە بەكاریبهێنێت. بەو واتایەی پسپۆرانی بواری پیشەسازی بۆن، سەركەوتوو بوون لەداهێنانی بۆنی دەستكرد و لاسایكەرەوەی بۆنی سروشت بێت كە دەرهێنانی لەسەرچاوە سروشتیەكاندا تێچوی زۆری پێویستبوو لەوانە (گولی مێلاق- شلێری دوڵی).

بەم شێوەیە بۆنەکان پێشەنگییان بەدەستهێنایەوە، هەمووان توانیان بەکاری بهێنن، بۆ نموونە بۆنێکی وەکو(جیکی– Jicky )یەکەمین بۆنە لەجیهاندا لەمادەی دەستکرد دروستکرابێت، دەکرێ بڵێین ئەو بۆنە دەستپێکی رێگە جیاوازەکانی سەرهەڵدانی بۆن بێت، کە زۆرینە لەسەرتاسەری جیهان چێژی لێوەربگرێت.

لەسەردەمی نوێشدا(سەدەی 20) نەخشەسازانی جلوبەرگ لەپاڵ کارەکانیاندا دەستیان کرد بەبەبازارکردنی کۆمەڵە تایبەتەکانیان لە بۆن. دەکرێ کەسی بەناوبانگ ببێنرێتەوە لەوەی خاوەن نیشانەو هێمای بازرگانی تایبەتی خۆیان بوونە و هەوڵیانداوە برەو بەبۆنەکەیان بدەن لەوانە کوکو شانیل. هەروەها هەندێ لەبۆنەکان بەناوی ئەستێرە و هونەرمەند و ئەکتەرەکانن. سلڤادور دالی نەخشەسازی شوشەی بۆنی کردووەو هەندێك کەس وەکو نمونەی هونەری هەڵیانگرتووەو پاراستوویانە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە لە جیهانی بۆندا؛ بۆنەکان هاوشێوەی رووەك و باڵندەکان لەنێوان کیشوەرەکاندا کۆچدەکەن ، بەناوبانگترین گوڵە کۆچەری گوڵی ( فانیلا یان اورکیدە )یە. کەواتە دەکرێ جارێکی بڵێینەوە بۆن پەنجە مۆری تاکە و بێ بۆن ناژیەت.

### 3. تەوەری یەکەم: جەدەلیەتی بۆن لەرووی فەلسەفی و دەروونییەوە.

کێشمە کێشمی دووبەرەیی (ئەزمونگەر-بوونەگەرایی و میسالییەکان) لەبەرانبەر هەستەکان وعەقڵدا، بابەتی نەپساوە و بینەوبەرەی فەیلەسوف و رووناکبیر و دەروونناسان بووە بەدرێژایی مێژوو، لەوەی کامیان بنیاتنەر و دروستکەر و پاڵنەری مرۆڤایتین، لەبوارەکانی مەعریفە و پرۆسەی ژیاری وسەرجەم کایەکانی کۆمەڵدا. بەڵام کاتێك باسەکەمان دەبێتە باسی بۆن و گوڵاو و هەستی بۆنکردن، لەگەڵ ئەوەی باسوخوازی بابەتێکی نەرم و ناسك دێتەگۆڕی، لەگەڵ ئەوەشدا رووبەڕووی مشتومڕی قورستر و قوڵتردەبینەوە، لەلایەك لەنێوان میسالیەت و وجودییەت، لەلایەکی دیکەش خودی بابەتەکە لەتێڕوانین و بۆچوونی هەر یەك لەو بەرانەدا بۆ بابەتی بۆن جیاوازە.

میسالییەکان بیرو بۆچوونیان بەگشتی سەبارەت بەهەستەکان و بەتایبەتیش بەهەستی بۆن و ئەو روانگانە هەبووە. فیساگۆرسیەکان بەهەموو شێوەیەك هەستیان رەتکردۆتەوەو تەئکیدیان لە ئاین و زانست کردۆتەوەو (هەوڵی کوشتنی سۆز و ئارەزووبازی جەستەیی کردووەو یارمەتی عەقڵیان داوە لەئاسمانی لێکوڵینەوەو بەدواداچوونی تیۆری بفڕێت.)( حیدر: بدون سنة الطبع: 4).بەواتایەی پێداگیری لەسەر پاككردنەوەی جەستە لەبۆنی بۆگەنی و سەرکوتکردنی هەست و ئارەزووبازیی و پەروەردەکردنی تاك بەزانست ز انیاریبوو.

کەچی سوقراتی مامۆستای میسالیەت تێڕوانینی دەربارەی بۆن و هەستی بۆنکردن بەم شێوەیە کورتکردۆتەوەو دەڵێت: (بۆن رەنگدانەوەی باری کۆمەڵایەتی و چینایەتی تاکە، بەو واتایەی بۆن لەو پێچو پەنایە بەها و دەلالەتی زانیاری لەخۆ دەگرێت.)(فرون: 2010: 15). چونکە بۆن لەو سەردەمەدا تەنیا چینی خواوەندەکان و دەسەڵاتدار و خاوەن نازناوەکانی کۆمەڵ، کە لەخوشگوزەرانی ژیارییان کردووە بەکاریان هێناوە، بۆیە دەکرێ بڵێین ئەم بابەتە تایبەت بووە بەو چینە، کە بەشێك لە ئەتەکێت و کەسایەتی ئەوانی دەخستەڕوو.

لەکاتێکدا ئەفلاتون جەخت لەچاکە وچاکەخوازی و ئەو بابەتانەی رۆڵیان لەپێگەیشتنی (زانست، موزیك، ئەندازە، ماتماتیك)هەیە، کردۆتەوە. بەبۆچوونی ئەو عەقڵ ئاراستەکەرەو و دەبێت وریابین لەجەستەو دەروون، وە خۆیان لەبۆن بەدووربگرن. بۆیە (شاڵاوێکی پەرشو بڵاوی کردە سەر بۆن، بەبۆچوونی ئەو بۆن؛ کەلوپەلی نێرەموکی و چێژی جەستەیە، لەو کاتەیشدا بەکارهێنانی بۆن و گوڵاو تەنیا تایبەت بوو بە لەشفرۆشەکان ... بۆیە ئەم هەستەیان لەوپەڕی ریزبەندی نزمی هەستەکان هەژمارکرد، چونکە هەستێکی کاریگەری ئارەزوو بازی و هەوەسبازی و وروژێنەرەو رێچکەیەکی ئاژەڵی لەخۆدەگرێت.)(هەمان سەرچاوە: 2010: 14، 15، 23).

ئەرستۆ بەپێچەوانەی مامۆستاکەی کاری هەست و عەقڵی بەیەکەوە لکاندوەو روونی کردۆتەوە، کەوا بەبێ هەستەکان ناتوانرێت تێبگەین یان فێربین. بەبۆچوونی ئەو: بێبەری بوون لەهەستێك بێبەری بوونە لە زانیاری پەیوەستدار بەم هەستە. کاری عەقڵیش وەستاوە لەسەر هێزی هەست و هێزی خەیاڵاوی.)(library.tebyant.net). رەنگە یان دەشێت ئەرستو هەوڵیدابێت هەڵوێستێکی هاوسەنگ لەنێوان بوونگەرا زێدەڕۆیەکان و عەقڵانییە زێدەڕۆیەکان بکات. جگە لەوەی هەستەکانی بە بەشێك لەدەروون داناوە، سەرەڕای عەقڵیش، دەروونی ناساند لەوەی دەروون ئەوەیە؛ کە پێ دەژین و هەستدەکەین و گواستنەوەی لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکەی پێ ئەنجامدەدەین. کەواتە گرنگی ئەرستۆ لەوەدایە، جگە لەهاوسەنگی نێوان دژەکان هەروەها رۆڵی دەروونیشی خستۆتەڕوو، و درێژەپێدەری ئەو هاوسەنگیەشی خستۆتەڕوو، کەواتە بێنەوبەردەی بۆن، لەنێوان مامۆستا و قوتابی یا شاگردەکەیدا بیرو بۆچوونی جیاوازی لێهاتۆتەکایەوە هەرچەندە هاو قۆناغن لەهێندی کاتدا، ئەوەیش جوانی و قوڵی و گرنگی خودی بۆن دەخاتەڕوو، کە چۆن لێیان ڕوانیبووە.

سەبارەت بەبۆچوونی قوتابخانەی ئیشراقی لەوانە: فارابی و ئیبن سینا ...هتد. کۆکن لەسەر هاوکێشەی عەقڵ و هەست کە تەواوکەری یەکترین لەهاوسەنگ راگرتنی تاکد، تاوەکو بەشێوەیەکی ئاسایی ژیان بەرێوەبچێت و ژیاری بکەن.

بەبۆچوونی فارابی (مروڤ لە پێنج هێز پێکدێت، هێزی خۆراك، هەست، خەیاڵ، عەقڵ و ئارەزوو-خولیا. مروڤ بەهۆی خۆراکەوە گەشەدەکات، بەڵام هەست و خەیاڵ و عەقڵ پەیوەستن بەدرككردن و مەعریفە، خولیاش پەیوەستە بەئیرادە و ویستەوە. هێزی عەقڵ سەرەکییەو چوار هێزەکەی دیکە بەردەست و خزمەتکاری هێزی سەرەکین.)(mustansiriyah.edu.iq). ئەوە سەرداری وپێشەنگی و رابەرایەتی هێزی عەقڵ لەرووی ئەرك و کارەوە لەژیانی تاکدا دەخاتەروو، لەهەمان کاتیشدا تەئکید لە رۆڵی هەستەکان دەکاتەوە لەوەی (بەدەسهێنانی مەعریفە و زانینی مرۆڤ سەرەتا لەهەستەکانەوەیە و دەڵێت هیچ مەعریفەیەك بەبێ هەست بوونی نییە، بەڵکو رۆڵی یەکلاکەرەوەی لە بەدەسهێنانی مەعریفەدا هەیە، چونکە لەدەستدانی هەر هەستێك لەدەستدانی زانستێکە. ئەوەی بینین لەدەست بدات لەواتای رەنگ تێناگات، ئەوەی بۆن لەدەست بدات لەواتای بۆن تێناگات.)( هەمان سەرچاوەی پێشوو) شپرزەیی لەچێژیش بۆدروستدەبێت. ئەم جەختکردنەوەیە لەبیرۆکەی بەش و گشت، بە مەبەستی گەیشتنە بەحەقیقەت لای فارابی.

ئیبن سیناش تەئکیدی لەرۆڵی عەقڵ و گەیشتن بەراستی دەکاتەوەو دەڵێت: (سەرچاوەی مەعریفەی مرۆڤایەتی لێشاوی عەقڵی کارایە، گونجاو و پەسندەکان لێشاوی عەقڵی کاران، کە وێنەی کرۆکی داهێنانی گشتی کۆتایی پێدێت، لاشە و هەستەکانیش تەنیا هۆکاریکن، کە عەقڵ دەسازێنن بۆ پێشوازیکردن لەعەقڵی کارا، هەستەکان لای ئیبن سینا لاوەکین بە پێچەوانەی ئەرستۆ، کە دەڵێت پەسندکراوەکان لەهەستپێکراوەکان وەردەگیرێت.)( حیدر: بدون سنة الطبع: 38). کەواتە لەتێڕوانینی ئەودا عەقڵ باڵا دەستە و هەموو هێزەکانی دیکە لەژێر چاودێری ئەودان و فەرمان لەوەوە وەردەگرن و جێبەجێکارن.

سەبارەت بە ئیبن روشدیش، پەسندکراوەکان پەیوەستن بەئەزموونەوە. لە بەدیهێنانی پەسندکراوەکان بۆمان روونەبێتەوە، پەسندکراوەکان بە پێشەکییە ئەزموونیەکانەوە لواون، کەواتە بۆ بەدەستهێنانیان ناچارین سەرەتا هەستیان پێبکەین، دواتر خەیاڵ بکەین ئینجا دەتوانین گشت بەدەست بهێنین. بۆیە ئەوەی هەستێك لەهەستەکانی لە کیس چوو پەسندکراوێکی لە کیس چووە.(www.balagh.com). هەروەها بەبۆچوونی ئیبن روشد وجود و درکپێکردن جیاوازیان نییە، بەڵکو جیاوازی زۆر لەئەرکە نەفسیەکاندا هەیە. لەنێوان هەستەکان و خەیاڵ و ئەرکی عەقڵی باڵا(سامی).

گریمان لەلایەنی مەعریفیەوە خەیاڵ بەهەست تەواو بێت، بەو واتایەی خەیاڵ وجودی نییە ئەگەر وێنەی پێشینەی هەستی نەبێت، بەڵام کاتێك کارەکان پەیوەست دەبن بەهێزی عەقڵەوە، هێزی باڵا تەواونابێت بەبێ هێزی نزمتر لەخۆی

بۆ ئەوەی پرۆسەیەکی سەرتاسەری عەقڵی کارا بێتەکایەوە.

درێژەپێدەری زێدەڕۆیی ڕێچکەی عەقڵانیەت لەسەردەمی نوێدا، لەوانە: پێداگیری دیکارت لە ناوەڕۆك (جەوهەر)و عەقڵ هێندە قوڵە، تا ئەو رادەیەی کەدەڵێت: (ئەگەر پارچە مۆمێك بهینین، بۆنی گوڵەکانی لێدێت کە لێ دروستکراوەو هەروەها رەنگ و قەبارەکەی دیارە و سارد و رەقە، ئەگەر تیلێکی لێ بدەی دەنگی دێت، بەو واتایەی هەموو ئەو پێکهاتانەی تیایدایە کە جەستەیەکی پێ بناسینەوە، بەڵام سەرنجدە ئەگەر لە ئاگر نزیکی بکەینەوە چێژی لەدەستدەدات و بۆنەکەی بەهەڵم دەبێت و رەنگ و شێوەکەی دەگۆرێت و گەرم وشل دەبێت و قەبارەکەی زیاد دەکات.)(syr-res.com).

کەواتە کۆمەڵێك گۆڕانکاری لە هەموو رووەیەکەوە بەسەر مۆمەکە هاتووە لەرووی هەستەکان "بینین و بیستن و بەرکەوتن و چێژتن و بۆنکردن" کە( بۆیان گواستینەوە هەمووی گۆڕاوە. دەکرێ بڵێین جەستەیەکی دیکەیە و لەقاڵبێکی تردا دەرکەوتووەو قاڵبی ئیدراکە. ئەم تایبەتمەندیانە راستەوخۆ لەچوارچێوەی هەست و خەیاڵدا سەیر ناکرێت، بەڵکو لەچوارچێوەی عەقڵەوە لێ دەڕوانرێت و دەبێت دان بەوە دابنێین تەنیا عەقڵ درکی پێ دەکات.)(هەمان سەرچاوە). بۆیە تەئکید دەکاتەوەو لەوەوە دەپرسێت ( دەبێت وەڵام چی بێت، لەوەی شتێکە بیردەکاتەوە، واتە گومان دەکات، تێدەگات، وێنادەکات، نکوڵی دەکات، دەدوێت، رەتدەکاتەوە، خەیاڵ دەکات و هەستدەکات. ئەوەی هەموو ئەو شتانە دەکات دەبێت نەفسێك بێت واتە جەوهەرێکی رۆحی، کەبیرکردنەوە سیفەتیەتی.)( رایت: 2005: 98). ئەمەش پشت بەستنی عەقڵ لەبنیاتی مەعریفەو پرۆسەی زانست و بیر دەخاتەڕوو، تا چەند دیکارت جەختی لە عەقڵ کردۆتەوە کە تەوەری بزۆینەرە لەسەرتاسەری پرۆسەکەدا.

سپینوزایش هاوشێوەی دیکارت باوەڕی بە کرۆك-ناوەڕۆك هەیەو لەژێر رۆشنایی تایبەتمەندی جیاوازەوە لێ دەڕوانێت وئەنجامە بەناوبانگەکەشی کە دەڵێت: (زەینی مرۆڤ هاوتاییە لەگەڵ بیری جەستەی مرۆڤ ... هەر گۆڕانێك لەجەستەی مرۆڤ رووبدات هاوتای گۆڕانەکانی زەین دەبێت.)(m.annabaa.org).

بەو واتایەی باوەڕی بەتایبەتمەندی کرۆك-جەوهەر هەیە، کە هەمان تێڕوانینەکانی نموونەکەی دیکارتە کە ئاماژەمان پێکردووە.

لیبنتز درێژەپێدەری بۆچوونی فەیلەسووفانی پێشوو، بەڵام بەشێوەیەکی دیکە بیروبۆچوونەکانی خستۆتەڕوو. لای لیبینتز بیر سێ جۆر ناواخنی هەیە. ناوەڕۆکی هەستی روونە بەڵام پەسند و جیا نییە، چونکە ناتوانرێت لەرێی وێناکردنەوە بۆ یەکێکی دیکە بگوازرێتەوە، بەڵکو دەبێت بابەتی تاقیکردنەوەی راستەوخۆبێت، ئەم ناوەڕۆکانە دەرئەنجام و زانیاری هەستین. دووەمیان ناوەڕۆکی هەستی هاوبەش روون و پەسندە، چونکە دەتوانین لەشێوەی وێناکردن دابڕێژین نموونە ژمارە و شێوە، بۆ ئەوەی چاوی لێ بکەین و بیکەینە زانستێك، پێویستە پشت بەتێگەیشتن ببەستین کە هەستەکان ناتوانن پێشکەشی بکەن. سێیەمیان ناوەڕۆکی بیری پوخت و رووت و پەتی وەکو بیری (من) و وێنەی ( وجود) (یەکە) (جەوهەر) (وێکچوون) وێناکردنە بنچینەییەکان لەمەنتیق و ئەخلاق. ئەم وێنایانە وادەکەن زانست گونجاو و شیاو بێت، زانست لە تاقیکردنەوە نییە، لەگەڵ ئەوەی مەرجێکی گریمانەکەیەتی.)( Maurice: 1972: 27-28). کەواتە دەکرێ بڵێین دان بەو گریمانەی دادەنێت لەوەی مرۆڤ بە لەخۆوەییەوە بیری هەیە و هەستەکان رەتدەکاتەوە، چونکە هەستەکان لەگۆڕانکاری کاتین و رووبەڕووی هەڵەی دەکەن.

کەواتە دەکرێ بڵێین لەگەڵ ئەوەی ئاراستەی عەقڵانییەت، عەقڵ سەنگی مەحەکە، لەگەڵ ئەوەشدا رۆڵی هەستەکان بەلاوە نانێن و لەهەمان کاتیشدا پشتی پێ نابەستن. بەلای ئەوانەوە ئەو ئەزمون و تاقیکردنەوانەی لەرێی هەستەکانەوە دێتەکایەوە فریودەر و ڕاستگۆنین وە ئەوەمان بۆ دەخەنەڕوو، و نیشانمان دەدەن تەنیا رووی شتەکانەو راستی ناخەنەڕوو.

لەبەرانبەردا عەقڵانیەتدا، هیچ بیروبۆچوونێك هێندەی بیروبۆچوونی زانا و فەیلەسوفانی رێچکەی ئەزموونگەرایی و جودی توندڕەو نەبووە. لەوانە: لە تێڕوانینی کۆمەڵەی سەفستائییەکاندا (مرۆڤ پێوانەی هەموو شتێکە)( حیدر: بدون سنة الطبع: 8). ئەمە تێڕوانین و بۆچوونی رێژەیی پرۆتۆگورس دەخاتەڕوو

لەوەی (شتەكان بەنیسبەت تۆ، ئەوانەن كەلای تۆ وان. بەنیسبەت منیش ئەوەیە وەكو ئەوەی مەبەستمە. سەبارەت بە كەسێكیش راستی ئەوەیە كە هەستی پێدەكات.)(هەمان سەرچاوە: 7). واتە بنەمای مەعریفە دركردنی هەستیە و هەموو راستیەك لەرووی بەهاوە رێژەییە، بۆ نموونە تام و بۆنی خواردنێك بەلای كەسێكی نەخۆشەوە تاڵە یان بۆنی خۆش نییە، بەڵام بەلای كەسێكی ساغ پێچەوانەیە، واتە لەگەڵ چاكبوونەوەی هەستەكانی گۆرانی بەسەردێت، چونكە مرۆڤ لەرێی تایبەتمەندی و بنەما هەستی و تاقیكراوەكانەوە بڕیار لەسەر دیاردەكان دەدات.

ئەو تێروانین و بۆچوونانە لە دیدی فەیلەسوفانی ئەزمونگەرایی رەنگدەدەنەوە. بەبۆچوونی جۆن لوك كە دامەزرێنەری ئەزمونگەراییە. تاقیكردنەوە بەسەرچاوەی زانیارییە سەرەتاییەكان دادەنێت، چونكە (مەعریفەمان سەبارەت بەشتەكان لە هەست پێكراوەكانەوە دەستپێدەكات لەشێوەی؛ سیفەتە سەرەكییەكان وەكو: شێوە، پتەوی، جوڵە و كشان. سیفەتە لاوەكییەكان وەكو: رەنگ، بۆن، چێژتن و بەركەوتن. ئەوەی جێگەی سەرنجە سیفەتە لاوەكییەكان لەخودی شتەكاندا نین، بەڵكو لە هەستەكانماندا هەن؛ كاتێك درك بەسێوێك دەكەین، درك بە شێوە و توخم و پتەوی دەكەین (ئەمانە سیفەتی سەرەكین)، بەڵام رەنگ و بۆن و چێژ بوونیان لە لوت و زمان و دەست و چاو هەیە. بەڵگەش ئەوەیە كاتێك تووشی هەڵامەت ببین بۆن وتامی سێوەكە ناكەین بەو واتایەی سیفەتە لاوەكییەكان سیفەتی خودییە و سیفەتی بابەتی نین لەخودی شتەكاندا.)( رایت: 2005: 166-159).

ئەوەی جێگەی سەرنجە لای لوك؛ دابەشكردنی بیرە. بیری تێكەڵ، چالاكیەكی زەینی ئەرێنیە، ئەمە خۆی لەخۆیدا دانپیانانە لەوەی مرۆڤ بیری خودی ناوەكی هەیە و هیچ پەیوەندییەكی بەواقعی دەرەكییەوە نییە، بەڵام لوك باوەڕی بەبوونی واقع هەیە. دەكرێ بڵێین لەگەڵ ئەوەی ئەزمونگەرایە كەچی باوەڕی بەبیری تاك هەیە، بەو واتایەی خۆی لە خۆیدا جەدەلێكی فیكری لە ناخی خوددا هەیە و جێگەی رامانە.

سەبارەت بە باركلی بە بەڵگە بیرو بۆچوونەكانی دەخاتەڕوو، بەتایبەتیش وتە بەناوبانگەكەی كە دەڵێت: (بوونی شت ئەوەیە كە دركی پێبكرێت.)( هەمان سەرچاوە: 188). بەو واتایەی هەستەكان "بینین و بیستن و بۆن و بەركەوتن وچێژتن" (بابەتی بەشكراوی بواری دركپێكردنی هەستی وەرگرە، بۆ نموونە سێو پێكهاتووە لەرەنگ و بۆن و سیفەتی هەست پێكراوی تر، تێبینی دەكەی كە بەیەكەوە لكاون هەمان شت لەسەر كۆمەڵەیەكی دیكە لەبیرمان پەسند دەكەین لەوانە بەرد دار یاخود كورسییەك یان سێوێك لە ژوورێكدا دركی پێدەكرێت، بەڵام كاتێ كەسەكە ژوورەكە جێدەهێڵێت كورسییەكە بوونی نابێت، یاخود سێوەكە چ وەكو بۆن، شێوە بۆ ئەوەی بزانرێت ماوە دەبێت بگەڕێتەوە ژوورەكە.)(هەمان سەرچاو: 188) ئەم بیرۆكەیە دەكرێت بڵێین مەنتقییە چونكە ئەگەرجەوهەری مادە لە كات وشوێنێك هەبێت یان روودات، دەبێت درك بەهەستكردنی بكرێت.

دیفید هیومی وردەكاریش جەخت لە گرنگی و پێشینەی ئەزموون دەكاتەوەو دەڵێت: (هیچ شتێك یان بیرۆكەیەك لە زەین و عەقڵدا نایەتە دی، ئەگەر ئەزموونیك رێگەی بۆ خۆش نەكردبێت.)(m.facebook.com). بەو واتایەی پێداگیری لەسەر واقعێكی دەرەكی دەكات بۆ ئەوەی كاردانەوەی لەبەرانبەردا بێتەكایەوە، چونكە (نابینایەك ناتوانێت هیچ بیرۆیەكی لەسەر رووناكی هەبێت. ئەو هەستەی كە نیەتی، بەڵام تۆ بەكردنەوەی ئەم پەنجەرەیە لەبەرانبەر هەستەكانیدا پەنجەرەیكی دیكە لەبەرانبەر بیرۆكەكانی دەكەیتەوە، كە وێناكردنی كارێكی گران نابێت ... هەروەها دەڵێت هەستەكان تاكە هۆكارن بۆ مەعریفە، لەدەستدانی هەر هەستێك لەدەستدانی مەعریفەیە بەرانبەر ئەم هەستە.)(هەمان سەرچاوەی پێشوو). كەواتە مرۆڤ وێنا و خەیاڵی شتەكان دەكات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت رەنگ و بۆن و قەبارەی خۆی هەبێت، ئەگینا وێنای نزیكراوی دەست ناكەوێت.

هەروەها رۆسۆ و گۆتەیش (دانیان بە گرنگی پێشبینیكردن و كردە ولایەنی سۆزداری ناوە، تاوەكو لەبواری توێژینەوەی زانستیشدا، هەر بەمە نەوەستاون، بەڵكو ستایشی هەستی بۆنكردنیان كرد.)( فرون: 2010: 25). بەڵام ئەوەی پێویستە هەڵوەستەی لێ بكرێت لەو

سەردەمە لەرۆژئاودا باس و خوازی بۆن بەگوێرەی چین و کەسایەتییەکان دەگۆڕا، دەکرێ بڵێین ئەوان ببوونە دوو بەرە؛ بەرەیك ستایشی بۆنی دەکرد، بەرەیەکیش رەتیدەکردەوە چونکە بۆنیان لەلایەك بەهەستی سێکسی بەستووە و لەلایەکی دیکەشدا بەحاڵەتی ئاژەڵیان بەستووە، بەو واتایەی دەکرێ خۆشەویستی و قێزەونی بەدیبکەین.

بیروبۆچوونەکانی کوندیاك. لێکدانەوەو پێشخستنی سایکۆلۆژیای ئەزمونگەرایيەکانە. بەبۆچوونی ئەو: هەستەکان داهێنەری ئارەزووەکان و هێزە ناوەکیەکان و هۆشیاری ژیانی ناوەکی و هێزە دەروونیە جۆراوجۆرەکانن، لەوانە پاڵنەر و ئارەزووەکان لەدەرەوەی ئەزمووندا بوونیان نییە. هۆشیاری بیرخستنەوەیش ناتوانێت لە نەبوویەکەوە یان لەبۆشاییەوە بێتەکایەوە. هەر بیرێك، مەعریفەیك لەرێگەی هەستە تاقیکراوە و گواستراوەکانەوە هەڵدەهێنجرێت.)(philomalek.yolasite.com). دەبینین کوندیاك تەئکید دەکاتەوە لەوەی هەستەکان بنەمای سەرەکین بۆ هێنانە کایەو وەبەرهێنانی هەر هێزێکی دەروونی. بۆ نموونە* ئەگەر لەشوێنێك یەکەمین هەست هەستی پێ بکەین بۆنی گوڵێك بێت، دەروون لەو ساتەدا بۆنی گوڵەکەیە و شتێکی دیکە نییە، بەڵام ئەگەر دوو هەست هەست پێبکەین یان وەربگرین لەیەکاتدا، بەراورد و بڕیار لەنێوانیاندا دێتەکایەوە. بۆیە کاتێك لوك گریمانەی ژمارەیەك پەسندکراوی لەخۆیی دادەنا. کوندیاك لەپرۆسەی فکری باڵای دەڕوانی، کە هەریەکێك لەهەستەکان گۆڕانکاری لە سەرتاپای تاقیکرنەوەکادا دەبێت، بۆیە کوندیاك جیا لەجەستە باوەڕی بەبوونی دەروون هەیە، بەڵام ئێمە هیچ شتێك سەبارەت بەکرۆکی نازانین تەنیا هەستەکان دەناسین.*( رایت: 2005: 235). بە بۆچوونی ئەو ژیان تەنیا وابەستەی هەستە و سەرجەم کایە و ئاراستە و پرۆسەکان بەرێوەدەبات، لەو حاڵەتەدا دەکرێ بڵێین سەرجەم ئەزموونی مرۆڤایەتی تەنیا ئەزموونێکی کەڵەکەبووی بێبەش لە ئاراستە و ئەزموونی بیر و واتای زەینی دەبوو، و ئەم پرسیارەش دێتە کایەوە: بۆچی ئاژەڵەکانیش خاوەن پێگەو بنەمای مەعریفی خۆیان نەبوونە.

بەڵام کانت لەرێی سێینە بەناوبانگەکەی ( رەخنەی عەقڵی هەستی) ( رەخنەی عەقڵی وێنەیی) (رەخنەی بەهرەی بڕیار) توانی ڕووبەڕووی ئەو وێنایانە ببێتەوە، لەگەڵ ئەوەی (هەموو مەعریفەیەك بە ئەزموونی هەستی دەست پێدەکات، زەینی مرۆڤ توانای بڕیاری پێشینەی ئاوێتەیی هەیە، هەروەها رەوایی رەهایشی سەبارەت بەهەموو ئەزمونێکی مرۆڤایەتی داهاتوو هەیە.)( هەمان سەرچاوەی پێشوو: 260). بە واتایەی عەقڵ و هەست دووانەیەکی پەیوەندار و پەیوەستن بەیەکەوە و ناتواترێت لەیەکتر جیابکرێنەوە، بەڵکو هاوشێوەی هاوکێشەیەکی هاوسەنگ بوونیان بەیەکەوەیەو هەست و ئەزموونیش کەرەستەو و توخمی بیر و زەینە لەشێوەیەکی یەکگرتوویی ئاوێتە بوو ، و بەپێچەوانیشەوە.

سەبارەت بەدەروونش دەڵێت: (ئێمە دەروون ناناسین، تەنیا لە پەیوەندی بە بابەتی تاقیکراوە نەبێت.)( m.marefa.org). بۆنموونە ئەگەر بڵێین گوڵی شەوبۆ گوڵی کەتانە، لێرەدا مەبەستمان شیکردنەوەیە لەرووی ناوەڕۆك، بەڵام کەبڵێین هەموو گوڵە شەبۆیەك گوڵی کەتانە دەمانەوێت زانیاری زیاتر دەربارەی گوڵی کەتان بخەینەڕوو، کە پێشتر دەربارەی پێکهاتە و سروشت و بۆنیان ...هتد باس نەکراوە، کەواتە دەبێت پەنا بۆ تاقیکردنەوەو بەراورد ببردرێت بۆ ئەوەی بگەینە ئەو ئەنجامەی کە پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان هەستی بۆنکردن و بیرو زەینی مرۆڤدا هەیە ، چونکە مرۆڤ کاتێ هەناسە هەڵدەمژێت راستەوخۆ دەچێتە مێشك و دەمێنێتەوە لەو ساتە وەختەدا مرۆڤ ڕووبەڕووی دەروازەیەکی دیکە دەبێتەوە لەنێوان چێژ و خۆشیدا، ئەمەش لە یەکێك بۆ یەکێکی دیکە و لە ساتێك بۆ ساتێکی دیکە دەگۆرێت، واتا لەبەرانبەر بابەتێکی رێژەیدابن.

هیگلیش لەسێگۆشەی مەنتیق (وجود و ماهیەت و بیرکردنەوەی گشتگیر) هاوسەنگی نێوان هەست و عەقڵی خستۆتەڕوو، لەوەی * وجود ئاشکراکردنی راستی واقیعە لەوێنەی ڕووتەڵەکدا. لەکاتێکدا ماهیەت سروشتی ناواخنی بیرکردنەوە دەدۆزێتەوە لەوەی بەرهەمی پێچەوانەیە ، لەبیرکردنەوەی گشتگیردا رێکەوتنە لە جیاوازی یان دژیەکی کردن لەنێوان بوون و

ماهیەتداو، وە زاڵبوون بەسەر دژیەکەکان لە ئاوێتەیەکی باڵاتر. بۆ نموونە کاتێك سەیری بەردێك دەکرێت، لەرێی بیرکردنەوە دەزانین لە چ جۆرە توخمێك دروستبووە، جەوهەریش گوتەیەکە لە گوتەکانی ماهیەت، ئەوەی کە زیاتر لەناوەرۆکی بەردەکە رووتەڵەك بێت سیفەت و شێوەیەتی واتە ئەو واقیعەی دەکرێ پێوانە بکرێت، جگە لەوەی هەر شتێك پێوانە بکرێت دەبێت بەشی ناوازە تر لەرووی چەندییەتیەوە لەخۆی بگرێت، واتا بڕ یان قەبارە لەخۆی دەگرێت، هەر شتێکیش قەبارەی هەبێت دەبێت لە چۆنیەتی پێکهاتبێت. سەبارەت بە بیری گشتگیریش، لە پەیوەندی ئەندامی، گشت دەبینێت، لە وێنەی تاکایەتی تاکێك یان شتێك، لە نموونەی کەرتکراویشدا نموونە کەرتکراوەکە بەشێکە لە نموونە گشتییەکە، سوقرات نموونەی بەشکراوی (مرۆڤە) گشتیە. مرۆڤ رووتەڵەك نییە ، چونکە کەسانی وەکو سوقرات هەن، ئەو کەسانەش لەوەدا هەن، کەواتە پەیوەندی ئەندامیەتی لەنێوان گشت وتاکەکاندا بەشێوەی بڕیاری رووندەبێتەوەو پێشدەکەوێت و گریمانەی پێوانە دێتەکایەوە.

بە براوی هیگل پێوانە تەنیا ئامێرێکی دروستکراو نییە بۆ خستنەڕووی زانینی بەڵگەکان، بەڵکو واقیعە، رێکخستنی فیعلی بیرکردنەوەیە کە گەردوونی لێ هاتۆتەکایەوە.(رایت: 2005: 321-326). ئەم جەختکردنەوەیە هاوسەنگی فیکر و واقیعمان بۆ دەخاتەڕوو لەوەی هەریەکەیان بوونی لەنێو ئەوی ترداهەیە، ئەمەش ئەوەمان بۆ یەکلادەکاتەوە کەوا هەست و ئەزموون کەرەستەی مەعریفی عەقڵ و زەینن کە عەقڵ کاریان لەسەر دەکات تاوەکو وێنەیەکی یەکگرتوویان پێ ببەخشێت.

سەبارەت بەدەروونناسی هەروەك لەدرێژەی بابەتەکە ئاماژەمان پێکردووە، هاوتای زانستەکانی دیکە لەمنداڵدانی فەلسەفە لە بێدەنگی وشاراوەیی گەشەیکردووە و بەردەوام تێڕوانین و بۆچوونەکانیشی هەمان ئاراستە و رێچکە فەلسەفیەکان خاوەن رێچکە و بڕیاری خۆییووە. بەڵام سەبارەت بەفەلسەفەی نوێ لەدەروونناسیدا لەوانە: ئەدمۆند هوسرل دامەزرێنەر و رابەری (فەلسەفەی دیاردەی هەستی) جیاکردنەوەی رەهای نێوان هەست و عەقڵی رەتکردۆتەوەو بە بۆچوونی ئەو جیاکاری ئەگەر هەشبێت، تەنیا لەرووی تیورییەوەیە. بەبۆچوونی ئەوان هەستەکان و عەقڵ دەچنە نێو رێکخستنێکی گشتگیر و یەکگرتوو لەچوارچێوەی هەستی خودی زانراوەوە بەرانبەر بابەتێك. چونکە درکپێکردنی خود لە هەست و عەقڵ نییە، بەڵکو گشتی و هۆشییە بەگوێرەی ئالیاتی دەروونی لە ناوەوە بۆ دەرەوە. زاناکان گەیشتنە ئەو راستییەی پێکهاتەی مرۆڤ تەواوکەری یەکترە، بەشکردنی تەنیا لەرووی تیورییەوە کەباس لە ئەرك پێکهاتەو کارەکانیان دەکرێت،

قوتابخانەی گشتاڵتیش بە پێشرەوایەتی کۆفکا و کوهلر و فرتهاتمر هاوتای قوتابخانەی دیاردەی هەستی جیاکاری نێوان هەست و عەقڵی رەتکردۆتەوە، جەختیکردۆتەوە لەوەی دوو پرۆسەی تەواوکاری یەکترین لەدەروونی مرۆڤدا. مەعریفە و درکپێکردنیش بۆ خودی زانرا و بەخشینە دەروونی و هەستی و عەقڵی و هۆشەیەکان ناگەڕێنەوە، بەڵکو لەرێکخستنێکی گشتی درکپێکراو و مەعریفیداو لەگەڵ نەسقی گشتی دەرەکی و بەخشینی دیاردەی بابەتی خۆی دەنوێنێت. ئەمەش واتای ئەوەیە، جیهانی دەرەکی و بابەتی ئەو بەخششانە لەخۆیدەگرێت، کە مەعریفە ودرکپێکردن و تێگەیشتنمان پێکدەهێنێت. پرۆسەی درکپێکردنی وێنەیی دەرەکی بەگوێرەی یاساکانی گشتالتە و خودی نییە و دابەشکراویش نییە بۆ هەست و عەقڵ، بەڵکو درکپێکردنێکی گشتی یەکگرتووە.

لە سەردەمی فرۆیددا جارێکی دیکە بەشێوەیەکی کاتی لە نێوان ئەرێنی ونەرێنی لەسنوری ئەدەبیاتدا و دەروونناسی ...هتد باس و خوازی بۆن سەریهەڵدایەوە، بۆ نموونە فلوبیر (ئامۆژگاری یەکێك لەهاوڕییەکی دەکات، پێ دەڵێت لەوەی پیسایی لەپێڵاوی خەڵك بکە، لەپەنجەرەوە میز بکات، هەموو قسەیەکی نارێك بڵێ، تادەتوانیت قوماربکە، جگەرە بکێشە وەکو دوکەڵکێشی سۆپا، قرقینەی بەهێز بەرووی خەڵکدا بکە.)( فرون: 2010: 27). بەکورتی کاردانەوەو بۆنی قێزەونی لێ دێتەکایەوە. لەبواری دەروونناسیدا فرۆید لەگەڵ ئەوەی دۆزەرەوەی نەستە، کەچی (وایدەبینێت بۆنکردن زیاتر بەپیسایی و قۆناغی کۆم و بەقۆناغەکانی

گەشەی دەروونی بەستراوەتەوە.)( هەمان سەرچاوەی پێشوو: 26). ئەمە ڕێژەیی ئەم بابەتە دەخاتەڕوو لە ناجێگیری بڕیاردا. کەچی (فلیس) پسپۆری لوت وگوێی و قورگ، و هاودەمی فرۆید، بەپێچەوانەی فرۆید لەدیدی ئەودا بۆن بوونی خۆی هەبووە، تا ئەو ڕادەیەی گەشەی بە تیوری لووتداوە، کە ئاراستەیەکی سێکسی هەیە، بۆ نموونە: ڕەنگدانەوەیەکی هەستەوەری لەسەر بنەمای بەیەك بەستنەوەی بۆن و ئەندامەکانی زاوزێ هەیە. فلیس هەڵسا بەنەشتەرگەری بچوك لەنێو لووتی خانمان بەمەبستی سووککردنی کەمێك لە شڵەژانی دەروونی و جەستەییان. کۆکایین یەکێك بوو لەو دەرمانانەی بەنەخۆشەکانی دەدا.)( هەمان سەرچاوەی پێشوو: 26). کەواتە دەکرێ بڵێین لەکۆی ئەم بۆچوونانەی خراوەتەڕوو، و ئاماژەی پێکراوە، ئەم بابەتە لەجەدەل و گۆڕانێکی بەردەوامی ئەزموون و بۆچوونی فەیلەسوف و توێژەراندایە. بەڵام کانت توانی سەرەداوی تێڕوانینێکی نوێ بێنێتەکایەوە، کەوا چەمکی درکپێکردن و مەعریفە بەشێوەیەکی زانستی و مەعریفی و دەروونی کارەکی لەیەکتر نزیك بکاتەوە.

## 4. ڕەهەندی فەلسەفی لە ڕۆمانی نەتەوەی زێرابەکان و تابلۆکانی محمد اسماعیلدا

پنتی ڕامان و کێش و جۆر و پلە و پۆلین و شێوەوناوەڕۆکی هونەرە جوانەکان، ئەگەر لەکەرەستەی گوزارشتکردنیشدا جیاوازبن، بەڵام سەرجەمیان لەسەرچاو و هۆ و مەبەست و فەلسەفە و بنیات و پێکهاتەوە " گرێچن"، لەعەقڵ و هۆش و روح و دەروونی بکەرێکەوە و ئاراستەی هۆش و روح و دەروونی وەرگرێك دەبێتەوە و یەکدەگرنەوە. ئەرکەکەشی گواستنەوەو گەیاندن و ئاڵوگۆڕی بیرو بۆچوونە لەنێوان کارا و وەرگردا. کەواتە دەکرێ بڵێین ئەو کەرەستەی کە هونەرمەند یا نوسەر دەستی بۆ دەبات بۆ پێکانی بابەتەکەی جۆری هونەرەکە دیاری دەکات، تاچەند توانای داهێنانی هەیە لەم کارەی دەیهێنێتەکایەوە، جا پرۆسەکە؛ پرۆسەی نووسین، موزیك (ژەنین، گۆرانی...هتد)، شێوەکاری، بیناسازی، پەیکەرسازی و سەما بێت، بەو

واتایەی ئەوەی مەبەستمانە ئاماژەی پێ بکەین؛ پلەبەندی و هەڵکشان و داکشان و جۆرەکانی هونەر نییە، بەڵکو تێڕوانینی ئەم زاتانەیە بۆ بابەتەکان لەڕووی مشومڕ و فیکر و معرفە و ململانێ بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی.

سەبارەت بەڕۆمانی نەتەوەی زێرابەکان. ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە ڕەنگدانەوەی ژیانی واقیعی کۆمەڵە، بەڵام ڕۆماننووس بەشێواز و دیدێکی فەلسەفە و دەررونناسی وهونەری سەرکەوتووانە بابەتەکانی دارشتوە لەنێوان بێ ئومێدی و ئومێدەوە ڕووداوە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی ئاوێتەی یەکتریکردووە بەشێوەیەکی هونەرییانە گرێچنی چنیوەو لەدرێژی گێڕانەوەیدا ڕەوتی ڕووداوەکان دەگێرێتەوەو بەرەو پێشەوەی دەبات.

نوسەر بەشێوەیەکی ورد و ئاڵۆزیەکی سەرنجڕاکێش لەرێچکەیەکی زەنجیرەیی و بەبێ ناوهێنانی کاراکتەرەکان، تەنیا هێندی ناو نەبێت لەپاڵ ناوی پیشە و وەسفێکی زۆر کورت ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە. شوێنی ڕووداوەکان شاری بەغدایە، بەڵام نوسەر تەنیا لەدوو شوێن لە دووبارە کردنەوەی یەك رستەدا کە ( باوکی بە هاوڕێ پۆلیسەکەی دەڵێت زۆر باش بوو ئێستا ئاسوودە بووم. " ل12" و لەدواساتی ژیانی دایکی دەڵێت: عبدالقادر واز لە من بێنە، هاوڕێ پۆلیسەکەت باش دەزانێ من لەتەندوورەکەدا سووتاوم) لەسەرەتاکان و دوا ساتەکانی گێرانەوەی ڕۆمانەکە ئاماژەی پێکردووە. سەبارەت بەکاتی ڕۆمانەکە لەنێوان ساڵانی( 1912-2003) یە و کاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکانیش لەڕێی حیکایەخوانێکی کەمشتزان کە شەست ساڵێکی خایاندووە گێڕدراوەتەوە، ئەمەش لەڕێی دەستەواژەیەك دەکرێ دیاری بکەین کە حیکاتەتخوان باس لەتەمەنی کاراکتەر دەکات کە مێرمنداڵە. ئەمانە وردی نوسەر لەچۆنیەتی چنینی گرێچنی ڕووداوەکان و کێشکردنی وەرگر بۆ نێو دەقەکەو بەدواداچوونی لەدەستپێکێکی کورت و وروژێنەر، کە راستەوخۆ دەچێتە نێو کرۆکی بابەتێکی قوڵ و کۆتاییەکی کراوە.

لەو کاتەی (عبدالقادر سوڵتان الکاتب)باوکی کاراکتەری سەرەکی ( بێ ناوەو مێرمنداڵێکە) ژنی دووەمی هێناوەو دەیهێنێتە ماڵەوەو دایکی

دوایی هەفتەیەك دەبردرێتەوە بێ ئەوەی ئاماژەی پێ بکرێت کێ دەیباتەوە، هەر ئەو ڕۆژەش باوکی کوڕەکەی دەردەکات. هیوای گەیشتنەوەی بەدایکی لای چەکەرە دەبێت، بەڵام کاتێك دەگاتە ئەو شوێنەی دایکی لێیە، دایکی لەڕووداوێکی ئاگرکەوتنەوەی شاراوە و نادیار سوتاوەو ئاماژەی پێ ناکرێتەوە، تاوەکو لەکۆتایی ڕۆمانەکە دایکی و باوکی لەدوا ساتی ژیانیان بەیەك دەگەنەوەو باوکی هەواڵی کوڕەکەی لێدەپرسێت بۆ ئەوەی بیدۆزێتەوە ، بەڵام بێ سەروسۆراغ دەمێنێتەوە؛ لەکاتێکدا لەژێرابەکان هاونیشتمانبوونە لەگەڵ دایکی، کەچی دایکی نەیزانیوە ئەو کوڕە کوڕی خۆیبووەو نەیناسیوەتەوە، بۆیە لەوێوە ( دەرکردن ودەستبەرداربوونی باوکی) سەرگەردانی کاراکتەر، کە ساڵانێك دەبێتە شاگردو دواتر بۆ ماوەیەك دەکەوێتە سکرابخانەکەی شێخ عومەر و هاوشانی کاراکتەرەکانی دیکە بێ ناسنامەیی و بەتارمایی بوونی دەست پێ دەکات، تاوەکو بڕیاری ئازادبوون دەدەن و ڕەودەکەن بەرەو ژێرابەکان دەخزن. ئەو شوێنەی کە سنور و بەرژەوەندی و ڕەگەز و ڕەگەزپەرستی و چین وتوێژ دەسردرێتەوەو هەموویان هاوتای یەکترن، جگە لە (سەردەمی جەنگی بیابان) نەتەوەی ژێرابەکان دابەش دەبن، بەڵام ئەو بڕیار دەدات لەشوێنی خۆی (ژێرابەکان) بمێنێتەوە.

لەپاڵ ڕووداوە کۆمەڵایەتیەکاندا نووسەر ئاماژەی بە ڕووداوە سیاسیە یەك بەدوایەکەکانی عێراق کردووە، لەشەڕی نێوان عێراق و ئێران تاوەکو کەوتنی بەغداد. سەرکەوتووانە پانۆرامایەکی واقیعی چڕی تاکی ئەو سەردەمەی لەنێوان بێ هیوای ئەوان و هیوای ئەماندا گێڕاوەتەوە، بەو واتایەی نووسەر لەڕوانگەی واتای ژیان؛ ڕۆڵی چەمکە فیکری و مەعریفی و فەلسەفی و بوون و ئاین و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و خۆشی و وشیاری و سەرگەردانی و ئومێد ...هتد. هەروەها دۆزینەوەی سیاق و چۆنیەتی ژیان کردن، جگە لەپێشنیاز و پێشبینی و بەرەودان لەپێناو پاراستنی بوون دەخاتەڕوو. کەواتە دەکرێ وبڵێین سەبارەت بەچۆنیەتی کاری نووسەر: ( وەرگرتنی ئەو چنینەیە کە دەیچنێتەوە " گوڵێك لەوێ و خونچەیەك لەوێ" تاوەکو دەیکات بە تێکەڵە یان چنراوێکی ڕۆشنبیری، ئەدەبێکی ئاوێتەی نوێی لێ دێنێتەکایەوە، کە هەموو بەشە ڕنراوەکانی سەرجەم زانست و زانیاریی و ڕۆشنبیرییە مرۆڤایەتییە کۆن و نوێیەکان ئاوێتەی یەکتری بوونە. ئەو بەشانە لەگەڵ کەسایەتی ڕۆشنبیری نووسەر کارلێك دەکەن و گەشە و کرانەوەی ناوەکی زیاتر دەکەن، بەرهەمێکی بەپیت و قووڵ بێ پچڕانی لێ دێتەکایەوە، هەروەها بەبێ هەڵبژاردنێکی هەستی بۆ ڕەگەزێکی دیاریکراو لەزانستێك یان فەلسەفەیەك.)(أسعد: بدون سنة الطبع: 30).

دەبینین نووسەر دەسپێکی قوڵترین و تۆقێنەرترین دیدەکانی لە پچڕان و پەرەتەوازە بوون و لەدەستدانی پەیوەندی خێزانییەوە (بەرپرسیاریەتی-خۆشەویستی...هتد)، کە داینەمۆی کێشە کۆمەڵایەتیەکانە دەخاتەڕوو، لەوەی کاراکتەری سەرەکی لەدایکی جیادەکرێتەوەو شەڕی دەستەویەخەو بێ کۆتایی ئەو سەرهەڵدەدات کە دەڵێت: (ئاخر ئێوە نازانن بەبێ دایك چوونە ناو شەڕی ژیانەوە چەند سەختە)( ل 8) ئەمە چەمکی نەمری فەلسەفەی دایك دەخاتەڕوو لەوەی پەناگە و خۆڕاگری و قەدەر و نیشتمانە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە بیرومەند و فەیلەسوفەکان وتووێژ و گفتوگۆ و مشتومڕیان سەبارەت بە (گوتەی دایك وەکو مەسەلەیەکی فەلسەفی نەکردووە شایانی گفتوگۆ و تاتوێی بێت، یاخود دایك نیشانەی پرسیارە زیاتر لەوەی بابەتێك بێت، جگە لەوەی ئامادەبوونی دیار و بەڵگە نەویستی لەناخ و بیرکردنەوەمان نیشتەجێیە و پێویست بەسەرنجدان و لێوردبوونەوەی ئاڵۆز ناکات. دانپیانان بەئامادەبیە گەرموگوڕیەکەی بێبەری نەبوونیەتی لەدەلالەتی قوڵی فەلسەفی.)( www.almothaqaf.com ). بەو واتایەی باس نەکردنی لەو ڕوانگەوەیدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەوا لەبابەتی لێکچواندندا زۆر بابەتی زانستی یان هونەری یان مرۆڤایەتی بێت لەکۆی گشتی بەدایك دەچوێنرێت ( بابەتەکە کرۆك یان بزوێنەری سەرەکی بێت).

کاراکتەر لەباسی گێڕانەوەی بێ هیوایی و خەمی تەنیایی دایکی دەڵێت: (ئەو ڕۆژەی بابم ژنێکی تازەی هێنایەوە ماڵێ داکم دوو ڕۆژبوو کراسێکی ڕەشی لەبەرکردبوو. ئەویش کراسێکی

سووری ئاودامانی لووسی لەبەربوو... ئەوان چوونە ژووریَ بیَ ئەوەی ئاوڕێك لەدایكم بدەنەوە، یان نیگایەكی من بكەن... داكم توند منی لەباوەشی كرد و لێوەكانی وەك گوێزی هیندییان پێوەكرابیَ وشك بوون ە سپی سپی هەڵگەران، بەڵام بۆ من شیرین شیرین بوون.)( ل8). رەشبینی و بێدەنگی و بیَ ئومێدی دایكی لەژیان لەلایەك و لەلایەكی دیكە خۆشەویستی كەسە ئازیزەكان دەردەخات، كەسەكان هەرچۆنێك بن لەچاوی ئەواندا جوانن، نازدارن چونكە روح و خۆشەویستی و یەكگرتوویی كۆیان دەكاتەوە، نەك جوان بن بۆ ئەوەی خۆشەویست بن.

بۆیە كاتێك باس لەبردنەوەی دایكی دەكات، ئاماژەی پێنەكراوە لەلایەن كیَ دەبردرێتەوە دەڵێت: (من دیسانەوە لە لێواری خەودا هەستم بە لێوە وشك و هەناسە گەرمەكانی دایكم كرد لەسەر روومەتم، لەلێواری ئاگاییدا دایكم نووشتەیەك كە بۆن مێخەكی لێدەهات لەملی كردم و گوتی:( - قورئانەكە ئاگاداری بە)(ل9). نوسەر سەرچاوەی گرێچنی رۆمانەكەی لەسەرگەردانی و نەهامەتیەكانی كاراكتەری سەرەكی رۆمانەكە لەو چەمكە دەهێنێتەكایەوە كەدایكی بەخوای دەسپێرێتەوە لەوەی بەخششی ئەوەو دیداتەوە ئەو، كە لەرێی بۆنی مێخەكەوە قورئان و دایكی بەیەكەوە بەستۆتەوە كە دەڵێت: (رۆیشت و منی بە قورئانەكە سپارد. سپاردنێك وەك دڵم، تەواو وەك دەستی مردوو سارد سارد. سەنگەرەكانم بەسەریەكدا تەپین و چەكەكانم توانەوە.)(ل9).لێرەدا بنەما و پێكهاتەی خێزانمان لەنێوان یەكانگیری یان پەرتەوازەیی باوانمان بۆ رووندەبێتەوە لەرووی دەسەڵات و چاودێری و پشتگیری و گرنگیپێدانی خێزان یاخود تەنیا وشەیەكە و گۆدەكرێت و هیچ پەیوەندییەكی روحی بەیەكەوەیان نابەستێتەوەو هاوشێوەی دەوڵەتێكی بیَ حكومەتیان لێدێت و داگیركردن و فەوتان و سڕینەوەیان ئاسان و مسۆگەردەبێت، ئەمەش لەو گفتوگۆیە رووندەبێتەوە دەڵێت: ( بابم دەستی چەپی منی لەبن باڵمەوە گرت، بۆ یەكەمجار زانیم دەستەكانی چەند زبر و قورسن، رایكێشام تا لای دەرگاكە بردمی و بەهەموو هێزی زلەیەكی لە رووومەتمدا و فڕێیدامە دەریَ و گوتی:

-برۆ دوایی دایكە روو رەشەكەت كەوە)(ل10).

دەركردنی ئومێدێكە تاوەكو بگاتەوە باوەشی دایكی، كە لەوپەڕی شار لەگەڵ نانەوایەك دەژیەت (چۆنیەتی ئەو ژیارییە بەهیچ شێوەیك باسنەكراوەو ناكرێت چۆن گەیشتۆتە ئەویَ ). كەواتە دەكریَ بڵێین كاراكتەر لەهاوكێشەی چوونە پاڵ یەكلادەبێتەوەو نابێتە بارمتە، لەم بارەیەوە ریجیس دوبریە دەڵێت: (كردنەوەی چوونەپاڵ = كارێكی سەخت، سەركێش و رەخنەیەكی خودی و رەخنەیەكی بەردەوامی ناهاوسەنگە بۆ بارمتەكردن، هاوەڵە بەوشیاری و خویەكی پێوست بۆ بارمتەكردن. ئەو وشیارییە مەرج و پێویست نییە دڵتەزێن و جەرگ بڕبێت " بەڵكو دەوستێتە سەر نموونەی، لەوەی رێژەییە - مێژوویە یان ئەنثرۆپۆلۆژییە - رەهایە،)(دوبریە:1977: 35) بەو واتایەی كاراكتەر لەئاست هەڵویستی باوكی لە بێبەریبوونی یەكلادەبێتەوەو بڕیاردەدات؛ جێبهێڵێت و بڕوات، بەڵام كاتێك دەگاتە ئەو پەڕی شار بەسەر رووداوی ئاگر كەوتنەوەی دوكانی نانەواكە دەچێت، خەڵكێكی زۆر كۆبوونەتەوە، لەم بارەیەوە لەرێی گفتوگۆیەكەوە بۆمان دەگێڕێتەوەو دەڵێت: (بابم بە كۆنە پۆلیسیكی هاوڕێی دەگوت:

- زۆر باش بوو ئاسوودە بووم

-با بڕۆین ئیشمان لێرە نەما

خەڵكەكە، هەموویان، بەدوایی كەسێكی دیكەدا دەگەران كەسی دییان نەدۆزییەوەو منیش بۆنی گۆشتی سووتاوی دایكم نەكرد... گوێم لێبوو خەڵكەكە گوتیان

- ئەو هەر دوو چڵ ئێسقان بوو، فڕێیان داوەتە ناو تەندورەكە، بۆیە دیار نەماوە.)(ل 12-13). لە تەمەنێكی بچوك و چاوچووقانێكدا

نامۆ و ووندەبێت و جارێكی دیكە تەنانەت بۆنی دایكی لە خەویشدا ناكاتەوەو هەست بە بۆنی تەنیایی و دابڕان دەكات، رووبەڕووی ئاستەنگ و كێشەكانی ژیان دەبێتەوە، كە بیَ نیشتمان و ماڵیكەو گەشتی تەنیایی و وێڵبوونی دەستپێدەكات، بۆیە دەڵێت: (نیشتمانی من سندوقێكی تەنەكە بووهەمیشە بەرێوەبوو بیَ ئەوەی بۆ چریەك منی بیربچێت.ئەگجۆز و دوكەڵەكانیان لەبەفر و سەرما دەیانپارستم، خۆشەویستی كوشن و پێشوازی بیَ بەرانبەری

دەسكی دەرگا ئاسنەكانی هەمیشە و بێ بەرانبەر دەیان گرتمەخۆیان.)(ل27-28).

بەردەوام لە گواستنەوەو ئالوگۆڕی نێوان شۆفێرەكان و ڕۆیشتنەو ناگات بەشوێنێك (ماڵێك و لەباوەشێكی گەرم و پڕسۆز و خۆشەویستی بۆنی خێزان بحەسێتەوەو ئاسوودەبێت. لەو بارەیەوە دەڵێت: ( لەو ساڵانەدا هەرگیز خواردنێكی تازەم نەخوارد، هەرگیز بۆنی برژانی هیچم نەكرد. هەمیشە دەستم بە گریس بوو، جلەكانم هەر هەموو گازوایل بوون، ئاوم دەكردە ناو رادێتەرە گەرمەكانەوە و بۆنی جاینی تواوەو ئاوی نەوتاوی لەقژ و برۆ و سەروچاوم دەئاڵا.)(ل26). لێرەدا كاراكتەر لە خۆ ونكردنی خود لە خودی خۆی و خۆهەڵخەڵەتانی لەنێو كات بەسەربردن بەكارەوە دەخاتەڕوو، تا ئەو رادەیەی بۆتە بەشێك لەشتەكان و بێناسنامە و بڕیارە، كە دەڵێت: (تا ئێستا هیچ شۆفێرێك نەبووە نەیەتەوە. دواكەوتوون بەكاتژمێرو رۆژ و دوو رۆژ... من چاوەڕێ بووم. وەك لۆریەكە چونكە من و لۆریەكە هەرگیز لەیەكتری جیانەبووین، یەك جەستە و یەك هەست و یەك عەقڵ بووین. بەڵام ئەوان هەر هاتوونەوە. هەرگیز ئێمەیان بیرنەچۆتەوە.)(ل34) واتا ئەو ئاشنایەتی لەگەڵ بێ گیانەكان بووە تاوەكو بوونەوەرەكان. ئەمە تێڕوانینەكانی سارتەرمان دەخاتەوە یاد، چۆن تاكەكان ملكەچی لاوازی و بێباوەڕی بەبۆچوون و دیدەكانی خۆیان دەبنەوەو لە بێنەوبەردەی هزر و دەوروبەریان چۆك دادەدەن و ئازادیان بە چەشنێك لە چەشنەكانی ئاراستە و ڕێكخستنی كۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و ڕۆشنبیری...هتد لەدەستدەدەن یان لە دەستداوە.

بۆیە لەو كاتەی لۆرییەكەیان پەكی دەكەوێت و بەراكێشان بەرەو شێخ عومەری دەبەن، شۆفێرەكە بۆ چەند كاتژمێرێك دەڕوات و ناگەڕێتەوە، كەچی ئەو بەهیوای گەڕانەوەی شۆفێرەكەیەتی و دەڵێت: (دەبێ هەر لەوێ بم بۆ ئەوەی كاتێك وەستاكەم دێتەوە ببینم و لەگەڵی بڕۆمەوە، بەڵام بۆ كوێ؟ بۆ ڕێگا بێ كۆتاییەكان، بۆ بیابان قەڵش بردوو، بۆ هەڵاتنی با و راكردنی عامودەكان. نا من وا بیرناكەمەوە، دەڕۆمەوە بۆ ماڵەكەم، ئەو ماڵەی هەمیشە لەسەفەردایە. ماڵە ئاوەدان و پڕ دەنگە دەنگ و پڕ بۆنەكەم.)(ل35). بەسەربردنی ژیان لەبازنەی داخراو و دووبارەبۆوەی لەسەفەرێكی نەگەیشتوو لەلایەك، نەبوونی ئیرادە لەپچڕانی ئەم سوڕە دووبارەبۆوەو درێژەپێدانی ژیانی لەنێو بۆنی گازوایل و نەوت و رادێتە گەواهی یەكلاكەرەوەی بێكەسی و تەنیایی ئەو دەكەنەوە بەتایبەتیش دوایی ئەوەی كۆتا شۆفێر ناگەڕێتەوەو وندەبێت و چۆنیەتی ژیان و ژیاریكردن لای ئەو هیچ واتایەكی نامێنێت. لەلایەكی دیكە دەڵێت: (من چ لەناو لۆریەكی گەڕۆك و پشتە لۆریەكی هەڵگەڕاوبم وەك یەكە. شوێنێك نییە هەرگیز بیگەمێ. شوێنێك نیە هەرگیز چاوەڕێم بێت. ماڵێك نیە دەرگای بۆ من كرابێتەوە. ڕێبوارێك نیە بەمنەوە پەیوەست بێت.)(ل48). ئەمە چەمكی نەهامەتی و هاوكێشەی باوان( دایك و باوك) و خێزانمان بۆ ڕووندەكاتەوە.

نیشتمان <—— باوان ——> ماڵ

دەوڵەت <—— خێزان ——> حكومەت

لەوەی شكۆ و متمانە و دەسەڵات و ئاسایش و سەروەری لەچوارچێوەی خێزان و باوانەوە دێتەكایەوە، بەڵام لەهەندێك حاڵەت و هەڵویست و باردا ئەوەی تاك لە بنەماڵەدا (خێزان) گوێی لێدەبێت هیچ هاوسەنگیەكی تێدا نابینێت، بەڵكو تەنیا قاوغێكی پوچە، چونكە خێزان خۆی لەخۆیدا دەوڵەتێكە لەم بارەیەوە ئەرستۆ دەڵێت: (تاوەكو یەكێتی ویەكانگیری دەوڵەت پتەو و لەبەرەودان بێت ئەمە بنەماكەی توندوتۆڵ و باشتر دەبێت.)(www.greelane.com). بە واتایەی بوون و هێز و دەسەڵاتی...هتد خێزان و ڕۆڵیان تاچەند هەماهەنگن و بەیەكەوە بەندن، ئەگینا پێچەوانەی ئەمانە هاوشێوەی كاراكتەر پەرەتەوازەیی و لاوازی و بێ دەسەڵاتی و نامۆبوونی لێدێتەكایەوە، بێ هیوا دەبێت لە چاوەڕوانیەكی لەدەستچوو دەخولێتەوەو بەرەو فەوتانی ناسنامە دەچێت كە دەڵێت: (شەوانە شێخ عومەر وڵاتی تاژی و سەگ و پشیلە بوو. سەربەست و كامەران لەناویدا دەسوڕانەوە. تەنها بەبۆنی من سەغڵەت بوون كە دیاربوو هێشتا بۆنی ئادەمیزادم لێدەهات.)(ل48). بەردەوام دەبێت و دەڵێت: (كە چاوم كرایەوە لەناو تاریكی شەقامی شێخ عومەر، مەبەستم تاریكی شەوانەی...هەستم كرد سەرەڕایی تاژیی و سەگی بەرەڵڵا وپشیلەی سەرسەری دەیان پیاو وژنی دیكە لەناو ئەو سكرابخانە گەورەیە دەژین

كە دڵی بەغدایە. دەبێ شێخ عومەر بەدڵی بەغدا بزانی نەك كۆشكە بەرزەكان...ئەو ژن و پیاوانە لەدڵی بەغدادا...شەوانە وەك تارمایی دێن و دەچن .)(ل49). بەو واتایەی (مرۆڤ كەسییەتی یەكەمینی ونبكات و ببێتە كەسێكی دەڵەمەنتر لە یەكەم.)( صلیبا: 1982: 1385).

كەواتە كاراكتەر ئەگەر لەسەفەرە نەبڕاوەو بەردەوامەكانی نێو لۆریەكان و تاوەكو گەیشتنی بە شێخ عومەر ماهیەتی خودی خۆی هاوشێوەی شت، ئامێر، كەلوپەل لێكدابێتەوە، ئەوا لەشێخ عومەردا ماهیەتی ئەم بوونەی لە خشۆك و پەرۆ كۆنەوە دواتر تارمایی بوون دەدۆزێتەوە كە دەڵێت: (ئێستا من خشپەی مشك لەجرج جیادەكەمەوە. یەكەم گۆڕانی من لە نازانم چییەوە بۆ تارمایی هەستكردن بوو بەخشپە. لێ وردبوونەوە بوو لو بەربوونەوەی چەند دەنكە خۆڵێك...ترپەی پێی جرجە گەورەكانی شێخ عومەر لەئەسپەوە نزیكترە تا گوجیلە سەگ)(ل54-55). بەو واتایەی هەستی بیستن و بۆنی هاوشێوەی ئاژەڵەكان چالاكە، تا ئەو رادەیەی لەچۆنیەتی رۆیشتندا هەستیان پێدەكات لەچ حاڵەتێكین كە دەڵێت: (دەنگی پێ دێت...ترپەی پێیەكی رووت، جیتەی پێ لەقوڕنان. پێیەكی رووت و ترساو لەرز لەناو قوڕەكە جیدێڵێ. ئەگەر بۆنی بەڵایەك بەدوای خۆی نەهێنێ نابێتە كێشە.)(ل55). كەواتە بێدەنگی كردویەتیە بیستەرێكی پسپۆر و شارەزایەكی لێهاتوو و متبوو كە رووبەڕوو بوونەوە بەلایەوە ئەو ئەهمیەتەی نەماوەو خۆی بەدەستەوە داوە.

بۆیە كە (ژنی كاغەز "بەسفوری و بە پێڵاوە پاژنە بەرزەكانیەوە" ) خۆی بە ماڵە تەنەكەكەیدا دەكات و لە لێواری پشتە لۆریەكە دادەنیشێت، داڵدەی دەدات و بۆ چەند ساتێك دەمێنێتەوە، بەڵام هیچ گفتوگۆ یان هۆكاری بوونی لەوێ ناپرسێت. دواتر یەكلادەبێتەوە خانمێكی هەڵاتووی دەستی رژێمە لەشانەی نهێنی كاریكردووە و بڵاوكراوەی حیزبی بڵاوكردۆتەوە، كە لەو گفتوگۆیە بۆی روونەبێتەوە كە دەڵێت: (- كوانێ خاوەنی ئەو پێڵاوانە كوانێ؟ هەر ئەویشە ئەو بەیانە بۆگەنانەشی لەناو ئێوە بڵاوكردۆتەوە.

لەگەڵ ئەو قسەیە چەند پارچە كاغەزێكیشی نیشاندەدەن.

**سەردەستەكەیان دەنڕێنێ:**

- ئێرە كارگەی فەسادە. بەیانەكان لێرە دەنوسرێن و بڵاودەكرێنەوە. ئەو دەڵێ:

- رووتەیەكی غەریب لێرە دەژی، هەر لەگەڵ ئەویش نوستووە.)(ل72).

ئەوەی جێگەی سەرنجە بۆ ئەم تەنیا ژنی سفورەو خاوەنی پێڵاوە پاژنە بەرزەكانە و بەس، هیچ رامان و بۆچوونێكی مەعریفی لەلای گەڵاڵە ناكات، بەڵكو بەلایەوە گرنگ نییە كێیەو چی مەرامێكە هەیە؟، چونكە ئەو دەمێكە سڕاوەتەوەو دەستەمۆی ئەو دەوروبەرە بووە كەتیایدا دەژیەت و ژیان هیچ بوون و بایەخێكی لەلای ئەو نەماوە. بەڵام كاتێك كە خانمی كاغەز دەدۆزرێتەوەو دەیكوژن دەڵێت: (دوای چەند و چەند، دوای رەوینەوەی هەورەكان و دەركەوتنی مانگ.رووناكی تەلیسمیی سیحری تارمایی دەشكێنێ و هێزی بینینی ناهێڵێ، بۆ خۆشی دەكەوێتە بەردەم هەڕەشەی بینین. هەموو سەرباز و چەك بەدەستەكان بەتوندی غاردەدەن... تەقە و بۆنی باروت، دەنگی تەقەی گوللە لەناو ئاسنەكاندا دەنگدەداتەوە، هاوارێك وەك مووس ئاسنە سكرابەكان و دڵی ئێمە و ویژدانی ئاسمان دەبڕێت.)(ل76) بەردەوام دەبێت و دەڵێت: (هەر هەموویان لەو شوێنەی دەنگی تەقەكان هات و بۆنی خوێنی رژاندە ناو هەوا... كەلێنی ئەو ئاسنە ژەنگاویانەی تەنها باران چێی دەزانێ، لەو شوێنەی سەرچاوەی بۆنەكە بوو وەستان...چەند هەنگاو دەهاتنە پێش ئەوەندەی دیكە تارمایی لە كونەكانیانەوە دەهاتنە دەرێ و تێكەڵیان دەبوون. ئەو بۆنە پەیامی ژوان و كۆبونەوەیان بوو. بەبێ ئەوەی كەس ئاگاداریان كاتەوە.)(ل79).

لە راستیەك یەكلابوونەوە ئەویش رەوكردنە، چونكە بوون و نەبوونیان لای زەمیینیەكان هاوكێشەیەكی هاوسەنگی رێژە نەگۆڕە. بەتایبەتیش كاتێك:( ئەو هاورەگەزەی ئێمە كەخۆی لە ئاشكراكردنی شوێنەكەی من بواردبوو. كاغەزەكەی لەدەستی دەرهێنا. ئەو پارچەیەی تلیسابۆوە بەدەستیەوەما، تارماییەكان یەكە یەكە كاغەزەكەیان خوێندەوە، بێدەنگ و كپ، لەو دەستەوە بۆ ئەو دەست. من تەنها یەك تاكە وشەم لێ بیستن، یەك وشە و بەس: نەتەوەی زێرابەكان.)(ل82). ئەمە بێ ئیرادەیی و

پەرەنەسێنێ کاراکتەرمان بۆ دەخاتەڕوو لە دەستەمۆیی رۆژگار و لەدەستدانی بوون وبەهای کەسی و مەعریفی کەسی و پێوانەکردنی کاروبارەکانی بەپێوانەی ئەوان، بەڵام بۆنی ئومێد لەداهاتوودا کاریگەری دەبێت لەسەر دابەشبوونیان، ئەمەش کرۆکی تارمایی دەخاتەڕوو لەوەی (نامەیەکی بیروڕا گۆڕینەوە لە نێرەرەوە بۆ داهاتوو، کە لەرووی عەقڵییەوە ئامادەنەبووە دەنێردرێت، دەبێتە هۆکاری شڵەژانێك لەڕێی بینراوێکی قۆرغکراو یان وێکچووێکی بینراو لەبوونەوەرێکی ئادەمی کە بەنێرەربچێت.)( m.ahewar.org ). کەواتە وەرگر زیاتر تامەزرۆی بەدواداچوونی رووداوەکان دەکات و نوسەریش لێهاتووانە بەسەلیقەیەکی زۆر ورد و قوڵ و سانا رووداوە سیاسیەکانی ئاوێتەی رووداوە کۆمەڵایەتیەکان دەکات.

بۆیە کە بڕیاری رەو دەدەن بێ هیچ (سێ و دوو) رامانێك دەخزێتە ناو ئاپورای تارماییەکان و زەوی زەمینیەکان جێ دەهێڵن و بەرەو زێرابەکان شۆڕدەبنەوە، دەڵێت: (لەشکری تارمایی خۆی و مرۆڤە تارماییەکان جمین، جرج و مشکەکان سەرقافڵەبوو...لەشکری تارمایی بەقورسی خۆڵەوە خۆی و دەنگێکی لەدوایی خۆی جێنەهێشت. جگە لەتەرمێك کە بۆ هەمیشە هەوای بەغدای بە خوێن ئالودە کرد.)(ل85) ئەو پرسیاری جێ سەرنجە ؟ ئایا رۆیشتن یان نەمانی کەسێك، کەسانێك مشتومڕی لێدەکەوێتەوە، بەتایبەتی لە قۆناغی کاڵبوونەوەدا بڕیاری ئازادبوون و دوورکەوتنەوە لە هەموو جەنجاڵی و بەرژەوەندی وجوانی و فیکر و کێشەیەك دەدەن و بەسەربەخۆیی بژین.. کەچی مێژووی نهێنی هەنبانە و هەگبەی مێژووی شار لەوێش دەستەویەخەیان دەبێتەوەو وازیان لێ ناهێنێت، بەڵکو مەلۆ مەلۆ لەوێ کەڵەکە بووە و پەیامەکانیان دەگەیەنێتە ئەوان، بۆیە دەکرێ بڵێین ئایا ئێمە تارماییین یان ئەوان؟ کە دەڵێت: ( ئێستا من بە تەنیا لە ناخی خۆمدا دان بەوەدا دەنێم کە لەو رایەدا زۆر هەڵە بووم و تەواو کورتبین بووم. ئەوەتا لەناو زێرابەکانەوە وێنەی ئەو گیانداره دوو پێ گەورانە روونتر دەبینین. زێرابەکانیان کردۆتە شوێنی فڕێدان و شاردنەوەی هەموو ئەو عەیب و عارانەی نایانەوێت دەرکەوێت... لێرەدا، لەو وڵاتە پڕ ئازادییەی ئێمەدا سەرۆك و بەردەست، پاڵەوان و بەزیو، ئاشتیخواز و درندە هەر هەموویان وەك یەك دەکەونە ناو گواوەوە وەك یەك دەکەونە بەردەممان. زۆر جاریش زێرابەکان بۆ ئەوان مێرگی مین و خیانەتە، بێگومان خیانەت لە ئێمە نا، لەخۆیان، لەیەکتری.)(ل103-104).

لەلایەك ئەمە بۆچوونەکانی سارترمان دەخاتەوە یاد کە دەڵێت: (مرۆڤ دەبێت خۆی بەهای خۆی بخولقێنێت و هەندێك لە بەهای کۆن بپەڕێنێت. ژیانی مرۆڤ وەکو باوەڕپێکراوێك دروستکراوی داهاتووە، وەکو چۆن جەستەکان لەبۆشاییەوە دروستبوونە، چونکە دانانی مرۆڤ لەجیهان سنورێك بۆ ئازادی دادەنێت، دەبێت بەپرۆژەیەك رووبەڕووی ببێتەوە، بێ ئەدەبییە مرۆڤ ئەم سروشتە رەتبکاتەوەو لەرابردوودا خاوبێتەوە.)(sotor.com ) لەلایەکی دیکە دیدی کاراکتەر دەخاتەروو، لە چەند زاراوەیەکدا باس لەململانێ فیکری و سیاسی و رۆشنبیری و مەعریفی شار دەکات، چۆن نەوە دوایی نەوەو قۆناغ بە قۆناغ بەردەوام کودەتا و راپەڕین و شۆڕش و جەنگ و جینۆساید هەیە. ئەمەش رووکاری رژێمی عەسکەرتاریەتی شارمان بۆ دەخاتەڕوو، کە لەو جۆرە رێکخستنانە هەرچەندە لەرووڵەتدا پێشکەوتوو دیارن، بەڵام لەناواخنی هەروەك ئاماژەمان پێکردووە مێرگی خیانەتە.

کاراکتەر باس لەرووداوەکانی لەناو بردنی ئەحمەد حەسەن بەکر و دارو دەستەکەی دەکات، لەپاڵ ئەوانیش شەڕی عێراق-ئێران ساڵی 1980-1988 و کوشتنی زیندانە سیاسیەکان لە چاڵنانی کتێب و گۆڤار و دەستنوسە سیاسیەکان و پرۆسەی ئەنفال و کیمیا باران کە دەڵێت: (هەر بەهۆی مەیتەکانەوە جۆری ژیانمان دەزانی، ئەوانەی بەگوللەی خۆماڵی کوژراون، برینەکانیان گەورەو فشە، ئەوانی دیکە گوللەکانیان ئاگردارە، ئەو کۆمەڵە بە چەکی تایبەت دابێژراون. ئەوانی دیکە دەرمانیان بەسەردا کراوە. ئیدی هەبوو تاقە برینێکی پیوە نەبوو، بەمل و مەچەکیانەوە دیاربوو کارەبا، کارەبا کاری خۆی کردبوو.)(ل110) خستنەڕووی وێرانەیی و بۆگەنبوونی وڵات لەو ئازادییە گواوی و بەربڵاو و بێ پلانی و بەرنامەیە دەکات، لەئاشتیخوازیەکی قۆرەغکراو

و پەروەردەیەكی ناكام و ڕۆشنبیرییەكی لەبارچوو، لەوەی بەدواداچوون و بەرپرسیاریەتی نییە كە دەڵێت: (لوولاكی ئەو تارماییە شاعیرە باریكانە لەنەشرە و فایلی ئەو قوتابیانە بوو، جارێ بەدیواری قوتابخانەكانەوە هەڵنەواسرابوون، بەڵكو هەر بە لوولكراوی لەدەست منداڵەكان وەرگیرابوون و ڕاست فڕێدرابوونە ناو بیرە گوی سەرەكی گەڕەكەوە.)(ل114). دەكرێ بڵێین نەبوونی فەلسەفەی دەوڵەت شار دەخاتە بەردەم ناجێگیری و ناتوكمەیی و پەرتەوازەیی پەروەردەو مەعریفەو نادیاری ئاراستەی وڵات، چونكە فەلسەفەی پەروەردە ژێرخانی بنیاتی خێزان و كۆمەڵ و دەوڵەت و حكومەتە، كە كاراكتەر و ئەوان لە زوویكەوە لەدەستیانداوە و لەژیان رادەكەن، ئەمە بە واتای خۆكوشتن نایەت چونكە خۆكوشتن دەبێتە حەسانەوەو ئەم بڕیارەش نادات، بەڵكو هەڵاتنی فیكری و مەعریفی و گۆشەگیری و تەنیایی و دوورە پەرێزییە لە دەوروبەرو ژیاریدا.

بۆیە هەر پێش هاتێك یان ڕووداوێك یان ململانێیەك لەژیانی دێتەكایەوە هەر خۆی لەتارمایی دەدۆزێتەوەو لەگەڵ كۆمەڵ و ژیان ئاشت نابێتەوە. ئەم حاڵەتی پێداگیریەی لە دوورە پەرێزی زیاتر قوڵ و بارگرانتر دەبێت، كاتێك كۆترەكان پەیامی گرانی گەورەیان (ئابڵوقەی عێراق) بۆ دەهێنن. ئەوان زیاتر بەقوڵایی ژێرابەكاندا شۆڕدەبنەوەو جیهانێكی نوێتر لەوێ دەدۆزنەوە. جیهانێك لەخۆڵبوونی خۆیان خۆڵتر، چونكە بەبۆچوونی ئەوان كۆتاییەكی رەها نییە بەگوێرەی رەشبینی و دەستبەرداربوونیان هەوڵدەدەن مانایەك بۆ ژیانی خۆیان بدۆزنەوە كە ئەوان لەلایەك ژیان واتای نییە بەتایبەتیش كاتێك خانمی قژ تەلی قاپان لەئێسكە پەپكەرەكان كورسییەك دروست دەكات دەڵێت: (یەكەم داهێنان تارمایی كردبێتی لەسەر دەستی ئەو ژنە بوو، ئەو تارماییە چنە كامڵە بۆ یەكەمجار دەستی برد و چەند لولاك و ئێسقانی پەراسوو و حەوزی سمتی گۆرستانەكەی بەئەندازە جیاكردنەوەو كورسییەكی بچوكی لەو مردوانە دروستتكرد. كورسییەك لەوانەی دەكرێ بینوشتێنیتەوە. ئەو فكرەیەشی لەسروشتی نووشتانەوەی ئینسان وەرگرتبوو. ئەو ژنە هەروا بۆ پشوودانی خۆیو كات بەسەربردن ئەو كورسییەی دروست كردبوو. هەر یەكەو بەئارەزووی خۆی شتێكی دروستتكرد. ئێسقانی قوڵ و باسك دەكرانە گۆچان، كەڵلەسەر بۆ ئاوتێكردن.)(ل149). ئەستەمە مرۆڤ لەواقیعدا بەئاسانی دەستی بەر كەسێك بكەوێت و لەبەرانبەردا كەسەكە تورە نەبێت یان هیچ جۆرە كاردانەوەیەكی هەبێت، بەڵكو ئەوەتا زۆر بەسانایی و بەگوێرەی ویستی خۆی دەیان هێنێت و دەیانبات كەچی دەنگیان لێوە نایەت و لەژێر فەرمانی ئەودان. ئەمە بیرۆكەی هەڵكردنی مرۆڤ دەخاتەڕوو لەیەك كاتدا لەگەڵ خۆی و بەرانبەردا، بەبێ ئەوەی كەسیان لەفزێك بدركێنن یان نوقەیەك بكەن و تەسلیمی یەكتری بوونەو خۆیان داوەتە دەستی یەكتری.

بەردەوام دەبێت و دەڵێت: ( ئەو ئەوشكەتە گەورەیە بە كورسی و مێز و سیستەمی لەئێسقان دروستتكراو رازایەوە. نەمدی كەسێك دەستێكی گرتبێ وەك مرۆڤ یان مردوو تەماشای كات. تارماییەكان وەك پارچە تەختە و كەلوپەلی دروستتكردنی كورسی و مێز تەماشایان دەكردن نەك ئێسقانی كەسانێك رۆژێك لە رۆژان زیندوو بوون و سەڵتەتیان لێداوە.)(ل149-150). بەو واتایەی خۆڵین و بەبێ ئاگایی لەخۆڵی خۆمان كەلوپەلەكانمان دروستدەكەینەوە، جگە لە جوڵەكانیش كە هەر لەوەوە سودوەرگیراوە. لەلایەكی دیكەشەوە ژیان بەلای ئەوانەوە لەناواخنیدا لەلایەن دەسەڵاتێكی باڵاوە بەرێوەدەچێت و هەر ئەوانیش هۆكاری پەرتەوازەیی ولێكدابڕان و پچڕانی پەیوەندییەكانن.

هەر ئەمەش هۆكاری هێنانەكایەی جیاوازییە لە نێوانیان و لەشكری بەزیوی بیابان (شەڕی بیابان 2003) ئەو ساتەی دەخزێنە ژێرابەكانەوە كە دەڵێت: (ئێمە لەهەر شتێك بووبین بەلام بەشی هەرە زۆری لەشمان خۆڵ و تۆز و گڵ بوو. تەنیا چاومان ئاوی مات مات و رژابوو، ئەگەر هەموو گڵی دنیات بەسەردا كردبان وشك نەدەبوون. كەچی ئەو تارماییە چەك و چۆڵەی لای پەیكەرە شوشەكەی عەبدولئەمیرەوە دانیشتبوو، وەك هاوەڵەكانی هەموو لەشی ئاسن و پۆڵا بوو تەنها چاوی مات مات و رژابوو. ئەو كۆمەڵە سەرباز و ئەفسەرە پۆڵایەی لای ئێمە تەواو وەك تارمایی هاتبوون، تارماییش بوون،

هەموویان نابینا و نارۆشن بوون. ئەوەش لەبەر هۆكارێكی زۆر سادە، ئەوان لەسروشتی خۆیان تارمایی نەبوون، تارمایی بوون هەڵبژاردەی خۆیان نەبوو.)(ل190-191). بەڵكو بارودۆخێكی كاتی پاڵی بەئەمانەوە نابوو خۆیان بگەیەنە ئەم شوێنە بۆ ئەوەی پارێزراوبن، تاوەكو شوێن پێیەك بۆ خۆیان دەدۆزنەوەو دەگەڕێنەوە، بەڵام بۆ ئەوان "لەشكری تارمایی" ئەوێیان نیشتمانی بێ جوگرافیا و سنور و دەسەڵاتی سیاسی و جیاوازی ئاین و ئایینزا و...هتد، رەگەزە خۆڵەكەیان بوو، كە نوسەر زۆر بەشەنوكەوییەكی ورد و لێ زانانە باسیان دەكات، كەوا بەچەندین چینی شارستانیەتی دۆزراوەو بەراوردكراو و قۆناغدا تێپەڕیون، بەڵام زۆر بەسانایی مامەڵەیان لەگەڵ كردووە تارادەی بەكارهێنانەوەیان. هەر ئەمەش هۆكاربووە بۆ ئەوەی زیاتر سووربن لەسەر بەتارمایی بوونیان وخۆیان بێبەری بكەن لەو كۆمەڵە نوێیەی رووبان لەزێرابەكان كردووە بە زەمییەنەكان ناونرا بوون.

بۆیە وایان بیردەكردەوە كەهاتنی ئەوان مەترسییە، چونكە ئەمان وەكو ئاماژەمان پێكردووە بە ویست و بڕیاری خۆیان نەهاتوونە، بەڵكو: (لەپڕ و لەناكاو لەهەموو شتێك دابڕا بوون. لەجەنگی دەستەویەخەدا بەزیبوون. وەك تارمایی، تەواو وەك تارمایی سارد و تەنها رووتكرابوونەوە و راونرابوون. بەڵام لەدڵەوە، رووح و هەناوەوە وەك تارمایی روو رووت نەبوون. ناچار ببوون ون ببن و لەسەر زەوی بسڕێنەوە و ببنە تارمایی و سەرنشینی زێرابەكان ... ئەو گەنجە هونەرمەندەی زۆر زوو ببووە تارمایی بە پیرە پەیكەرتاشەكەی گوت:

- ئەوانە سروشتی تارمایی وەك ئێمەیان نییە)(ل192) بۆیە ئەوانیان بە مۆتەكە و دوژمن وسەرەخۆرە و لەناوچوونی خۆیان

دەزانی، تا كار گەیشتە ئەوەی بڕیاری لەناو بردن و كوشتنی بەكۆمەڵیان بدەن لە گفتوگۆی پەیكەرساز وگەنجەكە: (

-دیسانەوە ناچارم بڵێم تارمایی هەرگیز دەستی ناچێتە خوێنی كەس و هیچ هۆكارێك نییە تارمایی ناچار بەرق وتوڕەیی وكوشتن بكات.

توند تر لە جاران تارماییە گەنجە نیگەرانەكە هاواری كرد:

-ئەو شتەی ئەو تارماییانە لەگەڵ خۆیان هێناوە دەبێ بكوژرێت، دەبێ بۆ ئەبەد سەری پان بكرێتەوە...ئەو شتەی ئەوان هیناویانە ئومێدە، ئومێد. ئەوان ئومێدیان لەگەڵ خۆیان هێناوە، ئومێد دوژمنە سەرسەختەكەی تارمایی)(ل194-195). بۆمان روونەبێتەوە مرۆڤ هەرچەندە بی وەی و ئاشتیخوازیش بێت بەڵام كاتێك ژیانی دەكەوێتە مەترسییەوە بۆ چەند ساتێكیش بێت پێشهاتی سەیروسەمەرە بەبیر و مێشكی دێت لەپێناو مانەوەی خۆی و بەس.

جگە لەوەی ئەوان كە نەتەوەی زێرابن لەبێ ئومێدی و دووره دەستی لە دەسەڵات "خێزان، دەوڵەت، كۆمەڵ" خزاونەتە ئەوێ. بەڵام ئەمان كەهەڵاتوو، و بەزیون ولەشانە نهێنیەكانەوە پەیوەندییان پیوەكردوون بۆ ماوەیەكی كاتی و وەك حەشارگەیەك روویان لەزێرابەكان كردووە، تاكو دەرفەتێك، شۆڕشێك راپەڕینێك...هتد بەرپادەكەن و دەگەڕێنەوە شوێنی خۆیان، چونكە كاراكتەر لەگفتوگۆیەكی نێوان تارماییەكان خۆیاندا دەڵێت: (- ئەوان تا ئێستا قسەیەكیان نەكردووە تاباسی ئومێد بێت.

**یەكێكی دیكە گوتی:**

-ئەوان چاویشیان خۆڵە، خۆ لەخۆڵدا ئومێد نابینرێت.

یەكێك لەتارمییە كارگوزارەكان گوتی:

-كە ئەوان قسەیەكیان نەكردبێ، جووڵەیەكی ئومێدەواریان نیشان نەدابێ، لەچاویشیاندا ئومێد نەبینرێ، تۆ چۆن دەزانی ئەوان ئەو تاعونەیان هێناوە.)(ل196). دەستەمۆیی و بێ جوڵەیی نیشانەی دەستبەردار بوون وتەمبەڵی و بێ هیوای لێدەكەێتەوەە لەبەرانبەردا جوڵە ژیانە، ئومێدە بەردەوامیی و داهاتووە.ئەمانەش سیمبولی كۆتا رەوی سەرنشینی زێرابەكان بوو.

دەبینین لەنێوان دڵنیایی ونیگەرانی خۆیان درێژە بەگفتوگۆكانیان دەدەن و یەكلادەبنەوە لەوەی ئومێد گەوهەری ئەمانە، كە گەنجە تارماییەكە دەڵێت: (ئەو سەرسام گوتی:

- ئەوان بۆنی ئومێدیان لێ دێت.

من لەهەموویان ترساو تر پرسیم:

- پێمان بڵێ بۆنی ئومێد چۆنە؟

**ئەو ئارامتر لەهەمیشە گوتی:**

- ناتوانم پێتان بڵێم كە بۆنی ئومێد چۆنە تەنها ئەوەندە نەبێت كەبۆنی ئومێد تێكەڵەیەكە لە بۆنی باروت.)(ل196-197). ئەمە

هاوكێشەی ئومێد یەكسانە بە ململانێ و ئاشتی و بێدەنگی و مشتومڕ و شەڕ و جەنگ...هتد، هەنگاوە بۆ گەیشتن بەئامانج و ئەنجامێك. ئەمەش رازی پرۆسەی گوزەركردنی ژیان وژیاری مرۆڤایەتیە. بۆیە تارماییەكان یەكلابوونەوە لەوەی ئومێد لەتێڕوانینی نەرێنی ئەوان دەرچووە، بەڵكو (هەڵوێستێكی تێكەڵەیە لەئارەزوو بۆ گەیشتن بە ئەنجامێكی دیاریكراو و باوەڕهێنان بەهێنانەدی ئەنجامێك)( Joseph J: 1987: P.9).

بەو واتایەی كۆمەڵە هۆكارێك كاریگەرن لەهێناكایەی ئومێد جا ئەم هۆكارانە رابردوو، خەیاڵكردن، جوگرافی، مێژووی، سیایی، ئابوری، رۆشنبیری لەپاڵ هۆكاری خودی تاكەكان لەرووی مەعریفی و فیكری و بەها و ئارەزوو، ئەگەرەكان و وشیاری و خەیاڵكردن...هتد بتوانن لێكدانەوەی مێژووی ئەو نیشتمان و گەلە لەنێوان ئەو رووداوانەی لەرابردوو روویان داوە لەرووی هۆكارو ئامانج و ئەنجامیان و ئەوەی لە داهاتوو مەبەستیانە چییە، بۆ ئەوەی بتوانن لەنێوان هاوكێشەی رابردوو، و داهاتوو پێگەی تاك و كۆمەڵ چۆن لە ئێستایدای بژیەت. لەلایەكی دیكەوە ئێمە دەبێت ئەومان لەبیر بێت لەشەڕ و جەنگدا؛ براوەو دۆڕاو، سەركەوتوو،و ژێركەوتوو دۆڕاون، چونكە سەركەوتن بەلەدەستدانی بێ هەژماری بەهاكانە " مادی ومەعنەوی"، كە تەنیا تاكە وشیارەكان لێ تێگەیشتوون ئەگینا بەنیسبەت كەسانی تر پێشكەوتن و پێشراوەیەتیە بەبێ پلان و بەنارمەی تۆكمە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە تێروانینی نوسەر لەو ململانێ وبەریەك كەوتنەو هاوكێشەی هاوتەریبی بنیاد و توخم و رەچەڵەكی خۆڵ لەنێوان سەرنشینی زەمینی و ژێرابەكان؛ لەنێوان هیوا بێ هیوایی، ئومێد و نائومێدی، لەوەی خۆڵ یەكێكە لەرەگەزە پێكهێنەرەكانی بوون لەپاڵ رەگەزەكانی ئاو- ئاگر- هەوا و خۆشەویستیش كۆكەرەوەی هەر چوار رەگەزەكەیە بۆ هێنانكایەی پرۆسەی ژیاری، بەڵام لە دوو دیدی جیاوازەوە كە ئەوان چاویان ڕاستیە قێزەون و ناسۆرەكانی ژیان دەبینێت، بۆیە خۆیان لەژیان دوورە پەرێز گرتووە. لەكاتێكدا ئەمان ئاستی بینین و تێڕوانینیان كەموكورتی تێدایە بۆیە بەردەوام لە هەڵكشان و داكشان، سەركەوتن وبەزین دان و خاوەن پلان نین بۆ ئەوەی بتوانن لەزەمەنی ئاشتی بژین ، چونكە ئەوەی كە نازانرێت ژیانكردن و هەڵكردن لە زەمەنی ئاشتی قورسترە تا زەمەنی شەڕ، چونكە لە زەمەنی ئاشتیدا دەبێت یاساناسی لێهاتوو، و كارامە و چەلەنگ هەبن بۆ ئەوەی ئاشتی بپارێزن، بەڵام لەجەنگدا تەنیا بەڕێكردنە، لەم بارەیەوە كاراكتەر دەڵێت: (دوایی قسەی ئەو تارماییە باریكە هەموو بۆنی ئومیدیان كرد، بۆنی ئومێد بەر دیوارەكانی ژێرابەكان كەوت و مارەكانی گرتەوە. بۆنی ئومێد زۆر لە بۆنی هەڕەشە و كوشتن، عەتر و خوێن، مەی و ژن بەهێزترە.)(ل198).

بۆیە لە ئومێدی ئەوانەوە بڕیار دەدات و دەڵێت: (من بۆ پشوودان بەرێكەوتووم دەمەوێت لەبۆنی باروت دووربم، دەمەوێت تەنها بم و ژنەی سەر لفكە و مەمك قاپی فافۆنی ئاو خواردنەوە و جرج و مشكەكانیش لەگەڵم نەیەن.)(ل202) نیگەرانەو لەتەنیایی و لە چاوەڕوانی نەكردنی هیچ شتێك ، مانایەك رادەكات. لەكاتێكدا نازانێت هاوسەفەرە نزیكەكەی دایكیەتی و هیچ كامیان یەكتر ناناسنەوە، بۆیە بەهێمنی چاوەڕێی مەرگی خۆی دەكات و دەڵێت: (گەورەترین ئارەزووم ئەوەیە لەسەر كورسییەك كە لە ئێسقان دروستكراوە بەسالٚ دانیشم و تۆزی ورد و قورس وردە هەر بەهێواشی خۆیەوە بێ ئەوەی هەست پێ بكەم داپۆشێ.)(ل202).

بەلام كاتێك جەنگ تەنگیان پێهەڵدەچنێت بە ناچاری و پەلە پەل دەگەڕێنەوە بۆ چینەكانی سەرەوە، تاوەكو ئاگاداربن لەو پێشهاتە ناواختانەی دێتەپێشیان، چونكە ئەوان لەگەڵ ئەوەی دەستبەرداری ئەمان ببوون، بەڵام سەرنشینە زەمینیەكان وازیان لێ نەدەهێنان و گۆبەند دوایی گۆبەندیان بۆ دەهێنان كە دەڵێت: (گەرامەوە بۆ ژێرابە هەرە گەورەكانی بەغدا بەهۆی تەقینەوەكانەوە لە زۆر جێگاوە شەقیان بردبوو بەڵام هێشتا تاقگەكان بەتەوژم و خێرا بوون.)(ل213)... كەواتە خۆیان لەبەردەم پێشهاتی مەترسی زەبەلاح تر دەبیننەوە كە

دەڵێت: (ئەو کۆترە تازانەی کەدەهاتن لەرزیو و تەنگە نەفەس بوون، دوای ماوەیەکی کەم دەمردن و بەئاودا دەچوون. بۆنێکی نیگەران و غەریبیان بەژێرابەکاندا بڵاودەکردەوە شتێکیان لەبۆنی باروت تێدانەبوو، بەڵام زووتر لەئومێد خەڵکیان دەکوشت، ئەو بۆنەمان ناونا بۆنی بریسکە بڕی چاو، ئەو بۆنە تازەیەی لەکۆترە مردووەکانەوە بەرز دەبۆوە چاوی دەچوزاندەوەو هەناسەی تەنگ دەکردین.)(ل213) بۆ تارمایی ئازادی" شەڕی هاوپەیمانان" کودەتایە، لەناوچوونە.

سەرەنجام دەبێتە هێنانەکایەی بڕیارو هۆکاری پەرتەوازە بوونیان لەوەی بیرو بۆچوونی جیاواز دێتەکایەوەو بۆ یەکەمجار تارمایی دابەشدەبن و بڕیاردەدەن و ببنە سێ بەش کە دەڵێت: (ئەو تارماییانەی لەگەڵ یەکەم کۆچی گەورە هاتبوون. دەشێ ئێستاش دڵیان لەناو ئاسنە ساردوو شکاوەکاندا بێت، یەك رابوون کە بەرەو قووڵایی تونێل و ژێرابەکان بڕۆن و هەرگیز نەگەڕێنەوە سەر زەوی، کە لەهەمان کاتدا سەرچاوەی بۆن کوشندەکەش بوو، ئەو بۆنەی باڵندەکان لەگەڵ خۆیان دەیان هێنا و بۆ خۆشیان پێس تارماییەکان پێی دەمردن.)(ل216). مانەوەی لەشوێنی کارەساتەکان مرۆڤ دەخاتە بەردەم دووڕیانی هەڵسانەوە یاخود کەوتن، کە ئەمە بڕیاری یەکەمین تارماییەکانی شێخ عومەر بوو لەژێرابەکان بمێنەوەو خۆیان بەدەستەوە داوە، چونکە ئەوان ماڵێك نەبوو بۆی بگەڕێنەوە یان توانای بنیاتنانەوەیان هەبێت. بۆنموونە کاراکتەری سەرەکی هێندە وونبووە و تۆزی لێنیشتووە و خۆڵای بووە تەنانەت بۆنی دایکیشی ناناسێتەوە، واتە ئەوان بڕیاری دابڕان و ئاشت نەبوونەوەیان لەگەڵ خۆیان و دەوربەر داوە.

سەبارەت بەکۆمەڵەی دووەم دەڵێت: (ژمارەیەکی دیکەش بەتایبەتی ئەو تارماییانەی لەماوەی جیاواز تەنها دوو دوو هاتبوون، دەیانویست هەر لەوێ، لەناو ژێرابەکاندا بمێننەوە ئەو دەرمان و بۆنە نەگریسە هەڵمژن، بە لایانەوە گرنگ نەبوو تارمایی هەناسەکانی تەسلیمی ئینسانەکانی سەر زەوی کات یان تەسلیمی بۆنی دەرمان و کیمیای کات.)(ل217) هەندێجار مرۆڤەکان لەنگەری هەڵوێست و متبوون لەچەقبەستندا وەردەگرن، بەبێ پەل هاویشتن بۆ راست، چەپ، سەروو، خواروو.پەرەناسێن. بێ بڕیارن نە ئازان و نەترسنۆك وەك دەستێك با بیان هێنێت و بیابات، قەبارەیەك هێزی کێشکردن رایبگرێت، ئەگینا نازانێت بۆ کوێ بچێت، چونکە ئەوان بێ نەوان لەنێوان بوون و نەبووندا.

لە کاتێکدا کۆمەڵەی سییەم کە دەڵێت: ( هەموو ئەو تارماییانەی لەشیان لە لوولەی تفەنگ و قەوانە تۆپ بوو، دەستیان لەشریتی گوللە و هەموو لەشیان ئاسن بوو خۆیان یەك لاکردبۆوە کەدەگەڕێتەوە بۆ سەر زەوی. ئەوان هەمیشە دڵیان لەسەر زەوی و چاویان لەناو ئومێددا بوو. هەندێك لەتارماییە هەستەوەر و هونەرپەروەر و ئاسنگەر و پەیکەرسازەکانیش دوای ئەوان کەوتن.)(ل217). کەسانێك هەن ئومێد ماڵی بیر و دڵیان جێناهێڵێت، بەڵکو بەردەوام چاو لە ئاسۆن. کەواتە دەکرێ بڵێین لە غیابی یاسا (شەڕ)دا ئومێد لەق دەبێت لە نێوان مانەوەو هەڵاتن و جێهێشتن و ژیانێکی نوێدا.

حیکایەتخوان زۆر بەوردی لەرێی باوکی کاراکتەری تارمایی" عبدالقادر سوڵتن" وەسفی حالەتی نەهامەتیەکانی کۆمەڵ وتاك بەر لەشەڕ کەچۆن شەوانە لەماڵی عبدالقادر کۆبوونەتەوەو لەنێو شەڕدا دەکات کە دەڵێت: (ئەو رۆژانەی بەغدا بووە مەیدانی شەڕ، برادەرە و ناسیاوەکانی یەکە یەکە و کۆمەڵ کۆمەڵ لەدەستدەدا.تا شەقامەکان چۆڵتر دەبوون تەنهاییەکانی ئەو زیاتر ... کۆتایی دنیا دەبێ ئەمڕۆ بێت کە ئاو بە بۆڕییەکاندا نایەت و بۆنی کەباب بەشەقامی رەشیدا بڵاونابێتەوە.)(ل223-228). بەو واتایەی مرۆڤ لەهەر پێگەو رەگەز و پلەوپایەکی زانستی، ئابوری ، کۆمەڵایەتی...هتد ئەوەی دەیژییەنێت خواردن وخواردنەوەیە و بۆنی نایەت، لە رووی ئاسایش "سیاسی، جوگرافی، مانەوە ...هتد" و وشیاری و رۆشنبیری خۆراك بەشێکی بنچینەیی فەلسەفەی ژیانە، بەڵام مرۆڤ بۆن و بەها و گرنگی نازانێت تاکو نەکەوێتە پەلەقاژەوە. بۆیە بڕیار دەدات بێتە دەرەوە، هەرچەندە (بۆنی شەقامەکە زۆر ساردتر و مەرگهێنتر بوو لەبۆنی کتێب و ماڵەکەی. کە دەرگای کردەوە بۆنی قورسی رزینی گۆشت لەو خێراتر سەر پلیکانەکان دەکەوت و بەرە و رووی ئەو دەهات.)(ل232).

کەواتە مرۆڤ بەها و سەنگ و قەبارەی ئەو شتەی کە هەیەتی نازانێت، تاوەکو رووبەڕووی

حاڵەتی لەو شێوانە نەبێتەوە (شەڕ، لەدەستدان، مەرگ) بۆیە کە بەشێك لەتارمایی لەتروسکە چاوێکدا بڕیاری ژیاری زەمینی دەدەنەوە، کەچی شەڕ بەرۆکیان بەرنادات بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە باوەشی خێزانەکانیان و بەڵکو ساتی بۆنکردن و باوەشکردنەوە بەژیان دەبێتە کۆتا سات و بەدەستڕێژی سەربازەکان کۆتایی بەژیانیان دێت کە دەڵێت: (لەپەنا سەری ژنەکە کە کەوتۆتە سەر لێواری شۆستەکە پاڵ بەپایەکەوە دەدات و دەستدەکات بەخوێندنەوەی ئەو لاپەڕە زەرد و و هەزار کون تێبووانەی بە ژنەکەبوون. پێش ئەوەی فریاکەوێت هەستێتە سەرپێ و بچێت زێراب زێراب و تونێل تونێل بەدوای کوڕەکەیدا بگەڕێت قەنناسێك لەدوورەوە پارچەیەك لەدڵی هەڵدەگرێ و بۆ هەمیشە بەپایە پتەو و بریندارەکەی شەقام ڕەشیدی دەنووسێنێ.)(ل240). بەو واتایەی مایە پووچی دەبێتە میراتێك بۆ ئەم کەسانەی کە خۆیان لە خۆیاندا ونبوونە و ئەو ساتەی خۆیان دەدۆزنەوەو نیوەکەی خۆیان دەبینن کات بەسەرچووەو دەست بەتاڵ لێ دێنە دەرەوە، چونکە مرۆڤ لەهەر پلە و پێگەو ئاستدا دەبێت پرسیارێك دەمێنێتەوە ئایا بەختەوەرە.

سەبارەت بە تێڕوانینە هونەرییەکانی هونەرمەند محمد اسماعیل، لەچاچێوەی چەند کارێکی هونەری ناوبراو، کە ڕەنگدانەوەی هزری و دەروونی هونەرمەند دەخاتەڕوو لەوەی قاوە هاوڕێیەکی پشوو درێژیەتی دەڵێت: (نزیکترین دۆستم فینجانە قاوەکەمە، جاری واهەیە هۆکارە بۆ باش بیرکردنەوە و باش بڕیاردانم.)(چاوپێکەوتن: اسماعیل: 2017) واتە قاوە سەنگ و بەها و قەبارە و قەوارەی خۆی هەیە، چ وەکو خواردنەوە، کەرەستە ئەمە جگە لەبۆنەکەی، سەرەڕای ئەوەی قاوە پاککەرەوەی بۆنی کۆئەندامی هەناسەیە؛ لەوەی کاتێك کۆمەڵێك بۆن تاقی بکرێتەوە بۆنەکان تێکەڵی یەکتری دەبن (مرۆڤ لەچوار بۆن زیاتر بۆن بکات توانای جیاکردنەوەی بۆنەکانی دەشێوێت) بە بۆنکردنی قاوە بۆنەکانی دیکە بنبڕدەبن و تاك ئامادە دەبێتەوە بۆ بۆنکردنی بۆنی نوێ. ئەمەش هۆکاری سەرەکییە وەکو کەرەستەیەك لەکێشانی تابلۆکانیدا سودی لێبینێت، چونکە وەکو دەڵێت: (کاتێك بەمادەی تر تابلۆم دەکێشا، لەو کاتانەی قاوەم دەخواردەوە. جار جار دڵۆپە قاوە دڕژا بەفڵچەکە جوڵەیەکم تیایدا دەکرد شێوەیەکی هونەری لێ دەهاتەکایەوە.)(چاوپێکەوتن: اسماعیل: 2017) واتە حزوری هەبووە وەکو تەواوکەرێکی هەبووی کارەکی کارەکانی؛ ئەمەیش بەسوود وەرگرتن لەخەزێنەی بیرەوەری منداڵی کە دەڵێت: (منداڵبووم؛ لەماڵی دایە گەورەم " دایکی باوکم" لەژوورەکەی تەسبیح و بۆنی بوخوورد و کاری دەستی هەبوو، هەروەها کە دەچووینە ماڵی خزمەکانی دایکم کلتورێکی جیام دەدیت بە بەراورد بەماڵی خۆمان. مێخەك و نیشانەی چاو و زارم بەسەر کەلوپەلەکانیانەوە دەبینی کە بەدەسکی بەفرکەرەکەیانەوە کردبوو، جگە لە بێشکەی منداڵەکان لەپاڵ مێخەك و چاو و زار مووری ڕەنگاورەنگیان لەگەڵ هۆنیبۆوەو بەبێشکەکەوە کرابوو، کەچی بەلامەوە بۆن و بەرامەیان خۆشبوو.)(چاوپێکەوتن: اسماعیل: 2022). کەواتە دەکرێ بڵێین نەستی هونەرمەند لێوان لێوبووە لەزاکیرەی بۆن و ئەو ئەزموونیەش ڕێگەخۆشکەربووە لە ناسین و ئاشنابوون و سەلیقەی لێك جیاکردنەوەو عەوداڵی زیاتری بۆن بێت لەوانەیش قاوە، ئەمە لەلایەك. لەلایەکی دیکە ئەمە روحی هونەری هاوچەرخە، کە سوود لە هەموو کەرەستەیەك و بیرۆکەیەك وەردەگرێت و دەیکاتە تەکنیکێك بۆ دەربڕینی بابەتی تابلۆکانی. بێ گومان هونەرمەند جەخت لەسەر رۆڵی ڕێکەوت دەکات، لەوەی دەتوانرێت لەسروشتی دەوروبەرمان و نەست و خەیاڵێکی فراوان وهزرێکی بەهێز لە سادەترین کەرەستە کارێك سازبکرێت.

بەو واتایەی دەقی شێوەکاری (تابلۆ) پەیوەستە بەخودی هونەرمەند خۆییەوە و وەك بڵێین پریاسکەیەکە یان هاوشێوەی قوتوی عەتار بەشانی ئەوەوەیەو لەهەر شوێن و کاتێك دابێت بۆ مامەڵکردن لەگەڵێدا رووبەڕووی دەبێتەوە. جگە لەوەی کێشانی تابلۆیەك لەساتێك لەساتەکان هاوشێوەی هونەری فۆتۆگرافی جێگیربکرێت، هونەرمەند کاری خۆی لەنێوان کاتی واقعی و کاتی ئەنجامدانی گێڕانەوەو سازدانی کارەکەی ئەنجامدەدات، ئنجا دەبێتە حاڵەتێکی بەستوو. بەو واتایەی ئەوەی سەیری دەکەین شتێکی غەیری واقعی نییە، چونکە وەهمێك نییە و لەهەمان کاتدا راستیش نییە، لەبەر ئەوەی واقع ناوەستێت و

لەهەڵقوڵان و گۆڕانێکی بەردەوامدایە، کە واقع و سنور دەپەڕێنێت لەوەی هونەری شێوەکاری بەپێچەوانەی دەقی ئەدەبی ساتێك دەکێشێت، هونەرمەند لەڕێی ڕەنگ و قەبارە و فەزاو...هتد بە ڕەمز و کۆد و هێماوە تابلۆکەی دەسازێنێت تاوەکو نیشانە بنچینەیەکان و هێمای نوێ شوێنی بگرنەوە، ئەمەش بەگوێرەی خوێنەرو ڕەخنەگر تا خوێنەر و ڕەخنەگرێکی تر دەگۆڕێت.

لەتابلۆی (مرۆڤەکانی ئەم سەردەمە)دا - 1 - پۆرتەرێتێکی لا تەنیشتە. هونەرمەند لەڕێگەی کەرەستەیەکی هەستیارەوە دوو پۆرتەرێتی لاتەنیشتی لەبەرانبەر یەك لەسەر دوو باگراوەندی تاریك و ڕوون مشتومڕی تاکەکان لەنێو جەنجاڵی ژیان هاوتەریبی پێشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆژیا و ئاسانکاری پەیوەندی گەیاندن، لەگەڵ ئەوەی کارئاسانی هێناوەتەکایەوە دەخاتەڕوو، بەڵام لەهەندێ حاڵەتدا لەوانەیە ببێتە هۆکاری شێواندن و ئاڵۆزی لە تاوتوێیەك، گفتوگۆیەك، بۆچوونێك یان تێك نەگەیشتنێکی لێبێتەکایەوەو ببێتە هۆکاری مشومڕێکی توند تاوەکو یەکلادەبێتەوە. لەم بارەیەوە هونەرمەند دەڵێت: (جەدەلی کەسەکان لەرابردوودا لە هەزاران ساڵ بەر لەئێستادا جێگیربوو، واتە ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووبوو دەبوونەوە، ئەوە هۆکار بوو لەوەی کەسەکان زیاتر لەیەکتری تێبگەن و سارد و سڕی وناکۆکی نەیەتەکایەوەو ئاسان لەیەکتری تێك بگەن، تەنیا نوخبەیەك دەیانتوانی لەڕێی نووسین یان نێردەوە پەیوەندی بەیەکەوە بکەن. بەڵام لەئێستادا ڕێگاکان زۆرن بۆ ڕووبەڕووبوونەوە بەبێ دیتن " سوشیال میدیا".)(چاوپێکەوتن: اسماعیل: 2022). بەو واتایەی هونەرمەند ڕووبوڕووبوونەوە، ململانێ، ڕکابەری، لێك تێنەگەیشتن، ڕەتکردنەوەی یەکتری، هەوڵدان لەپێناو مەعریفە و گەیشتن بەراسیتەکان لەڕێی پۆلینکردنی چەمکەکان و تێگەیشتن دەخاتەڕوو، ئەمە جگە لەوەی مشتومڕ زۆر جار دەبێتە هۆکاری سەرخستنی عەقڵ لە هەستپێکراوەوە بۆ مەعقول یاخود نیشتنەوە یان داکشانی عەقڵ بۆ خوارترین ئاست.

هەروەها هونەری پرسیارکردن و وەڵامدانەوەو شیکردنەوەو (دانان-تەئلیف) و گەیاندن و ڕاهێنانی بیرکردنەوەو درکپێکردنی ڕاستی شتەکان و پێناسەی شتەکان لەڕێی گەیشتن بەراستیەکان لەنێوان لایەنە دژ یان نەیارەکاندا هەروەك هیگل ئاماژەی پێکردووە (مشتومڕ لەشێوەو ختستنەڕوودا سێ لایەن یان ساتی هەیە: ساتی تێکگەیشتن، ساتی نەرێنی عەقڵ واتە ناجێگیری عەقڵ، بەو واتایەی ئەوەی جێگیر بووە لەساتی یەکەم گوزارشت لەدژەکەی دەکات و واوەسفی دەکات، کە ئەمە پرۆسەی تێپەڕاندنی خودە، دواتر ساتی تیۆری یان ساتی ئەرێنی عەقڵ؛ ئەو ساتەیە کە درك بە یەکەی بەرهەڵستی دوو لایەنەکەی یەکەم یاخود ئەنجامی ئەرێنی بۆ گواستنەوەی یان ترازانی (شیبوونەوەی) ئەو سنورە دەبێت.)( hekmah.org ) دەکات. بەو واتایەی زیندویەتی لەو دایە؛ لێکدانەوەی لەڕێی فۆرمەوە بۆ دەکرێت، لەوەی هونەرمەندەکە سەرکەوتوانە لەرووبەرێکدا بۆشایی پڕکردۆتەوە، کە بوون و تواناو بەردەوامیەت و هێنانەکایەی تێدایە.

کەواتە مشتومڕ جگە لەو دەستەواژانەی سەرەوە کۆمەڵێ دەستەواژەی دیکەش دەیگرێتەوە، بەپێ بابەت و تێگەیشتنی تاکەکان دەگۆڕێت، بەڵام ئەوەی جێگەی ئاماژە پێکردن و سەرنج و هەڵوەستە لێ وەرگرتنە ئایا؟ جۆری مشومڕەکە ڕەهایە یان ڕێژەییە، کە لێرەوە ڕێچکەی مشومڕەکان دەگۆڕێت لەوەی مشومڕەکە فەلسەفی، زانستی، ئاینی، ڕۆشنبیری یان گەڕانە بەدوایی ڕاستی. بەو واتایەی لەگەڵ ئەوەی قاوە چالاککەرەوەیە و بۆنەکەشی هێورکەرەوەیە چۆن ؟ بۆن و بەرامە و وشیاری تاك ڕەنگدەداتەوە لەئاست ئەو بوار و ئاراستەی وروژندویانە یان دەیوروژێنن و بەرەو چ ئاقارێك لەنگەر دەگرێت.

سەبارەت بە تابلۆی (بیرکردنەوە) - 2 - هونەرمەند مۆدێلێکی پیاو لەحالەتی دانیشتن لەنێوان نەبینراو بینراو و جۆری بۆنی بیرکردنەوە (ناوەرۆك و فۆرم) قەوارەیەك، جوڵەیەکی حەوانەوەوە سەرنج و جێگیری لێوان لێو لەهێما و نیشانەی ناوەکی وەکو خونچەیەکە ناکرێتەوە تەنیا ئەوەی نەزانێت چۆن لێدەڕوانێت، کەواتە هونەرمەند کۆمەڵێ سەرنجمان دەداتێ لەوەی بیرکردنەوە گەڕانێکی بەردەوامە بەدوای وەڵامێك سەبارەت بە بوونی شتێك، چونکە هەر شتێك لەدەرەوەی بووندا بووی نەبووە. خۆ

راهێنانە لەبوون و تەئکید کردنەوەش لەجیاکردنەوە لەنێوان بوون و قەوارەو هەڵکشان وداکشانی ئەرێنی و نەرێنی، باش و خراپ، پاك و پیسی بیرکردنەوە دێت، کامیان کامیان دروستدەکات، لەهەمان کاتدا هونەرمەند رەنگی سەوزی لەجلوبەرگی بەکارهێناوە ئەمەش دەمانخاتە بەردەم چەمکی بیرکردنەوە لە بیرکردنەوە، شیکردنەوەو لێکدانەوەی بەرانبەر کە قسەدەکات جگە لە هەڵسەنگاندنیش، کە بەڵگە دەبێتە بنەماو بنچینە لەبوار و لایەنی عەقڵی و مەعریفی، چونکە تەنیا بەڵگە لەگەڵ عەقڵ دەدوێت بەتایبەتیش کاتێك بیرکردنەوە لەخودی بیرکردنەوە بێت.

کەواتە هونەری هاوچەرخ هونەرێکی فراوانە بەو واتایەی هونەرمەند ئازادە لە تێکەڵاو کردنی کەرەستە و چەند رێچکە یان مێتۆدێکی جیاواز بۆ خستنەڕووی بیرۆکەکانی و هێنانەکایەی داهێنانێك ، چونکە ئەم هونەرە پێویستە بە ساتە وەختێك و فۆرمێك، جگە لەوەی جوانناسی ئەم هونەرە لە جۆراو جۆری کەرەستە بەکارهێنراوەکانیەتی کە هونەرمەند دەست لەهەموو جۆرە کەرەستەیەك دەدات و تێکەڵاوی دەکات بۆ گەیاندنی بیرۆکەو مەبەستەکانی بە وەرگر و چێژوەرگرتن لێ و توانای داهێنانێکی هونەری لەرێی خواردنەوەیەك وەکو کەرەستە بۆ وەرگر دەخاتەڕوو. هەروەك هونەرمەند دەستی بۆ کەرەستەی قاوە بردووەو قاوەی وەکو رەنگێکی ئاوی بەکارهێناوە لەپاڵ تێکەڵاوکردنی رێباز و رێچکە هونەرییەکاندا.

لە پۆرتەرێتی( ئیسماعیل خەیات )دا -3 - هونەرمەند ساتێکی خایاندووە بۆ ئەوەی کارێکی هونەری لەرێگەی قاوەوە وەکو کەرەستە وسیبەر و وردەکاری بابەتێك لەسەر روویەك ( کاغەزێك) بدرکێنێت کە پەیوەندی بەهونەری هاوچەرخەوە هەبێت و بەتایبەتیش لە ئازادی بەکارهێنانی کەرەستە و بۆن و نیگاوە؛ مێژوو،و سەرنج وتێڕوانینە وردەکان ورۆڵ و پێگە و نیگا نەرمەکانی هونەرمەند لەهونەری شێوەکاری کوردی بخاتەڕوو، یەکێکە لە هونەرمەندە پێشەنگ و بنیاتنەرەکانی رێچکەی زانستی هونەری شێوەکاری کوردی.

لەتابلۆی ( قەڵا )دا - 4 - هونەرمەند وەکو سروشتێکی دەستکرد قووڵبوونەوەو رۆچوونی شارستانیەتە یەك بەدوایەکەکانی مرۆڤایەتی و پێگەی کورد کەخاوەن مێژوو، و شارستانیەتێکی کۆنە لەرووی ژیاری و بازرگانی و پێشکەوتن. ئەمە لەلایەك فەلسەفەی شار دەخاتەڕوو کە پێشتر لەبواری رۆمان ئاماژەمان پێکردووە، لەلایەکی دیکەیشدا تایبەتمەندی هونەر لەبەرانبەر ژیان دەخاتەروو، لەوەی (جیاوازی لەنێوان سیفەتی واقعی و کارە هونەرییەکان و سیفەتی فعلی شتەکان لەسروشتدا هەیە... ئەرکی هونەرمەندیش داهێنانی ئەو جۆرە شێوانەیە، ئەم جۆرە شێوە داهێنراوانەیش دادەهێنرێت لەو کەرەستەو و توخمانەی کە وەکو رەگەزەکان یان هۆکارەکان بەشداری دەکەن لەداهێنان، بەڵام هونەر شێوەیەکی داهێنراوە لە دەرەوەی ئەو رەگەزانەیشدا.)( حکیم: 1986: 15).

ئامانجی هونەرمەند لەو وردە کاریەی لەکارە هونەرییەکەی ئەنجامی داوە، تاوەکو گرنگی قەڵا بخاتەڕوو، لەرێی کەرەستەیەکی کۆن و سادەوە (هاوشێوەی مێژوو بەردەوام باس و خوازی خۆی هەیە و دەخورێتەوە) . ئەگەر چی باگراوەندەکەی بە رەنگی شین کردووە، واتا هونەرمەند بە مەبەست کەرەستەی دیکەی لەگەڵ قاوەکە بەکارهێناوەو دووبارە ئازادی بەکارهێنانی کەرەستە دووبارە دەکاتەوە وەکو هونەرێکی هاوچەرخ. لە هەمان کاتیکدا شێوەی قەڵای بە رەنگی قاوە ئەنجامداوە کە وەکو رەمزێکی مێژوویی و ژیاری لەنمایشدا جوانییەکی پێ بەخشیوە. لەوەی چەندین شارستانیەت و هۆز و ئایین و رۆشنبیری جیاوازی لەخۆگرتووە. بە تایبەتی لەرەهەندی یەکەمی تابلۆکە کە شێوازێکی دوور لە ریالیزمی لە قەڵاکە ئەنجامداوە، بەڵکو تەکنیکی رژاندنی بەکارهێناوە کە لەتۆنێکی تاریك دەست پێدەکات و دەرژێتە پێشەوەی تابلۆکە ئەمەش بەمەبەستی مێژووی دوور و درێژی قەڵای هەولێرو گۆڕانکارییە یەك بەدوایەکەکانی لێ روویداوە.

سەبارەت (بەکارەکانی فنجانی قاوە) - 5 - هونەرمەند دەڵێت: (جارێك لە کافییەك دانیشتبووم قاوەم دەخواردەوە، لەناو فنجانەکە هەستم بە فۆرمێك کرد، بە رێکەوت خۆی خۆی خولقاندبوو،و خۆی لەسەر هەستەکانم فەرزکرد. منیش وێنەمگرت دواتر بەچەند سەرەنجێکی سادە بە فۆتۆشۆپ کەمێك زیادکراوی خۆم هاویشتە

سەری و لێم زیادکرد و شێوەیەکی هونەریم پێبەخشی.)(چاوپێکەوتن: اسماعیل: 2017). واتە هونەرمەند سودی لەکەرەستە و خواردنەوەیەکی ئاسایی و باوی کۆمەڵی مرۆڤایەتی وەرگرتووە، لەوەی خواردنەوەی هەر قاوەیەك رووداوێك حیکایەتێکی دوور و درێژ یان کورت لەسەر رووی فنجانەکە لەدیدی کەسێکەوە جێدێڵێت. لەلایەکی دیکەوە دەکرێ بڵێین پرۆسەی بیرکردنەوەو رامان پرۆسەیەکی قورسە هەر کەسێك خاوەن بیرکردنەوەی خۆیەتی، ئەگەر زۆر سادە ئاڵۆز یان گێلانە بێت، بۆیە پێوست ناکات هیچ کەسێك لەشوێنی کەسێکی دیکە بیر بکاتەوە یان لەجیاتی ئەو بریار بدات "هەر کەسێك لەرووی فنجانەکە شێوەیەك دەبینێت جیا لە بینینی یەکێکی دیکە" . کەواتە هونەرمەند لێهاتوانە هێز و قەوارەیەکی نوێی بەکارە ئاساییەکە دەبەخشێتەوەو سەر لەنوێ دایدەرێژێتەوە بۆ بنەمای کارێکی هونەری واتە هونەرمەند: (بەکارەکەی هاوشێوەی ساحرێك دەتوانێت جیهان بگۆرێت، لەپارچە دارێك یان ئێسقانێك هاوشێوەی نموونەیەك بوونێك یان بنیاتێك دروست بکات... شتە مادییەکان بگۆرێت بۆهێما و ناو و چەمك... ئەمەش ناوەرۆکی هونەری رەسەنە.)( فیشر: 1980: 54-55).

بەو واتایەی خوێندنەوەی دەقی نوێ کراوەیەو وەرگر هەڵوێستی سەربەخۆی هەیە لەرووی فۆرمی کارەکە کە هێما و نیشانە دەگرێتەوە لەرووی بنیاتی ناوەکیش و لایەنی جوانناسیەکەی جیایە لە هەڵوێستی هونەرمەند، جگە لەوەی یارمەتیدەرە بۆ خوێندنەوەی پێکهاتە و بنیاتی جوانی کە هونەرمەندەکان تاکلایەن ئەزموونی خۆیان پێشکەش دەکەن هونەرمەند زیاتر گۆشەنیگای خۆی روونەدەکاتەوە و دەڵێت: (ئەگەر بێتو کاتم هەبێت و پرۆژەیەکی هونەری سەبارەت بە قاوە خواردنەوە، لەقاوەخانەکان یان رێستورانتەکان و بەبێ ئاگایی قاوە خۆرەکانەوە، کە فنجانەکانیان بەتاڵ دەبێت و لە کۆگای قاوەخانەکە یان چێشتخانەکە بەدەیان و سەدان وێنەبگرم و چەندین فۆرمی هونەریم دەستبکەوێت، کە سودفە دروستی کردووە، بەڵام بەدەستکارییەکی کەمەوە تابلۆیەکی جوانی لێ دروستبکەم، ئەگەر تابلۆیەك بۆ یەکێك لەقاوە خۆرەکان بگەرێنمەوەو بڵێم ئەوە فۆرمی فنجانە قاوەیەکی خۆتە خواردۆتەوەو ئەم تابلۆیەی لێ هاتۆتەکایەوە، دڵنیام شۆك دەبێت.)(چاوپێکەوتن: اسماعیل: 2022) . واتە لەپاڵ ئەو حەپەسان و رامان و سەرسوڕمانەی لای وەرگر دێتەکایەوەو دروست دەبێت،وەرگر رامان و خوێندنەوەی تایبەت بەخوی بۆ کاری هونەرمەند هەیە. کەواتە دەبێ ئەوە لەبەر چاو بگیرێت ئایا؟ ناوەڕوك دەبێتە بنیاتی فۆرم یان بەپێچەوانەوە یاخود هەردووکیان بەیەکەوە (فۆرم و ناوەڕۆك) دەبنە بنیات و پێکهاتە بۆ لێکدانەوەی کارەکەی.

بەدڵنیایەوە فۆڕم و ناوەڕۆك بەپێ سەردەم و قوتابخانەی هونەری دەگۆڕێت. زۆر جار فۆڕم زاڵە و بەپێچەوانەشەوە وەکو ئیکسپریسونیزمەکان. بەڵام شێوەی ئەم کارە هونەرییە وەکو هەر کارێکی ئەبستراکتی هاوچەرخ دەخوێندرێتەوە، دوور لە بەکارهێنانی فڵچە و کەرەستەی وێنەکێشان. لێرەوە مامەڵە و تێراونین و هەڵوێستی هونەرمەند لە ئاست کەرەستە و بابەت روون دەبێتەوەو جیاوازی نێوان هونەرمەندان و ناهونەرمەند یەکلادەبێتەوە لەوەی: ( پێویستە پێکهاتە و رەگەز و هوکارەکانی جێبەجێکردنی گوزارشتکردن جوان و رازاوە بێت، بەڵکو پێویستە نیمچە رێکەوتنێکی زانستی هەبێت لەوەی جوانە. جیاوازی نێوان هونەرمەند و ناهونەرمەند لەم لایەنە گشتیەوە وەکو جیاوازی نێوان خوێندەوارێك و نەخوێندەوارێك دەردەکەوێت. هەروەك ئەوەی نەخوێندەوارێك سەلیقەی بینینی مەعریفی پەیوەست بەهۆکارە بنچینیەکانی گەیاندن – خوێندنەوەو نووسین و کۆکردنەوە نییە، نا هونەرمەندیش بەهەمان شێوەنەخوێنەوارە سەبارەت بە چوارچێوەی جوانناسی گشتییەوە.)(أسعد: بدون سنة الطبع: 49).

## 5. رەهەندی دەروونی لەرۆمانی نەتەوەی ژێرابەکان و تابلۆکانی محمد اسماعیلدا.

هونەر و ژیان، ژیان و هونەر هاوشێوەی گەردیلە، هاوکێشەیەك لەنێوان هاوسەنگی و لاسەنگیدایە، بەو واتایەی هونەر هاوبەشە و

ئامادەیی لەهەموو بابەتێکدا هەیە. یەکێك لەو بابەتانەی زۆر نزیك و هاوبەشە لایەنی دەروونییە، چونکە دەروون هونەر دەهێنێتەکایەوە یان بە پێچەوانەوە واقعی ژیان و کاریگەرییەکانی دەروون دەوروژێنن و هونەر دەهێنەکایەوە. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەو بەرهەمانەی زیاتر لایەنی دەروونی تیایدا زاڵە دەبێتە مایەی سەرنج و مەرامی توێژەر و رەخنەگران. بەو پێیە تاوەکو تاك، کۆمەڵ بەرەو گەشەکردن و پێگەیشتن هەنگاو بنێت ئەم بابەتە زاتر دەبێتە مایەی سەرنجڕاکێشان و دۆزینەوەی رازی سەیرو سەمەرە، کەواتە لەگەڵ ئەوەی هاوتەریین بەڵام ئامادەییان لەبوونی یەکتردا هەیە. سەبارەت بەرەهەندی دەروونی لەو بابەتانەدا هاوشێوەی رەهەندی فەلسەفی هونەرمەندان هەریەکەیان زۆر بەئەسپایی و وردبینییەوە کێشمە کێشمی دەروونی بابەتەکانیان خستۆتەڕوو لە ترس و نامۆیی و ئومێد و دڵنیایی و سەرنج ...هتد.

لەرۆمانی (نەتەوەی زێرابەکان)دا. لەدەستپێکی رۆمانەکەدا کاراکتەر رووبەڕووی تەنیایی و بێکەسی دەبێتەوە، بەهۆی ژنهێنانی دووەمی باوکی، کاتێك باوکی ژنە نوێیەکەی دەهێنێتە ماڵەوەو هیچ بەهاو نرخێك لەرووی شکانی دەروونی و دڵەڕاوکێ و سوکایەتی بۆ هەستی خێزانەکەی و (دایکی کوڕەکەی) لەبەرچاو ناگرێت، هەرچەندە گوایە باوکی لەیەکێك لەخێزانە رۆشنبیرو روناکبیر و بەناوبانگەکانی شاری بەغدایە کەچی لەیەك ماڵ کۆیان دەکاتەوە وەکو خۆ سەلماندن و گوێیی نەدان و سوکایەتی کردنێك بەهاوسەرەکەی کە دەڵێت: (ئەو رۆژەی بابم ژنێکی تازەی هێنایەوە ماڵێ داکم دوو رۆژ بوو کراسێکی رەش رەشی لەبەر کردبوو...بابم بەرەنگێکی سپییەك زرەدێکی کاڵی پێداکرابێ لەتەنیشتییەوە دەڕۆیشت.)(ل8). بێ نازی و شکان و رەتکردنەوەی بەرانبەر نیشاندەدات لەپاڵ شڵەژانی باوکی لەنێوان دڵخۆشی لەوەی هاوشانی خانمێکە و لەلایەکی دیکە شکاندنی روحێك وفەرزکردنی کەسێك لەسەری. جگە لە دابەشبوونی خێزانەکەی و تەنیایی ئەو.

جگە لەوەی دوایی هەفتەیەك بەسەر ژنهێنانی باوکی ، باوانی ماڵی دایکی، دایکی دەبنەوە و چۆن کاریگەری لەو دەکات کە لەو گفتوگۆ و خۆ دواندنە دەڵێت: (بەیانی ئەو رۆژە، ئاشنا و هاوسێ، تۆزێك خەمبارانە و سەد هێندە ئازاردانە. دەیانگوت:

- چۆن دڵیان هات ئەو تولفە بێ داك کەن، وەك تێزاب بەسەر ئێسقانەکانمدا رژا و تواندینەوە.

ئەو قسەیە تەواو بەقورسایی مردنەوە هاتە دڵمەوە. قورساییەك کە هەرگیز دڵی جێنەهێشتم.دایکم رۆیشت و دڵێکی لەپورۆ کۆن بۆ جێهێشتم دڵێك لەو کراسە کۆنە رەشەی تەقەتەقی پاپوجەکان کون کونی کردبێت.)(ل9-10). چونکە منداڵ بەسۆزی دایك و شکۆی باوك گەورە دەبێت، لەو نێوەندە دڵنیایی و بەها و باوەڕبەخۆبوون و کەسایەتی کەسییەتی تاك دروست دەبێت، بەڵام ئەو هەر لەسەرەتای تەمەنی لە پەروەردە و بەختەوەرەی بێبەری دەبێت و کەسایەتی پێناگات و پەرەنەسێن دەبێت بەتایبەتیش کاتێك کە باوکی خۆی لێ بێبەری دەکات و دەری دەکات،کە لەم گفتوگۆیە دەڵێت: (

- برۆ دوایی دایکە روو رەشەکەت کەوە.

دڵم بەوە خۆش بوو کە هێشتا داکم پەیوەندی بەو سەر زەمینە ماوە...پێش ئەوەی دەرگا داخاتەوە پرسیم:

- بۆ کوێ؟ بۆ کوێ دوای کەوم؟

بابم لەو دیو دەرگاکەوە گوتی:

- بۆ دۆزەخ.

من دەزانم ئەو بابە زاناو خوێندەوارەی من هەرچی بڵێ راستی تێدایە، من دەبێ بچم بۆ دۆزەخ بەڵام چۆن دەکرێ بەو منداڵیەوە رێگای دۆزەخ بدۆزمەوە. دەکرێ بپرسم بەکام رێگادا؟.)( ل10-11).

ئەو دەرکردنە بۆ ئەو هیوایەکە، بەڵام ساتی گەیشتنی بەشوێنی دایکی بی هیوا دەبێ، بەتایبەتیش لە ترس و دڵەڕاوکێ و قورسی بیستنی هەواڵی مردنی دایکی دەبورێتەوە، لەوەی بۆنی دایکی بۆ هەتاهەتایی لەدەست دەدات، کە لەم گفتوگۆیە دەڵێت: ( - بابم بە پۆلیسێکی هاورێیی دەگوت:

- زۆر باش بوو، ئێستا ئاسوودە بووم.

خەڵکەکە هەموویان بەدوا کەسێکی دیکە دەگەڕان. کەسی دییان نەدۆزییەوەو منیش بۆنی گۆشتی سووتاوی دایکم نەکرد. بەنێوان لاقی خەڵکەکە دەگەڕام. دەبێ داکم لەکوێ بێت؟ ئەوە

دۆزەخەکەیەو ئەوەتا منیش بەدوای داهاتووم، گوێم لێبوو خەڵکەکە گوتیان:
- ئەو هەر دوو چڵ ئێسقان بوو، فڕێیان داوەتە ناو تەندوورەکە، بۆیە دیار نەماوە.

نازانم لەبەر ئەو قسەیە بوو یان هەر بەهۆی دوکەڵە قورسەکەوە بوو لەهۆش خۆم چووم؟)( ل12-13).واتە ترس (ئامادە باشیەکی بۆ ماوەیی هەیە، بەشێکە لەسروشتی مرۆڤایەتی، بەڵام ئەم ئامادە باشییە بەتەنیا نابێتە مایەی ترس، بەڵکو دەبێت کۆمەڵێك فاکتەر و بارودۆخی تایبەتی هەبێت بۆ ئەوەی ترس لای مرۆڤ دروست بکات.)( شەریف: 2004: 70) چونکە مرۆڤ بەبێ دایك هەتیوو دەبێت واتە بێ ناز و سۆزە ئەگەر ڕێژەی لە (03%) ئەم سۆزەیان لەلایەن دایکی دووەم بۆ پڕبکرێتەوە لەگەڵ ئەوەشدا خانمانێك هەن کەوا لەو حاڵەتانەدا هاوشێوەی دایك مامەڵە دەکەن بەڵام زۆر کەمن. بۆیە بەمردنی دایکی و ئەو قسە و قسەڵۆکەی هەڵبستراوە بۆ دایکی دەبێتە خاڵی یەکلاکەرەوەی لەدەستبەرداربوونی شوێنی مانەوەی، چونکە شوێن پەیوەندییەکی روحییە لەنێوان مرۆڤ و ئەو شوێنەی لێیەتی(دایك نیشتمانە -ماڵە).

لەلایەکی دیکە بێباکی و سەرەڕۆیی باوکی لەئاست بەرپرسیاریەتی باوکایەتی کە هیچ بەرپرسیاریەتێکی لەئاست خێزانەکەی هەڵنەگرتووە، بەڵکو دەریشی کردووە بۆیە بڕیاری ڕۆیشتن دەدات و چاوی بەباوکی ناکەوێتەوە نە خاسمە هەڵوێستێکی هاوشێوەی هەڵوێستی ماڵەوە بێت لەو ساتەی دەریکرد، کە دەڵێت: (پێش ئەوەی بابم دەرکەوێت من هێواش هاتمە دەرێ و بەبن دیوارەکاندا شۆڕبوومەوە.)(ل15). مزگەوتەکە جێدەهێڵێت و لەبەردەمی چایخانەیەك رادەوستێت، شۆفێرێك بەخێر لەگەڵ خۆی دەیباتە ناو چایخانەکەو نانی پێدەدات و هەر لەوێشەوە لەگەڵ خۆی دەیبات و دەیکاتە شاگرد لەلای خۆی بەو شێوەیە دەکەوێتە دەستی شۆفێری لۆرییەکان وەکو چاکەیەك کە منداڵێکی پەراگەندەیەو، یارمەتی دەدەن و دەیکەن بە شاگرد لەلای خۆیان کە دەڵێت: (ئیدی تەواو من هەرگیز پێ ناخەمە سەر دۆشەکی خۆشەویستی،...بە ڕوویەك شل و خاو ڕووبەرووی ژیان بوومەوە...کابرای کەتە چۆن بردمییە ناو دوکانەکە، ئاواش دەستی گرتم و هێنامیەوە دەرێ، من ئەو کاتە بەئاگا هاتبووم. سواری لۆریە زەردەکەی خۆی کردم. من تاکە کەسم پێش ئەوەی سواری عەرەبانەو پایسکل و قەمەرە ببم سواری لۆری بم.)( ل20-21-22).

بەو واتایەی خێزان لەفەرهەنگی ئەودا سڕاوەتەوەو بڕیاری جێهێشتن دەدات و هاوتای خەمباریی، حەسرەتێکی زۆر قوڵ بۆ لەدەستدانی خوێندنی دەچێژێت کە دەڵێت: (پێش ئەوەی چەکەکانی بەرەنگاربوونەوە ژیان بناسم لێیانسەندمەوە، من تازە قەڵەم و دەفتەرەکانم بۆ ئەبەد لەناو تاقی ژوورەکەی دایکمدا جێهێشت. قوتابخانەی من، پۆل و تابتشیر، مامۆستا و هاوڕێکانم بۆ هەمیشە لەناو دەفتەرەکانمدا، لەناو جانتا پەڕۆکەم بەجێمان.)(ل18). یاخود لەبێبەری بوونی لەخۆشی ژیان و خوێندن و کۆبوونەوە و خزمایەتی کە دەڵێت: (خودا تازە هەرگیز ڕۆکردنی یاپراخ لەسەر سینی نابینم. هاوسێیەك نایەت سەرمان بدات، پووریکم گلەیی ناکات بۆچی نەچوومە ماڵیان. تازە خاڵم هەڕەشەی ئەوەم لێناکات کە یەکەم نەبم دیاریم بۆ نەکڕێت. تازە جارێکی دیکە کەس پێم ناڵێ بڕۆ بزانە کێیە لە دەرگا دەدات.)(ل19).

یاخود بێبەش بوونی لە شادی و بەرەکەتی جەژن، دەڵێت: (بەسەر چوو هەرگیز چێژنێکی کە بۆنی قەیسی لە ماڵی ئێمە نایەت، دایکم بەخۆی و قاپێك و زەردەخەنەیەکی کشمیشی نایەتەوە سەر سفرە و منیش هەلی ئەوەی بۆ هەڵناکەوێتەوە دەستی باوکم ماچ کەم و ئەویش دەست بەسەرمدا بێنێ و پارەیەك بخاتە باخەڵمەوە.)(ل19). ئەم ڕەتکردنەوەو فڕێدانە دەرەوەی کاراکتەر و هەستکردن بەپوچایەتی دەروون و روحی، کاراکتەر وردو خاش دەکات و ناسنامەی منیەتی دەسڕێتەوە، جگە لەو ئازارە دەروونییەی هەموو ژیانی پێوە بەسەر دەبات. بەتایبەتیش لەگەڵ یەکەم ساتی بوونە شاگردی؛ بێدەنگی بەسەری دەنیشێتەوەو تەنیا دەبێتە وەرگرێك و بەس هیچ کاتێك توانای دەربڕین، ڕووبەڕووبوونەوە، ململانێ نەماوەو نابێت کە دەڵێت: (من بە ڕۆژ و مانگ لەبیرم دەچووەوە کە زمانم هەیە تەنها بەچاو و ئیشارەت لەیەکتر دەگەیشتین.)(ل29). واتە نەك هەر توانای بڕیاری نەماوە، بەڵکو ڕەتکردنەوەی خۆیەتی و تەنیا جەستەیەکە دەژیەت وبەس.

بۆیە ئەو کاتەی لەسکرابخانەکەی شێخ عومەریش جێنشین دەبێت تێکەڵی کەس نابێت و تەنیا و گۆشەگیرە کە دەڵێت: (من تەنها وەك دەنگ دەیانبیستم، وەك وێنەی شێواوی ناو دوکەڵ بەلامدا تێدەپەڕن، چونکە هیچیان روو لەمن نییە.)(ل34). هەر یەکەیان سەرقاڵی ژیانی تایبەتی خۆیەتی، بەلام ئەوەی سەرنج و رامان و دژایەتی لەلای دروستدەکات واقعی تاڵی شار وشێخ عومەرە کە دەڵێت: (شەوانە شێخ عومەر وڵاتی تاژی وسەگ و پیشلە بوو، سەربەست و کامەران بەناویدا دەسوڕانەوە. تەنها بە بۆنی من سەغڵەت بوون کەدیاربوو هێشتا بۆنی ئادەمیزادم لێدەهات...کە چاوم کرایەوە لەناو تاریکی شەقامی شێخ عومەر، هەستم کرد سەرەڕایی تاژیی و سەگی بەرەڵلا دەیان پیاو وژنی دیکە لەناو ئەو سکرابخانە گەورەیە دەژین کە دڵی بەغدایە. دەبێ شێخ عومەر بەدڵی بەغدا بزانی نەك کۆشکە بەرزەکان و ماڵی بازرگان و مەزارگەی شێخەکان جا لەقوڵایی شەودا شارە ئاوەدان و کپ و سیخانەخەکەی شێخ عومەر دەبینی.)(ل48-49). کەوتۆتە شوێنێك بۆنی مرۆڤایەتیان لەیاد کردووە.

ئەمە جگە لەوەی وەسفی چۆنیەتی ژیانیان دەکات لەو بۆشاییەو تارماییەی تیایدا دەژیان کە دەڵێت: (ئەو ژن وپیاوانە...وەك تارمایی دێن و دەچن. ئەوان ژیان و زیندەگی راستەقینەیان لەشەواندایە. بێ تەقە تەق و دەنگە دەنگ بەناو ئەو هەموو ئاسن و لەوحە شکاوانەدا دێن ودەڕۆن. سەردانی یەکتردەکەن و نەخۆشەکانیان دڵنەوایی دەکەن و پسکیتی بۆگەن و لەفەی کۆن لەنێوان خۆیاندا بەش دەکەن. گەڵا تورە قوڕاوی کە کەس نازانێ قوڕاوییە لەیەخەی یەکتردەدەن و کراس و پانتۆڵی دڕاوی یەکتر دەدرونەوە.)(ل49-50). باس لە بۆنی هەژاری و بێنازی و خەم و نەبوونی و بێ رەنگی و تارمایی بوونیان و بێ ویژدانی کەسانی خواپێداو دەخاتەڕوو، چەندە خۆپەرست و نەدیو ودڵرەقن و کەسانی لانەوازیان بەلاوە گرنگ نییە، بۆیە خۆیان دڵی خۆیان دەدەنەوەو یەکتری دڵخۆش دەکەن، ئەگەر بەپاشماوەیەش بێت. لە پاڵ وەسفی خۆی کە دەڵێت: (تا ئێستا کە لەدیتندا هاوبەشی ئەو مەخلوقانەم بەڵام ئەوەی من بە بەغدا و شێخ عومەرەوە دەبەستێتەوە تەنها ئەو پشتە لۆریە زەردەیە کە زۆر دڵسۆزانە و بەوەفایانە لەباران و سەرماو با دەمپارێزێ.)(ل50). کە لەنێو ئەوانیشدا هەست بەبوونی خۆی ناکات و بەردەوام خۆی پێ مەخلوقێکی جیاوازەو تەنیا لەگەڵ بێ گیانەکان هەڵدەکات، چونکە نادوێن.

هەروەها لەباسی ترسی پیاوانی دەسەڵات (پیاوی رووناکی) و چۆنیەتی هەڵکوتانەسەریان و خۆ شاردنەوەی ئەوانیش تاوەکو بەئاسودەیی بخەون کە دەڵێت: (ئەو شەوانەی باران نەبێت لەترسان و لەبەر هێرشی پیاوەکانی رووناکی ماڵەکەم جێدەهێڵم و لەپەنا پشتە لۆریەکەم...چاڵێکم هێندەی باڵای خۆم هەڵکەندووە، تەواو ئەوەندەی خۆم درێژ، شەوانە بەزگە خشکێ دەچمە ناوی و لەوێدا بێ غەم دەنووم...هەر شەوێکیش دنیا ئارام بێت، یان باران ببارێت من ناتوانم بچمە ناو گۆڕەکەمەوە، هەر لەگەڵ کۆچی رووناکی دەچمە ناو پشتە لۆریەکەم و لەگۆشەیەکدا وا رادەکشێم وەك ئەوەی بەشێك بم لەو شڕوشێتاڵە و بۆن و دووکەڵ و بۆن خنکانەی بڵاوم کردوونەوە.)(ل52). کەواتە شەویش کاتی ئەوان نییە و لەژێر چاودێری بەردەوامدان ئەمە لەلایەك.

لەلایەکی دیکە خەیاڵی ئەو گێرانەوانەی بەسەردا دەبارێتەوە کە سەرنشینەکانی نێو لۆریەکان بە تاسەوە باسیان دەکرد بۆیە ئەویش لەخەیاڵدانی خۆیدا وێنایەکی بنیات نابوو دەڵێت: (لەخەیاڵی مندا لەبەغدا خانووەکان تا بنمیچی ئاسمان لەسەر یەك کەڵەکە کراون شەقامەکان ئاوێنەن و خەڵکەکەی پەمۆن. کچەکانی هێشووە ترێن و کوڕەکانی کارامز. دەرختەکانی کریستاڵن و ئاوەکەی مرواری. هەر لەخۆوە وامدەزانی پیاوە پیرەکانی ریش تاشراو و پۆپەشمین لەبەر و بۆ نێرگزن، هەر بەلایاندا تێپەڕی سەد حیکمەتت بەسەردا دەبارێت.)(ل37-38). سروشتی مرۆڤ خەو و حەز و خولیای میسالی و رەهای هەیە، بەتایبەتیش کە لەدوورەوە تەنیا ببستێت ونەیبینێت. چێژ وەردەگرێت و جۆرێك لەشەیدایی و سەرسامی هەیە و تامەزرۆی بینین و دەست لێدانی باسکراوەکان دەبێت.

یەکێك لەو باسکراوە تامەزرۆیانەی هەر لەگەڵ ناو هێنانی دەمیان ئاوی دەکرد، ژنی سفور بوو. بەلای ئەوانەوە ژنی سفور تەنیا

سەربوردەیەکی تینو شکێنی نەفس و دەروون و ئارەزوو بازی و حەزێکی سەرپێی ئەوان بوو. و بەس. بۆیە ئەو ساتەی ژنی سفور روو لەماڵە ئاسنەواڵەکەی ئەو دەکات کە دەڵێت: (بۆنێك دێت کە تەواو بەژیان و فەزای ماڵەکەی من نامۆیە، بۆنێك تەواو وەك بۆنی قەرسیل کە دوای ماوەیەك بێ بارانی هەورێك لەئێوارەیەکدا رشاندبێتی و بایەك بۆ ئێمەی بێنێ. تەواو وەك بۆنی قەرسیلێك کە تازە گوڵی کردبێ...ئەو بۆنە نامۆیە تەنها قژە درێژە تەڕەکەی دەتوانێ ئاشکرای کات، بەڵێ بۆنی ژن دێت. تەڕ و باراناوی.)(ل57-58). بۆ ئەم تەنیا ژنێکەو بۆنی ژن دەدات.

بەڵام سەبارەت بەژنەکە (ژنی سفور) هاوشێوەی ئەوان لە بێ ئومێدی و دەستبەرداری هاوڕێیەکانی و، دالدە نەدانی لەلایەن هیچ کەسێکەوە لەترسی پیاوانی رژێم رووی لەم حەشارگەیەکردووە، بەو هیوایەی کەشوێنی لەبیر چووەکانە بەدوای نەگەڕێن و لێیان بزربێت و نەیدۆزنەوە، کە سەر دەستەکەیان دەڵێت: (ئەو ژنی کاغەزە. ئەوان دەزانن کۆڵانەکانی ئەو سکرابخانەیە سەد ئەوەندەی کۆڵانەکانی دیکەی بەغدا پڕ نهێنی ترن...پۆلێك چەکداری پاڵەوان ئاسا وەك دێو دوای کەوتوون و بۆنی هەموو شوێنێك دەکەن...

-کوانێ، خاوەنی ئەو پێڵاوانە کوانێ؟ هەر ئەویشە ئەو بەیانە بۆگەنانەشی لەناو ئێوەدا بڵاوکردۆتەوە.

لەگەڵ ئەو قسەیە چەند پارچە کاغەزێکیشی نیشاندەدان... ئیدی من لەقسەکانیان و کاغەز و بەیان تێناگەم، هەر ئەوەندە دەزانم بەدوای ژنی سفووردا دەگەڕێن.)(ل 70-71-73). واتە لەشانەی نهێنی کاریکردووەو کاری نهێنیەکانیش بەدڵنیاییەوە لەشوێنە چۆڵ و لەیاد کراوەکان ئەنجامدەدرێن لەرووی کۆبوونەوەو شەرپەرشتیاری، چونکە پارێزراوتر دەبن، بەڵام روونکردنە ئەم شوێنە لەو ساتەدا وەکو ئاماژەمان پێکرد، لە بێ ئومێدی و دڵەڕاوکێی ئەو خانمە دەخاتەڕوو کە پشتگیری لێ ناکرێت و خۆی رووبەڕووی هەموو مەترسی و پێشهاتەکان ( گرتن، زیندانی، کوشتن...هتد) دەبێتەوە.

کەچی ئەم سەرمابردوویی و بێ ئومێدی وبێ هودەیی و ترس و دڵەڕاکێ و خەمی بێکەسی و بەدوا نەگەڕان وهەواڵ نەپرسینی لەلایەن هاوڕێیەکانی لە دواساتەکانی ژیانی لەبەر خۆ گەرم کردنەوە، حەز وئارەزوویەکی ژیان بەرۆکی دەگرێت کە دەڵێت: (گەرمی خەریکە لاقەکانم بسوتێنێ. ئەوەی سەیرە ئەو ئاگرە بۆنی دووکەڵی لێنایە. تەنگە نەفەست دەکاتو کەچی ئاو بەچاوتدا نایەتە خوارێ... بۆنی پەڵە گەنمێکی لێدێت هەتاوێکی ئەوەندە بەهێز لێیدابێت خەریك بێت گوڵەکانی سەری ئاگر تێبەردات. من چاو ناکەمەوە.)(ل60). کەواتە بۆ ئەم خەوێکە و لەخۆشیاندا ناوێرێت چاو بکاتەوەو خۆی وەکو پاشایەك دەبینێ کە دەڵێت: (خودا ژنی سفوور سەری لەو ماڵەی من داوە، تازە با بۆنەکەشی نەمێنێ ناوەکەی. ناوە هەمیشە دڵبەرەکەی هەر دەمینێ ئەو پێڵاوە پاژنە بەرزانە نیشانەی ژنی سفوورە. ئای کوێر بم خۆ من نەمدیت، ئیدی چاو چ سوودێکی هەیە، من دەم و چاو و گەردنیم نەدیت...بەڵام نا، جارێ دڵخۆشییەك ماوە، جەستەم، جەستە فەرامۆش و سەرگەردانەکەم بەچاوە مات و برسی و تامەزۆکانی یەکە یەکە ئەندامەکانی ئەوی دیوە.)(ل62-63). کەواتە ژن لەدید و روانگەی بەشێك لەکەسەکان تەنیا بۆنی ئارەزووی ئەوان پڕدەکاتەوە، چونکە لەسەر زاری سەر نیشینانی شێخ عومەر کە باسی ژنی سفوور دەکرێت جا کچ، ژن، دایك بێت یاخود ژنە شەو بێت لەچاوی ئەواندا ژنی سفورەو بەس، تاکە مەرامێکیش لە ئەواندا وێنا بکرێت تەنیا ئارەزووە.

سەبارەت بەکاراکتەریش کەوەکو خۆی دەیگووت جەستەیەکە و هەر کەسێك شوێن پەنجەی خۆی لەسەر جێدێڵێت، کەچی جێ پەنجەی ژنی سفوریش نابێتە هۆکاری گۆڕینی و بەرەو پێشەوە چوونی، بەڵکو هەر بەپەرەنەسێنی و بێ بۆن و بەرامە دەمێنێتەوە، ئەم دیاردەی بێ بۆن و بەرامە و نەمانی هیچ بەها و کات و سات و شوێنێك لەجیهانە بەتارمایی بوونەکەیان بەدیار دەکەوێتەوە، چونکە لەگەڵ ئەوەی لەباسی تارمایی بوونیان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، لەوەی تارمایی حەوسەڵەی بۆن و رەنگ و ئارەزوو...هتد نەماوە، کەچی لەو کاتانەی کە شەڕ دەستەو یەخەی زەمینیەکان بۆتەوە ئەوان بەناواخنی زێرابەکاندا شۆڕبوونەتەوەو بۆ ئەوەی لەهەموو بوونێك دووربکەونەوە.

هەرچەندە ئەو بڕیار دەدات بەتەنیا بێت و دووركەوێتەوە لەسەرنشینی زێرابەكانیش، كەچی خانمی قژ لفیكە لەگەڵی دێت بۆمەملەكەتی پاشای ئێسقانان، لەگەڵ ئەوەی گەڕاونەتەوە بۆ شارستانیەتی باو و باپیران كەچی هێندە مێشك و دەروونیان بێ بۆنەو كاڵبۆتەوەو خۆیان لەیاد كردووەو هیچ كامێكیان یەكتری نەناسناوە لەوەی دایك و كۆری یەكن و ئەو سەرگەردانییەی بەسەریان هاتووە لەو دابڕانەوە بووە. بۆیە بە بێ ئەوەی بیر لەهیچ بكاتەوە كە دەڵێت: ( ژنەی سەر لفكە لە تارمایی تەنكتر هاتوو لەشوێنی پادشا دانیشت. ئەو وەك تارماییەكی شاژن كە سەدان توێ لەكرێژ و تۆز لەسەر پێستی كەڵەكە ببوو دوو كچ لەدواوە باوەشێنیان دەكرد. بێ ئەوەی مەبەستی بێت ...پێیە رووت و داپۆشراو بەچەندان قەدماغەی رەشی خستە ناو خۆڵە هێجگار وردو قاوەییە رەشەكەی پەیكەرەكەی پادشاوە. مێروولەكان ئەو وردەی پادشایان بۆ شارەكەی خۆیان دەگواستەوە.)(ل207). بەو واتایەی مرۆڤ لەهەندێ شوێن كە چاوی دەسەڵاتی تیدا نەبێت هەست بە بوون و خودی خۆی دەكات لەوەی هەیە و بەتایبەتیش لەلایەن هێزێكی باڵادەستەوە بەردەوام ئەم دەسەڵاتانە دەگوازرێنەوەو دواتر دەبنە كەرەستەی خاوی شارستانیەت و زەمەنێكی تر.

بۆیە كە خۆی لەم حاڵەتی دەسەڵاتە دەبینێت سەر مەست دەبێت و پەلەقاژەی شت دەكات. كە دەڵێت: (ژنە هێشتا لەسەر كورسی سەلتەنەت دانیشتبوو. من هێشتا لەبەردەمی وەستابووم سەیری پادشای بەخۆڵ بووم دەكرد. پەنجەیەكی بەئاستەم لەگونمدا. تارمایی هەرگیز نازانێ كێ و بە چ نیازێك پەنجە لەگونی دەدات.)(ل207-208). واتە هەست، بیر، ئارەزوو...هتد لەدیدو جیهانی ئەوان نەماوە، بەڵكو هەر وەكو شت بەر یەكدەكەون و بەس، كەچی هاوكێشەكە پێچەوانە دەبێتەوە لەم گفتوگۆیە دەڵێت: (ئەو سەری بەناوكم كرد. من هێواشتر لەوەی بیانجوڵێنمەوە پەنجەم لەباوەشێنی دەستی كچەكاندا...ئەو زۆر بەتوندی منی بیخۆیەوە گوشی بوو...من لاقم تێكەڵ بەلاقی بوو...پێیە رووتەكانی هەردووكمان چوو بووە ناو خۆڵە وردەكەی ئێسقانی پادشاوە. من گوتم:

- ئەو پەرەسێلكانە چەند ئاسوودەن.

- ئەو گوتی:

- ئەو وردە خۆڵە بنە پێیەكانم ختووكە دەدات.

یەكەمجارە پادشایەك وەك سەرۆكی گەل كەڵكی بۆتارماییەك هەبووبێ... لەگەڵ ئەو تارماییە وەك دوو پارچەی ئامێرێك بین چووبووینەوە ناو یەك. هەردووكمان لەبۆنی باروووت و بەهەشتی زێرابەكان هەڵاتبووین.)(ل208-209).

ئەوەی جێگەی سەرنجە هیچ پرسیارێك یان سەربوردەیەك ئاماژە پێ ناكەن لەوەی بۆچی دوایی ئەو ماوە زۆرە هێندە روحیان لەیەكتر نزیك بۆتەوە، كەچی لێرە فەوتانی ئەوان دەخاتەروو كە دەڵێ ئامێرن نەك جەستە كە لەبەر دەمی دەسەڵاتێك ئارەزووی خۆیان سازاندووە. كەواتە مرۆڤ ئەگەر مێخی تارمایشی لێ بدرێت ناتوانێت دەسبەرداری هەست و سۆزی بێت بۆ ئەوەی دڵنیایی و مانەوەی پێببەخشێت كە دەڵێت: (ژنەی تارمایی هێشتا پەنجەیەكی دەستمی گرتووە بەوە دەزانم زیندووم.)(ل209). بەو واتایەی مرۆڤ چەند خۆی لەخۆی بشارێتەوە، ناتوانێت دەستبەرداری هەستەكانی بێت ئەگەر بۆ ساتێكیس بێت و چێژ وەربگرێت. كەواتە خانمەكان لەدیدی ئەودا تەنیا چەمكی ژن ژنە و تەنیا بۆ كات بەسەر بردن و حەز و ئارەزوویەكی كاتییە، جا زەمینی بێت یان تارمایی.

بۆیە كاتێك (ژنی كاغەز-ژنی سفوور) لەلایەن رژێمەوە دەكوژرێت تەنیا خەمیانە و ترسنۆكن و ناتوانن هیچ هەڵوێستێك لە بەرانبەر بەرانبەردا بنوێنن، بەڵكو ئەو هەر خۆی حەشاردراوەو نوقەی لێوە نایەت و ناوێرێت هیچ بەرپرسیاریەتێك لەخۆی بگرێت و هیچ بڵێت كە دەڵێت: (دەبینێ چۆن وەك مردوو لەناو چاڵەكەدا راكشاوم. بەجۆرێك لەبەزین و شكستەوە سەیرێكم دەكات...من هەر لەگۆڕەكەی خۆمدا ئەوان دەبینم، هەر لەوچاڵەوە هەست بەكۆتایی دنیا دەكەم.)(ل74-76). كەواتە ئەم هیچ هەڵوێستێكی نییە، هاوڕێ تارماییەكەی پیاوەكانی رژێم بۆ لایەكی تر دەبات و ترسی لەناوچوونی لێ دوور دەخاتەوەو دەگەڕین تاوەكو ژنی كاغەز-سفوور دەدۆزنەوە دەیكوژن وجێدێڵن. سەرنشینانی شێخ عومەر بێدەنگ دەبن و بێ دەسەڵاتن و لەهەمان كاتیشدا تاساو و شپرزە و خەمبارن و لەسەرووی

هەمووشیانەوە توقێون و نوققەیان لێوەنایەت و تەنیا لەتەرمەکە کۆدەبنەوەو سەیری دەکەن کە دەڵێت:( لەو شوێنەی بۆنی خوێنیان رژاندە ناو کەلێنی ئەو ئاسنە ژەنگاویانەی تەنیا باران پێی دەزانی. لەو شوێنە وەستان کە خوێنەکە رژابوو...ئەو بۆنە هەموو کون و کۆخت و ماڵە ژەنگاوییەکانیان گەڕابوو، هەموویانی لەدەوری خۆی کۆکردبۆوە.)(ل79). بەڵام بوێری ئەوەیان نەبوو بەخاکی بسپێرن، بەڵکو لەتەنیایی جێیان هێشت.

دان بەکۆتایی خۆیان دەنێن بەتایبەتیش کاتێ کۆتا نووسراوی لەدەستیدا مابۆوە کە دەڵێت: (تارماییەکان یەکە یەکە کاغەزەکەیان خوێندەوە، بێ دەنگ و کپ، لەو دەستەوە بۆ ئەو دەست، من تەنها یەك تاكە وشەم لێ بیستن، یەك وشەو بەس: نەتەوەی زێرابەکان.)(ل82). بڕیاری خزینە نێو زێرابەکان دەدەن و زەمینی زەمینییەکان بۆ زەمینیەکان جێدەهێڵن کە دەڵێت: (ئەو وشەیە بەلیتاوێکی سوور نوسرابوو. بیروڕاکان لە دڵێکەوە دەگوازرانەوە بۆ دڵێکی دیکە...کاتێك تارمایی دەڕوات، جگە لەئاسن هیچ دڵێکی کە بۆی ناگریەت... لەشکری تارمایی خزی و مرۆڤە تارماییەکان جمین، جرج و مشکەکان سەرقافڵە بوون...تارمایی شەهیدی نییە، ئەو ناوە، ئەو سیفەتە مەزنە، هی ئینسانەکانە. تارماییەکان هەرگیز شەهید نابن، ئەوان وەك بزمارێك لەقوڕ چەقینی ئاوا وندەبن.)(ل 82-83-85-86). ئەمە بێ کەسی و بەدوادانەچوونی دەوروبەر دەخاتەڕوو لەوەی هێندی جار کەسەکان کەسی خۆیان فڕێدەدەن لەیادییان دەکەن جا لەهەر بوارێك لەبوارەکانی ژیان بێت( سیاسی، کۆمەڵایەتی ، هونەری...هتد) کاتێك بەدواییان دەگەڕێن کات بەسەر چووە.

بەڵام پەیامی ئەم لەئاسنت خانمی کاغەزدا تەنیا دەڵێت:( من سەیری پێیە رووتەکانم کرد...ئەوە ئەو پێیانەن ئاگریان لەسنگی من بەردا. ئەو پێیانە دەبوو ئێستا لەباتی ئەوەی لەقوڕ و خوێندا بگەوزێن لەناو پێڵاوە پاژنە بەرزەکاندا بن و بەسەر جادەی شووشەدا بڕۆن.)(ل81-82).واتە رەش و سپی لای ئەو یان رەشە یان سپی. بەو واتایەی مرۆڤ لەو حاڵەتانەدا خاوەنی مانایەك نییە بۆ بەرەنگاری بوونەوەو ململانێکردن، هێندە کاڵە هەتا توانای نییە بیر لەکۆتایی هێنان بەژیانی بکاتەوە، لەبەر ئەوەی مان و نەمانی وەکو یەکە. ئەمە لەلایەك.

لەلایەکی دیکە باس لە بێ لانەیی وبێنەوایی و لانەوازەیی خۆیان دەکات، دەڵێت: (کاتێك تارمایی دەڕوات بۆنی ئەو تەنیا لەسەر ژەنگ جێدەمێنێ.)(ل83).واتە کەس لەخەمی ئەواندا نییەو لەوێوە جیاوازی و هاوتەریبی شوێنەکانیان بۆ دەردەکەوێت کە لەدڵی شتەکاندا هەڵکشان و داکشان چەندە هەیە کە دەڵێت: (لەناو ئەو هەموو ئاسنەواڵە و بۆنی لەحیم و تێزابی پاتری و تەقە تەقی ناحەقم نییە بەغدا نەناسمەوە.)(ل43). بۆیە خۆی دەدوێنێت و دەڵێت: (کوا رێزی دار پرتەقاڵەکانی بەغدا دانە دانە بەدارەکانەوە نین، بەڵکو هێشوو هێشوو بەپرچی لقەکاندا شۆڕبوونەوە، بەبێ ئەوەی منداڵێك دەستیان بۆ بەری، چونکە پرتەقاڵەکانی بەغدا بۆ خواردن نین، ئەو گەرەکە دوورو درێژانەی کۆڵان و ئاسمانیان بەپرچ و لقی پرتەقاڵەکان داپۆشراوە تەنها بەبۆنی کوڵوك و گەڵای پرتەقاڵ دەچین.)(ل43-44).

واتە بەراورد لەنێوان بۆنی بۆگەنی و ساردکی شێخ عومەر و بۆنی خۆشی دڵڕفێنی گەڕەکی خوا پێداوەکان دەکات، یاخودوەسفی نیگەرانیەکانی شارەکە لە زبڵخانە و قەسابخانە و نەخۆشخانە و کون و کونجی نادیار و شاراوەی هوتێل و بازاڕەکان و دڵی بەخەم و چاوی بەفرمێسکی دایکان و ژن و پیاوە بێ بڕیارەکان...هتد دەکات کە دەڵێت:( مێژووی ئەو شارە پێش ئەوەی بگاتە سەر لاپەڕەی کتێب و دەفتەر، پێش ئەوەی بەمەرەکەب و باستیل و رەنگ بنوسرێتەوە دەگاتە ناو ئەو زێرابە دوور و درێژانەی نیشتمانی ئێمەی تارمایی، هەر ئەو مێژووەش هەمیشەتارمایی بوونی خۆمانی بیردەخستینەوە. بەبیری دێنایەوە کە ئێمە چ تارمارییگەلێکی خۆڵێنین و نەفرەتلێکراوین.)(ل102-103). کەواتە ( لەئاسۆ و قوڵایی شارەوە پێویستە وریابین لە ئاوازو ناڵە و ئازار و خۆشی رۆژانەی شاردراوەی خەڵك، کوشتنی بەکۆمەڵ تۆڵەکردنەوە و قرچ و بڕکردنی ناسنامە، لەنەبوونی ئازادی و سەرهەڵدانی هێزی تاریکی و زۆری هێز، وا دەکات ئازادی بۆ قوڵایی کۆڵان و پەیامبەرەکان بگەڕێتەوە.)( النصیر: 2003: 16).

بەردەوام دەبێت لەوەسفی شار و (ئەوەی خەفەت بوو.تێکچوونی هاوینەکەمان بوو. ترسی ئەوەمان هەبوو لەهەر ساتێکدا دیجلە لاشەیەکی قورسترمان بەسەردادا.هەر بەهۆی مەیتەکانەوە جۆری ژیانمان دەزانی، ئەوانەی بەگوللەی خۆمانی کوژراون، برینەکانیان کەورە و فشە، ئەوانی دیکە گوللەکانیان ئاگردارە، ئەو کۆمەڵە بەژەکی تازە بابەت دابێژراون. ئەوانی دیکە دەرمانیان بەسەردا کراوە. ئیدی هەبوو تاقە برینێکی پێوە نەبوو، بەمل و مەچەکیانەوە دیاربوو کارەبا، کارەبا کاری خۆی کردووە.)(109-110). حیکاتخوان زۆر بەوردی و قوڵی وکلیلە وشە باس لەجەرگ بڕیو ماڵوێرانی و شپرزەیی و دڵەڕاوکێ شەڕ و جینۆساید و پرۆسەی ئەنفال وکۆمەڵکوژی کوردان بەتایبەتی و گەلی عێراق بەگشتی دەکات.

کەواتە ناهەمواری و پەشێوی دەروونی و ناجێگیری و باری دەوروبەر وایلێکردوون کاڵببنەوەو ببن بەسێبەر و شەو ورۆژیان لەبیر بچێتەوەو ژیانی رەهایان لەوێ دەستدەکەوێت کە دەڵێت: (سەربەستی راستەقینە لێرە لەقووڵایی زێرابەکان لەناو گواودا هەیە. سەدان زێرابی سەدان کیلۆمەتر درێژ. فراوان بەپەیکەری ئازادی ئەمریکا، رازاوەتر لەبورجی ئیفل. بۆن خۆشتر لەباخچە هەڵواسراوەکانی بابل، زێرابی تەسك و نەوی، کونی درێژ و باریك هەر هێندەی ئەو کونانەی شوێنەوارناسەکانی لەدۆڵی پاشاکانی میسردا گەیاندە سەر لاشەی مۆمیاکراوی فیرعەونەکان. بەلای چەپدا زێراب، بەلای راستدا زێراب، تا قیامەت زێراب، زێراب تا بەهەشت.)(ل93-94) بەڵام سەرەڕای ئەو خۆشی و ئازادییەی لەوێ دەستیان کەوتووەو تیایدا دەژین، کەچی (چاوە خۆڵینەکانمان ترسێکی لەبنهات و دیسانەوە بێدەنگ و تەسایم بووی تێدابوو کە دیسانەوە لەشێخ عومەرەوە لەگەڵ خۆمان هێنابوو. ترس و سامێك دوور لە قووڵاییەوە کە گڵی هەموو دنیا نەیدەتوانی داپۆشێ. سەرەڤرای ئازادییە گەورەکەمان دیسانەوە لەقوڵایی هەڵمی خەستی زێرابەکانەوە چاوی تارماییت دەدی ئەو ترسەی تێدا دەدرەوشایەوە.)(ل118).

دەکرێ بڵێین لەهێڵی کۆ و کەمدا رزگاریان نەبوو بوو، چونکە ئەوان لەدابڕانەوە بۆن وبینین وچێژیان زیاتر کارا ببوو، و ترس و ترسنۆکی مۆتەکەیەك بوو بەرۆکی گرتبوون و ببووە مۆری ناسینەوەیان و خۆیان لەبیر خۆیان ببەنەوە. بەتایبەتیش کاتێ پەیامبەرانی دووەم، پەیامێکی قورستر و ماڵ کاولتریان بۆ دێنن، کە جگە لەشەڕ ئابڵۆقە و سەرەتایی برسیەتی زەمینیەکانە کە دەڵێت: (نیشانەی برسیەتی لەسەر زەوی لای ئێمە کۆتر بوو. بەهۆی شالاوی کۆترەوە دەمانزانی مرۆڤە بەرزە دەماغەکانی سەر زەوی برسیەتیدا تێدەپەڕن.)(ل125). بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئازادی و سەربەستیان بیردەهێنانەوە لەسپیەتی رەنگیان، واتە هیواو نەوایان هەیە کە دەڵێت: (ناخۆشترین یادەوەریش ئەو کاتە بوو کە سپیەتی ئەو باڵندانە هەتاوی بیر دەخستینەوە. هەتاو لەناو چاوی تارمایی راناوەستێ.)(ل131).

یەکێك لەتایبەتمەدی دەروونی و روحی ئازا و ئازاد، بۆماوەیەکیش مت بێت لەنێوان نیگەرانی و بێدەنگیدا دان بەخۆیدا بگرێت، بەڵام بڕیار و پەیامی خۆی (لە دڵ و بیر) بیر ناچێت و بزری ناکات کە دەڵێت: (لەئەنجامدا ئەوان رازی ببوون مات وەك تارمایی لەبنمیچی بێ ئەستێرەی زێرابەکان بفڕن لەنگەر بگرن...سەرەڕای هەموو ئەو گۆڕانە گەورانەی بەسەر کۆترەکاندا هاتبوون زۆرجار پەیامیان بیر دەخستمەوە. پەیام بۆ کێ؟.)(ل131). کەواتە بەردەوام لەململانێیەکی دەروونی دایە لەنێوان دڵنیایی و ترس و دەستپێکردنەوەو رەتکردنەوە، بەتایبەتیش لە پەیامی دووەمدا کە دەڵێت: (ئەو پەیامەش پەیامی رۆیشتن بوو. رۆیشتن و دوورکەوتنەوە، یان ئەوەی کارگوزارەکان ناویاننا بوو، رۆیشتنی بێ جێهێشتن. من لەو پەیامە ئەوەندە تێگەیشتم کە:

(زێرابەکان بەتونێل و رێگا پێکەوە ببەستنەوە...پەیامەکە گوتبووی لەهەموو شارەکان زێرابەکان بەتارماییەکانەوە هەن.))(ل 139).

بۆیە هەست بە تمتومانێکی بێهودە و تەنیایی دەکات و ژیانی رابردووی هاوشێوەی فلمێك دێتەوە پێش چاو کە دەڵێت: (بەپێچەوانەی سروشتی رەگەزی تارمایی بوونمەوە، بۆ یەکەمجار رێگا دوور و درێژەکانم بیرکەوتەوە.

ژیانی ئەو دیو جامی پێشەوەی لۆرییەكان، بۆنی توندی هەموو ئەو میوانانەی لەگەڵمان سواربوون، بۆنی سەخت و بۆن و تەگەی ئەو شۆفیرانەی خۆیان بەمن گەرم دەكردەوە. هەرچەندە ئەوان گەرمتر دەبوونەوە من كاڵتر دەبوومەوە)(ل141). بەو واتایەی زۆر جار ئەو حاڵەتە یان ئەو پێشهاتە تفت و تاڵانەی رووبەڕووی كەسێك دەبێتەوە هۆكارە لەوەی دەستەمۆی دەوروبەر بێت و ببێتە شوێنكەوتەو و كاڵ بێتەوە كە دەڵێت: (نازانم من لەو تەمەنەدا هەرگیز بەرەو رووی دەرختێك یان عامودێكی كارەبا نەڕۆیشتووم هەر ئەوان زۆر بە پەلە بە لامدا تێپەڕیون، شارەكان، خانوو و باخچەكان، گۆڕستان و مەزارگەكان بەلاماندا غاریاندەدا، بێ ئەوەی فریاكەوم سڵاوێك لەهیچ كامیان كەم.)(ل141-142). بۆیە وەك هەموو جارەكانی پێشوو لەگەڵ هاوڕێی تارماییەكانی مل دەدەنە تونێل لێدان و بەردەوام دەبێت لەسەر هەمان رێچكەی بڕیاری بەتارمایی بوونی و دەڵێت: (لەوێ لەتونێل لێدان من ئەندازیاری رێگابووم، من نەخشەی سەدان رێگام دەزانی. ئەو رێگا پێچاوپێچانەی دۆڵ و شاخ و دەشتەكانیان دەبڕی، من لەوێ پێشەنگ بووم لەنەخشەكێشانی تونێلەكان پێشەنگ و ئەندازیاربووم.)(ل143).

بەم شێوەیە لە بێ دەنگی و گۆشەگیری دەمێنێتەوە كە دەڵێت: (لەو ساڵانەدا تونێلەكان بۆقووڵایی بیابانەكان درێژكرانەوە. تا تارماییەكان نیگەرانتربان درێژتر دەبوونەوە، نیگەرانی واتا كەمبوونی خواردن و زۆر و زۆر بوونی تەرمەكان.)(ل188). تاوەكو هاتنی لەشكری بیابان لە بێكەسی نەخزاونەتە زێرابەكان، بەڵكو لەپێناوی مانەوە خۆیان شاردۆتەوە تاوەكو پێشهاتێك یاخود رێكەوتن لەنێوان خۆیان دەكەن رووبەڕوو دەبنەوە، بۆیە بەلای تارماییەكان جێگەی خۆشحاڵی نین چونكە ئەوان توخمێك یان رەگەزێكی زەبەلاحی دژی تارماییان لەگەڵ خۆیان هێنابوو لەم گفتوگۆیە دەڵێت: ( - ئەوان بۆنی ئومێدیان لێ دێت.

من لەهەموویان ترساوتر پرسیم:

- پێمان بڵێ بۆنی ئومێد چۆنە،

ئەو ئارامتر لەهەمیشە گوتی:

- ناتوانم پێتان بڵێم كەبۆنی ئومێد چۆنە تەنها ئەوەندە نەبێت كە بۆنی ئومێد تێكەڵەیەكە لەبۆنی باروت.)(ل196-197). لەكاتێكدا (تارمایی بەرگەی ئەو بۆنی باروت و ئومێدە ناگرێت، باروتێك بستێك لێتەوە دوور.)(ل199).

بەو واتایەی تارماییەكانیش لەگەڵ ئەوەی لەبیر و دڵی كەس نین، كەچی لە لێواری مەرگن، بۆیە لەگفتوگۆی نێوانیاندا كە دەڵێت: (گەنجە تارماییەكە گوتی:

- بەڵێ گەورەترین دوژمن.

ژنەی تارمایی هاودەمم گوتی:

- وانییە، تارمایی دوژمن و دۆستی نییە.)(ل193). دەكرێ بڵێین (مرۆڤ مافی نییە شتێكی خۆشبووێت یان رقی لێبێتەوە، ئەگەر معریفەیەكی تەواوی سەبارەت بەسروشتی ئەو شتە یان ئەو بوونە نەبێت.)( عبدالمعطی: بدون سنة الطبع: 118). واتا نابێت تەنیا لەبەر هەڵچوونێك یان بێزارییەك بڕیارێكی بێ ویژدانانە بدرێت " بەتایبەتیش كوشتن"، كە وایان لێكات ببن بەهاوشێوەی زەمینیەكان و ببن بە بكوژ كە لەبنچینەدا لەبەر باری ناهەمواری و تێك نەگەیشتن لەگەڵ هاو زەمینیەكان ئەوان زەمینیان جێهێشتبوو.

بەڵام گەنجە تارماییەكە بەردەوام دەبێت لە گفتوگۆ كە دەڵێت: ( - ئەو مەترسییە گەورەیەی كەدەبێ تارمایی بیكوژێ ئا، دەبێ بیكوژێ و خوێنی برژێ.

ژنە تارماییەكە بەو پەڕی سەرسامییەوە كە تاو ئەو كاتە ئەو سەرسامییەم لەهیچ تارماییەكدا نەدیبوو، گوتی:

- چی؟ تارمایی بیكوژێت و خوێنی برێژێت؟)(ل194). كەواتە ئەوان هەرچەندە بێ ناسنامەو كاڵ و خۆڵن، بەڵام لێوان لێون لەئازادی و خۆشەویستی. رەتیدەكەنەوە بكوژ بن ، هەرچەندە بەهاتنی ئەوان رووبەڕووی سەخڵەتی و شوێن لەقبوون و مەترسی بوونەتەوە، كەچی دەستكراوەیی و هاوبەشییان لەبەرانبەریاندا نواندووە بۆیە دەبینین تارمایی پەیكەرساز دەڵێت: (ناچارم بڵێم تارمایی هەرگیز دەستی ناچێتە خوێنی كەس و هیچ هۆكارێك نییە تارمایی ناچار بە رق و توورەیی و كوشتن بكات.)(ل194).

بۆیە لەباسی راستی خۆیان تەئكید لەراستی ئەوان دەكاتەوەو دەڵێت: (راستە تارماییەكانی هەموو جیهان ماتن، مات. بەڵام هەرگیزاو

هەرگیز غەمبار نین. غەمباری ئەتواری کەسێکە نەك (تارمایی) ئەتواری بنیادەمەکانی سەر زەوییە نەك تارمایی. بەڵێ ئومێدەواری گەورەترین هەڕەشە بوو لەنەتەوەیی تارمایی بکرێت.)(ل197). کەواتە ئەوان وەك خۆیان دەڵێن خۆیان لە تەنیایی و بێکەسی و خۆشەویستی و بێ لانە و نەوا یەکلاکردۆتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان رەتناکەنەوەو بەڵکو وەك هاوبەش و هاونەوای خۆیان مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن، کە لەقۆناغێکی ترس و دڵەڕاوکێ و خەمی لەناوچوون دەژین، لەوەی رووبەڕووی فەوتان و لەناوچوون بوونەتەوە، کەواتە دەکرێ بڵێین زەمینیەکان یاخود زۆرینەی دەوڵەمەند و خوا پێداوەکان هەست بەبوون و خەمی بەرانبەر ناکەن تاوەکو پێشهاتێك نەیەتە پێشیان یاخود نەیبینن، بەڵکو هەندێجار گاڵتە بەم توێژانە دەکەن لەوەی بەم شێوازە قێزەونە دەژین کە دەڵێت: (بۆنی ئومێد و بارووت ئەوەندە لێك نزیکن کە لەیەکتری جیاناکرێتەوە.)(ل199). بەو واتایەی هیوا و خۆشی و ناخۆشی وەك دوو دیوی پارە وان بەیەکەون لەوەی بارووت دەسەڵات لەناو دەبات و ئومیدیش ئازادی دێنێتەکایەوەو بە پێچەوانەشەوە لەو نێوەندەشدا چەند باجەدرێت؟.

هۆکاری ئەم ململانێیەیە وایان لێدەکات بێ هیوا بن و ملکەچ و دەستەمۆیی خۆیان درێژە پێ بدەن و جارێکی دیکە بەناخی زێرابەکان شۆڕببنەوە کە دەڵێت: (چووینەوە ناو تونێل و رێگا دوور و درێژەکانی ژێر زەوی. من ملی ئەو رێگایانەم گرت کە پێشتر بۆ خۆم ئەندازیاریان بووم...دەمویست بۆ پایەختی پەیکەرە ئێسکەکان بڕۆم و لەوێ لەسەر کورسیەکی گەورە کە لە ئێسقانی ئینسان دروستمان کردبوو بەساڵ دانیشم، دانیشم تۆز ئەوەندە لەسەرم بنیشێ تا دامدەپۆشێت و بۆ یەکجاری تەڕایی چاوەکانم وشکدەماتەوە. چاوەڕێ دەبم تۆز بمشارێتەوە.)(ل199-200). کاراکتەر زۆر بە ئەسپایی و وردییەوە دوو بابەتی گرنگ لەو سەفەرەی دەوروژێنێت، خۆشەویستی و ئیرەیی ، پەیوەست بوون و هەڵپەساردنی مرۆڤ بەدەسەڵات، کە شارستانیەت لەدوایی شارستانیەت لەسەر یەکتری کەڵەکە بووەو بەردەوامیەتی مانەوە لەو دەسەڵاتەو، دەستاو دەستکردنی دەسەڵاتەکەش تا ژیان و ژیاری بەردەوام بێت. کە دەڵێت: (گەورەترین ئارەزووم ئەوەیە لەسەر کورسییەك کە لە ئێسقان دروستکراوە بە ساڵ دانیشم و تۆزی ورد و قورس وردە وردە هەر بەهێواشی خۆیەوە بێ ئەوەی هەست پێبکەم داماپۆشێ.)(ل202).

بەردەوام ترسی دەسەڵات لەوەیە لەلایەن دەسەڵاتێکی دیکەوە کۆتایی پێ بهێنرێت و لەناو ببرێت کەدەڵێت: (کێ دەڵێ بەئاگا بێن زەمەنمان لێناکەنەوە بە پێشبڕکێ و ململانێ و ژمارە...لەهەمووی ناخۆشتر کێ دەڵێ ئەو پادشایەی هەر ئێسکەی لە کەسێکەوە هاتووە سیستەممان بۆ دانانێ و گروپ گروپ و لەت لەتمان ناکات...هەمووان دەزانن سیستەم دوژمنێکی دیکەی گەورەی تارماییە. سیستەمێك نەتەوەی تارمایی فڕێدایە ناو زێرابەکانەوە.)(ل203). بەو واتایەی کەسەکان کاتێ بڕیاریان لەسەر دەدرێت لەوەی رەتبکرێنەوە هاوشێوەی کاراکتەر کە لەمنداڵی بەسەری هات، یاخود لەناو ببردرێت وەکو دایکی کە کوڕی خۆی ناناسێتەوە...هتد.

کەواتە ئەوان زۆر قۆناغیان لەقۆناغەکانی کەسیەتیاندا بڕیوەو زۆر بەتوندی و بێ بەزەیانە مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە تاوەکو گەیشتوونەتە قۆناغی تارماییبوونیان کە دەڵێت: (تارمایی هەرگیز نابێت ترسی بە دڵدا بێت. چونکە ئەو لەترس رەخسیوە و ترس لە چی؟ لەدڵێکدا ترسی تیدا بێت مێخی تارمایی لە ناویدا دەڕزێت و نامێنێ. تارمایی نە ئازایە نە ترسنۆك، نەپاڵەوانە نە خوێڕی. نە مەردە نە نامەرد. تارمایی رەنگی نیە لێ ترسا بژاکێ. هەستی نیە لەترسا بڕووخێ. رووحی نیە لەترسا بچێ.)(ل204). واتە لەناوچەی خۆڵەمێشی ژیاری دەکات و خاوەن پێگە و بڕیار و رابردوو، و داهاتوو نییە، تەنیا لە ئێستای دەگوزەرێت. بۆیە دەڵێت: (تا ناخی زەوی هەبێت تارمایی دەتوانێ بمێنێتەوە.)(ل210). بەڵام شەڕ و جەنگ هێمنی و ئارامی و سەقامگیریان نایەڵێت. لەم بارەیەوە دەڵێت: (ئەو رۆژەی بۆ یەکەمجار زەوی زێرابەکان لەهەموو لایەکەوە لەرزی، گرمەو ناڵە تەواوی تونێلەکانی گرتەوە. لەوە بوو زەوی قەڵش قەڵش بێت و شارەکان بەتەواوی پێکهاتەکانیانەوە بکەونە خوارێ. ئەوەش گەورەترین رووداوی راستەقینە بوو کە لەشکری

تارمایی لەناخەوە بلەرزێنێ، نیشتمانەکەی بخاتە مەترسییەوە.)(ل210).

ئەم هۆکارە وایکرد تارماییەکان لەهەر تونێلێك بن بگەڕێنەوە زێرابەکانی چینی سەرەوە کە دەڵێت: (لەشکری تارمایی کە پێشتر دابەش ببوون، بەتونێل و زێرابە فراوانەکاندا بڵاوببوونەو، کۆمەڵ کۆمەڵ بەرەو شاری ئێسقانەکان دەهاتن لەهەموو لایەکەوە تونێلەکان دەهاتنەوە سەر ئەو شارە.)(ل211). چونکە جەنگ هەموو لایەکی گرتبۆوەو خەڵکی زێراب و زەمینیەکان بە ئومێدی ئازادی رووبەڕووی لەناوچوون ببوونەوە بۆیە ( لە قەلاتی سەڵتەنەت هاتمە خوارێ...گەڕامەوە بۆ زێرابە هەرە گەورەکانی بەغدا بەهۆی تەقینەوەکانەوە لە زۆر جێگاوە شەقیان بردبوو بەڵام هێشتا تاقگەکان بە تەوژم وخێرا بوون، پەیکەرە شووشەکەی ئەلحوسەیری تاچۆکی بەئاودا چووبوو.)(ل213). کاراکتەر زۆو لێهاتووانە وێنای ژیانی لەلێواری مەرگ و بەردەوامیەتی ژیانی کردووە لەنێو ئاو و نوقمبوونێکی چارەگیدا و هاوتەریب لەگەڵ باری نالەباری خەڵکەکە کەدەڵێت: (ئەو کۆترە تازانەی کە دەهاتن لەرزیو تەنگە نەفەس بوون، دوای ماوەیەکی کەم دەمردن و بەئاودا دەچوون. بۆنێکی نیگەران و غەریبیان بەزێرابەکاندا بڵاو دەکردەوە شتێکیان لەبۆنی باروت تیدابوو، بەڵام زووتر لەئومێد خەڵکیان دەکوشت، ئەو بۆنەمان ناو نا بۆنی بریسکە بڕی چاو، ئەو بۆنە تازەیەی لە کۆترە مردووەکانەوە بەرزدەبۆوە چاوی دەچوزاندەوەو هەناسەی تەنگ دەکردین.)(ل213).

کەواتە چەکە نوێیەکان نەك هەر هۆکاری کۆمەڵکوژین، بەڵکو دیموگرافیای ناوچە قڕدەکەن و کەشە هەواش دەگۆڕن و دەیفەوتێنن، چونکە دوایی مردنیشیان کاریگەری ئەرێنیان هەیە، واتە خەڵك لە خۆشاردنەوەشدا لە ئافات و کاریگەری ئەم چەکە نوێیانە رزگاری نابێت کە دەڵێت: (چەندان باڵندەی جیاوازی دیکە بەلافاو خۆیان بە زێرابەکاندا کرد و هەموو شوێنێکیان داگیر دەکرد. کەس نەیتوانی پێشیان لێبگرێت...بەڵام زۆر زوو هەروا بەلافاو دەستیان بەمردن کرد. ئەوەندە باڵندە لای پەیکەرەکەی عبدولئەمیر مرد بوون و کەڵەکە ببوون خەریك بوو پەیکەرەکە بشارنەوە. ئەو مردنە بەکۆمەڵەی باڵندەکان زێرابەکانیشی پڕکرد لەو بۆنەی کە لە ئومێد و باروت کوشندەتر بوو. نەدەکرا بەرگەی بگرێت.)(ل214). ترازان و فەوتان دەستەو یەخەیان ببۆوە هەر ئەمەش وایکرد نەتەوەی زێرابەکان بۆ یەکەمجار بۆ سێ بەش دابەش بن (* لەبەشی فەلسەفە ئاماژەمان پێکردووە) و بیر لەکۆچ بکەنەوە دوایی کۆچی گەورەیان، جارێکی دی دوایی دۆزینەوەی ئاسۆی سەربەستی و سەربەخۆی خۆیان، لە یەکتری بترازین و بەرەو داهاتوویکی نوێ و نادیار هەنگاو بنێن و بڕیاری رووبەڕووبوونەوەی خۆشی و ناخۆشی و ترس و ئازادی ژێر دەستەیی و ئازادی ژیان ببنەوەو ژیان بکەن هەرچەندە نازانن چی چاوەڕێیان دەکات و رووبەڕووی چی دەبنەوە.

حیکایەتخوان بەوردی چۆنیەتی ئەم ژیان و ژیارییەی وردتر لەروانگەی دەروونی و تێڕوانییەکانی عبدالقادر سوڵتانەوە خستۆتە روو کە دەڵێت: (ئەو رۆژانەی بەغدا بووە مەیدانی شەڕ.. هەندێ جار زرێپۆش بەخێرایی بەزنجیر وتایە قورسەکانیانەوە تێدەپەڕین و شەقامەکەیان دەلەراندەوە. نەك دانیشتوانی شارەکە، خەڵکی ناو کتێب و سیپارەکان قفڵیان لەدەروازەکان دابوو، زەحمەت بوو کتێبێك سنگی خۆیت بۆ بکاتەوە.)(ل224).ترس و تەنیایی ودڵەڕاوکێ و نیگەرانی هێندە باڵی بەسەر شاردا کێشاوە تا ئەو رادەیەی کە دەڵێت: (لەو رۆژە تاریك و پڕ دووکەڵانەدا بۆ یەکەمجار تەرم لەوسەرو سەری شەقامی رەشید کەوتن و پیاوچاکێك ئەرکی ناشتنیانی نەخستە سەرشانی خۆی.) (ل224). ئەمە دەلالەتی پەککەوتەیی ورەنجەڕۆیی ژیاریی و بۆنی دووکەڵی ئاگری شەڕی لەو کۆمەڵە قوربانییەی بە ئومێدی ئازادی لەجەنگ کەوتۆتەوە خستۆتەڕوو.

بۆیە لەو رۆژانەدا (بێ سەمەری و هیچی کتێبەکانی بۆ دەرکەوت. هەموو ئەو دەریاو لافاو و گەردەلولانەی ناویان نەیانتوانی دڵۆپە ئاوێکی بدەنێ و لە تینوەتی رزگاری کەن...ئەو ئەوەی زانی کە لەدوایی بەرد کتێب رەقترین شتی دونیایە. ئەو لە برسان و لەتینوان لەناوەندی یەکێك لە ژوورەکان رادەکشا و سەری لەگێژەوە دەهات و بنمیچی ژوورەکە خەریك دەبوو بەسەریدا بڕمێ. گەورەترین ئاواتی ئەوە

بوو...پێست و ئێسك و گۆشتی توێ توێ بێت و وەك كاغەزی لێبێت و ببێتە كتێبێك.)(ل226-227). واتا كاراكتەر رووبەڕووی دژیەكییەك بۆتەوە لە بەراوردی نێوان كایە و بوارەكاندا لەوەی چی پێشكەش دەكەن و چۆن؟ خزمەت دەكەن.

جگە لە بەراورد و جیاوازی لەنێوان ئاشتی و توندو تیژی، بەهاو بێ نرخی، شكۆ و بی كەڵكی. لەلایەكی دیكەشەوە بەراوردی خۆی "مرۆڤ" و كتێبی دەكرد تا رادەی ئیرەیی بردن لەوەی ئەگەر فەرامۆشیش بكرێن بەنەمری دەمێننەوە كە دەڵێت: (ئەوەتا كتێبەكان بە وشە و رستەی خۆیانەوە دەمێننەوەە لە مێشكێكەوە دەچنە مێشكێكی دیكەو لەدەستێكەوە دەچنە ناو دەستێكی دیكە. چەند كۆنتر بن نرخیان زیاتر دەبێت، ئەویش چەند كۆنتر دەبێت بێ بەهاو هیچتر دێتە بەرچاو.)(ل227). ئەمە شڵەژاوی و پەرتی و سەرلێشێواوی و ناجێگیری تاك لەو ساتە ناسك و ململانێیە مەرگەساتبارییە دەخاتەڕوو، كە هەر ساتەی بڕیارێكی نادیار بدات.

ئەمانە هۆكار بوون لەوەی حەزێكی رەها بیتەنێت لەوەی سەرجەم مرۆڤایەتی بكرێتە كتێب چونكە (بەلایەوە پەشم بوو كە ئەو هەموو ملیار مرۆڤە زیندووە بكرێنەوە بۆ دۆزەخ یان ژیانی بێ ماناو بێ كۆتایی ببردرێن.)(ل228). واتا ژیان لەناوچەی بەتاڵدا لە "خەیاڵكردن و وڕینەكردن" و ئومێدی ئازادی و فەوتان بەسەربەرن. بەڵام بە ئەسپایی هەڵدەستێتەوەو ورە بەرنادات. بڕیاری هاتنە دەرەوە دەدات كە دەڵێت: (لەبەر خۆیەوە گوتبیەوە"بێ ئومێد مەبە" هەستاو بەزۆر پەردەی پەنجەرەكەی لادا، تا سەیرێكی شەقامی چۆڵ و كەبابخانەی لەو چۆڵتر بكات. ئەوە چەند رۆژە زرێپۆش و تانك لەو شەقامە شەڕیانە.)(ل231-232). دەچێتە دەرەوە بەڵام بەسەر خەراباتێكی دیكە دەكەوێتەوە كە دەڵێت: (كە دەرگای كردەوە بۆنی قورسی رزینی گۆشت لەو خێراتر سەر پلیكانەكان دەكەوت و بەرەو رووی ئەو دەهات.)(ل232). بەسەر تەرمی هاوڕێیەكانی دەچێت هەریەكەیان لەلایەك كەوتووەو نیگای دەشێوێت و بەرچاوی لێڵ دەبێت لە لەدەستدانی هاوڕێیەكانی، خەریكە بگریەت بۆیە دەڵێت: (بێ ئومێد مەبە، كات بە بەریەوە ماوە. ئەوە یەكەم جارە دەڵێت " كات بە بەریەوە ماوەو ناڵێت تەمەن بە بەریەوە ماوە" جا جیاوازی چییە... راستە ئومێد ماوە.)(ل235-236).

لەپاڵ ئەوەی ژیان بەرەو لێژی و فەوتان لەناوچوون دەچێت ئەو لەململانێیە لەپێناو مانەوەدا بەتایبەتیش كە (لەپشت دووكانەكە فلینێكی ئەستوور دەدۆزێتەوە كە هەندێ ئاو لەبنەكەیدا ماوە. لەگەڵ یەكەم دڵۆپە ئاو دەكەوێتە سەر لێوی چاوەكانی گەش دەبنەوە وەك جاران بۆنی هەڵمی قاوەخانەی بەرازیلی دەكات.لای تەرمی هاوڕێكەی لەسەر لێواری تەختەكە دادەنیشێ، دەیەوێت گوێی لەدەنگی پێكەنینەكەی بێت. لەناكاو دەنگی گوللە و تەقینەوەو ویزە ویز هەواو ئومێدەكەی ئەو كون كون دەكەن.)(ل236). واتە لەگەمارۆێكی قورس و ئاڵۆزدان، بەتایبەتیش كە بەشێك لە لەشكری تارمایی بڕیاری ژیارییان دابۆوەو بەئومێدەوە گەڕابوونەوە سەرزەمین.

بەڵام دەستڕێژی لەناكاوی گوللە و دەنگی تەقینەوە ئومێدەكەی دەبڕنەوەو بەتایبەتی كاتێك لاشەی (خێزانەكەی كە سەرەتا نایناسێتەوە) خانمی قژ تەلی قاپان دەبینێت، میری كتێب لێ نزیك دەبێتەوە (دەموچاوی ئەو ژنە سەرنجی رایدەكێشی!...چی عبدالقادر بەو مەخلوقە خۆڵەوە دەبەستێتەوە؟ زیاتر سەری لە ژنە كەوتووەكە نزیك دەكاتەوە...ژنەی تارمایی بەئاستەم چاوەكانی لەژێر باری تۆزو خۆڵدا دەكاتەوە. بەئاسانی ئەو دەموچاوە دەناسێتەوە كە لەكاتی ترسێكی قوڵتردا جێیهێشتبوو. هەموو ئەو هێزەی ماویەتی كۆیدەكاتەوە، لێوە رەش و هەزار قەڵشەكانی بۆ دوا جار دەجووڵێنێ. ئەوەش دەبێتە یەكەم قسە ژنەی تارمایی لەگەڵ مێردەكەی كردبێتی، دەڵێت:

- عبدالقادر واز لەمن بێنە، هاوڕێ پۆلیسەكەت باش دەزانێ من لەتەندوورەكەدا سووتاوم.)(ل238). یەكەمجارە بیر لەخانەوادەكەی

بكاتەوەو هەست بكات لەدەستچوویەك و دۆڕاوێكی وێڵە و دەگەڕێت. لە كاتێكدا ئەو هەمووتەمەنی لەدوا خۆشی و ئارەزووەكانی خۆی بووە. زۆر جار مرۆڤ بە لەدەستدان و فەوتانی خۆی لەپشت بوونێك یان شتێك دالدەدەات و خۆی لەخۆی دەشارێتەوە. وەكو چۆن خۆی لەخودی خۆی بزربووەو نایدۆزێتەوە، بەشتگەلێك

وێنای دیكەی خۆی نیشانی بەرانبەر دەدات و خۆی لەناویدا بزردەكات. سوڵتانی ژن و كتێبیش یەكێكە لەو خۆلقێنراوانەی لە پەنای ژن و كتێبدا خەم و لەدەستدانی خۆی شاردبۆوەو، وەك رۆشنبیرێك بەدواییی دەستنووس و بەڵگەنامەوە بوو، وە لەپاڵ بەڵگەنامەكانیش ماڵی كتێب ماڵی ژن بوو، كە بەم شێوەیە وەسفی دەكات و دەڵێت: ( ئەو ماڵە تەنها لۆ كتێب نەبوو. شەوانە دوور لەچاوی خەڵك لەوێ دەمایەوەو ژنە دۆست و كچە كاولیەكانی تێدا دەدیتن. هەندێ چار...بیر لە ژمارەی ئەو ژنانە دەكاتەوە كە لەو پەنجا ساڵەی دویدا هاتوونە لای كە هیچی وایان كەمتر نییە لەژمارەی كتێبەكانی، هەر بۆیەشە بۆنی ژن و كتێبی تێكەڵكردووە. جوانترین ژنیش لای ئەو ئەو ژنەیە وەك كتێب بەلەزەت بێت و وەك ئەویش بێ تەكلیف. باشترین كتێبیش بۆ ئەو ئەوەیە زۆر سەمیمی ە دۆستانە بچێتە ناو دڵییەوە.)(220-221).

بەو واتایەی هەموو ژیانی لەنێوان ژن وكتێبدا كۆكردبۆوەو هیچ هەست و سۆز و بەرپرسیاریەتێكی لەبەرانبەر خێزانەكەی نەبووەو لەئەستۆ نەگرتبوو . بۆیە كاتێك بریاری گەران بەدوایی كوڕەكەی دەدات بۆ ئەوەی بیدۆزێتەوە، بەڵام (پێش ئەوەی فریاكەوێت هەستێتە سەرپێ و بچێت زێراب زێراب و تونێل تونێل بەدوای كوڕەكەیدا بگەڕێت قەنناسێك لەدوورەوە پارچەیەك لەدڵی هەڵدەگرێ و بۆ هەمیشە بەپایە پتەوو بریندارەكەی شەقامی رەشیدییەوە دەنوسێنێ. ئەو پایەیەی لەبەردەم قاوەخانەی بەرازیلییە بۆ ئەبەد لەجێگای دڵی عبدالقادر وهەموو كتێبەكانی ماڵەكەی لێدەدات.)(ل240). بەو واتایەی یەكێك لە نەهامەتی و تێنەگەیشتوویی مرۆڤ گەلێك لەوەدایە بەهاو هەست و قەوارەی بوون و شتەكان نازانن، تەنیا لەلێواری كۆتایی نەبێت ، لەو كاتەدا كات بەسەردەچێت و هاوشێوەی قومارچییەك مایە پووچ دەبن و لەدەستیان دەچێت.

سەبارەت بەكارە هونەرییەكانی هونەرمەند محمد اسماعیل. بەسەلیقەیەكی ورد و سەرنجڕاكێش رامانەكانی خۆی لەهێڵ و رەنگ و قەبارە خستۆتەڕوو. لەتابلۆی ( مرۆڤەكانی ئەم سەردەمە) - 1- هونەرمەند لەرێی گۆڕانی چۆنیەتی هۆكارەكانی پەیوەندیكردنی تاكەكان دەڵێت: (گۆڕانكاری لە تەكنەلۆژیای سەردەم، بنچینەی هێنانەكایەی جۆرە گۆڕاوەكانی پەیوەندیكرن بوو، كە كاریگەری هەبوو لەتێگەیشتنمان و بێبەریش نەبوو لەو كاریگەرییە دەروونیانەی لە دەروونی تاك هاتەكایەوە جا چ بەلایەنی ئەرێنی یان نەرێنی بێت.)(چاوپێكەوتن: اسماعیل: 2022). واتە ئەم حاڵەتە دەروونییەی بەشێك لەتاكەكانی ئەم سەردەمەی لەو مشتومڕ و پەشێوی و گەرەلاوژەو دووبەركی و پوچی و تێك نەكەیشتنە دەخاتەڕوو، و بۆچی مرۆڤایەتی بەم توند رەویی و توندوتیژییە مامەڵە لەگەڵ خۆیان و دەوروبەردا دەكەن. ؟ئەم پرسیارە مایەی رامانە، چونكە مرۆڤ ئەگەر بەرانبەر خۆی توند نەبێت یاخود هەست بەكەمایەتیەك نەكات (جا باوەڕ بەخۆبوون، دڵنەوایی، هۆكاری بۆماوەیی...هتد و هەروەها هۆكاری پەستانی تەكتەلۆژیا لەئێستادا)، بەرانبەر بەرانبەر توند وتیژ نابێت و پەلاماری ئەوانی دیكە نادات. بەتایبەتی كاتێك باگراوندی تاریك و كاڵی بەكارهێناوەو فۆرمی پۆرتەرێتەكانی شێواندوە بەلێدانی فلچە و رشاندن و رژاندنی قاوە بۆ ئەوەی حالەتە دەروونیەكە لەكارە هونەرییەكاندا روون و ئاشكراتر بێت.

دەكرێ بڵێین تاكەكان پەنا بۆ ئەم شێوازە نەخوازراوە دەبەن لەبەر چێژوەرگرتنی سادییەت یان نرجسیەت یان سایكوباتی بوونیان یاخود نمایشكردنی دووركەوتنەوەو خۆلادان و هەستكردن بەئازار، لەگەڵ ئەوەی ئاشكرایە هەمووان دەزانن ئازاردانی بەرانبەر لە بنچینەوە وامان لێدەكات ئازار بكێشین، ئەكەر بەروالەتی كەسی ئازار بەخشیشەوە دیارنەبێت لەوەی ئازاری كەسانی دیكەی داوە. یاخود بە تایبەتی لەوكاتەی بەرانبەر هیچ هەڵوێست وەرنەگرێت و دژایەتییەك وململانێیەك نەكات، بەڵكو كەسانی لێبوردە و هێمن بێوەین، بەڵام وا هەستدەكات هەرەشن بۆیان. لەم بارەیەوە بلییز باسكالی فەیلەسوف دەڵێت: (مرۆڤەكان شكۆ و پرشنگ و هەرچی وپەرچی وچیلكە وچەوێڵ ولاوێزی ئەم گەردوونن.)(www.bbc.com).بەو واتایەی مرۆڤەكان بەخشندە و زۆردار، بەزەیی و بێ بەزەیین، یارمەتی یەكتری دەدەن و زیانبەیەك دەگەیەنن، هەر بۆیە كەسە وشیار و زرنگ و

چاپوكەكان خۆیان لە رووبەڕووبوونەوەی پرو پوچ دوورە پەرێز دەگرن لەپیناو ئاسودەیی و سەرمایەی دەروونییان و دووركەوتنەوە لەماندووبوون و ئازار و دڵەڕاوكێ و خەمۆكی...هتد.

سەبارەت بە تابلۆی (بیركردنەوە) - 2 - هونەرمەند مۆدێلێكی پیاوی لەحاڵەتێكی دەگمەنی هێور بوون و گەشبینی و ئارامی وخابوونەوەو حەسانەوەیەكی مێشك و دەروون و جەستەیی لە دانیشتنیكدا كێشاوە. دەكرێ بڵێین وێنای حاڵەتێكی ئەرێنی كردووە، كە خۆی لەم بارەیەوە دەڵێت: (كاتێك مامۆستاكەم هاتە لام و بۆنی هەڵمژی وتی: هەست بەخابوونەوە دەكەم لەگەڵ ئەم بۆنە. دواتر كەزانی خودی تابلۆكە قاوەیە سەرسامبوو، و هەستێكی خۆشی نواند، لەپاڵ ئەو جانجاڵییەی تێ كەوتوین، مرۆڤێك دانیشتووەو لەقاوە بێت، جێگەی خۆشحاڵییە.)(چاوپێكەوتن: اسماعیل:2017 ). ئەمەش چەند جۆرێك لەبیركردنەوەی لێ دەكەوێتەوە لەوانە بیركردنەوەی چنگ كەوتوو( بیركردنەوەی روون و دیار و نزیككراوە)، مەنتیقی و داهێنەرانە...هتد كۆی ئەم جۆرە بیركردنەوانە، بیركردنەوەی ئەرێنی پشت ئەستورە بە گەشبینی و خۆشی و ئاسودەیی و دڵنیایی و نەرمونیانی، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت مرۆڤ خۆی هەڵدەخەڵێنێت و خۆی نەزان دەكات و پشت لەدەورووبەر دەكات، بەڵكو مەبەست لەم جۆرە بیركردنەوەیە تاك چۆن بتوانێت لەسەغڵەت ترین و ناهەموارترین پێشهات و رووبەڕووبوونەوەدا گفتوگۆ لەگەڵ دەروون و روح و عەقڵی خۆی بكات و تاوتوێی بابەتەكان بەویژدانەوە بكات، تاوەكو بتوانێت دەروونی ئاسودە بێت و توانای ململانێ و بەرهەم و ئامانج و بڕیاری هەبێت و دەستبەرداری نەبێت. ئەمەش لە بەكارهێنانی رەنگی سەوزی كراسەكەو ئەو باگراوەندەی هونەرمەند كێشاویەتی روونكەرەوەو دەرخەری ئەم ئاماژانەن لە رووی دڵنیایی و تێروانینی ئەرێنی بۆ ژیان و ژیاری.

بەپێچەوانەوەی بیركردنەوەی نەرێنی كە شڵەژاوی و دڵەڕاوكێ و خەمۆكی...هتد سەبارەت بەئێستا و داهاتووی تاك وێنادەكات و كاریگەری دەبێت لەسەر تەندروستی كەسەكەو بۆ ماوەیەكی دوور و درێژ بەردەوامدەبێت، كەواتە پێویستە تاك خۆی رابهێنێت لەسەر بیركردنەوەی ئەرێنی كە پێویستی بەكات و پەیرەوكردن هەیە تاوەكو دەبێتە بەشێك لەپێكهاتەی كەسەكە.

لەبارەی پۆرتەرێتی( اسماعیل خەیات )دا - 3 - دەكرێ بڵێین هەندیك كەسایەتی كەسییەتێكی ئەوتۆیان هەیە، كە لەو بوارو ئاراستەی كاری تیادا دەكەن خاوەن رێچكەو بیرۆكەو شێوازی خۆیانن و بەتێپەڕبوونی كاتیش بۆن و بەرامەی رێچكە و ئاراستەیان لە نەرمی و لێبوردەیی...هتد نەك هەر شوێن پەنجەی دەمێنێتەوە، بەڵكو تیرۆژی داهێنان و پێشرەوییان كاریگەری بەردەوام لەبرەو دایە بۆ نەوەكانی داهاتوو. كە دەكرێ بڵێین بوونی ئەوان ئاسودەیی و دڵنەوایین بۆ ژیان.

دەربارەی تابلۆی ( قەڵا ) - 4 - شارستانیەت شكۆی خۆی لەفرەیی و جۆراو جۆری رۆشنبیری و ئایین و شتارستانیەتەكان لەمانەوەدا پارستووە لەنێوان بۆنی خۆش و بۆگەن لەدرێژەی سەركەوتن و ژێركەوتن. پێشكەوتن و دواكەوتن، بەهەموو خۆشی و ناخۆشی، جوانی و ناشیرینی، تاڵی و شرینی، سوێری و چێژی، رووناكی وتاریكی...هتد لەهەر سەردەمێك و قۆناغێك تاموبۆنی خۆی هەبووە و هەیە و دەبێت لەوەی نەوە دوای نەوە بۆ یەكتری دەگێڕنەوەو تاموبۆنی چۆن بووەو دەبێت لە دڵ و دەروون و زاكیرەی خەڵكەكەیدا، چونكە ئەوەی لەئێستاداخەڵك لێ بێبەری بوونە، زاكیرەی بۆنە كە زۆرێك لەخەڵك لەبەر جەنجاڵی و سەرقاڵی بەكارەكانیان و شتی لابەلاو ئەملا و ئەولا لە دەستیان داوەو بەهای مێژوو، و شارستانیەت و كلتور كەمبۆتەوە.

تابلۆیەك لە تابلۆ سەرنجڕاكێش و هاوچەرخەكانی هونەرمەند (فنجانی قاوە) یە. - 5 - هونەرمەند شێوە لەخۆوە دروستبووەكانی سەر رووی فنجانەكە دەكاتە بابەتی خۆی بە دەستكاریەكی كەم جا لەرێی نوكە فڵچەیەك بێت یاخود بە بەرنامەی فۆتۆشۆپ كەمێك چاككاری بۆ دەكاتەوەو فۆرمێكی هونەری پێ دەبەخشێت، بەپێویستی دەزانێت كە تەنیا رێكەوت نەبێت بۆ بەرهەمهێنانی ئەم كارە، بەڵكو پێویستە گۆڕانكاری لەفۆرمەكە بكات. واتە هونەرمەند هەروەك خۆی تەئكید دەكاتەوە لەوەی كە دەڵێت:

( من و لەخۆوەیی" صدفە" هاوبەشین لەوەی كە دروستی دەكەین. بەو واتایەی تابلۆیەك من دروستی دەكەم و دەیهێنمە كایەوە، بەڵام فنجان قاوەیەك خۆی خۆی دروست دەكات.)(چاوپێكەوتن: اسماعیل: 2022). ئەمە لەلایەك، لەلایەكی دیكە سودی لەو هەناسە و هەڵمو هەڵاوی ناخی كەسەكە و ئەو شێوانەی دوایی خواردنەوەی فنجانە قاوەیەك كە دروستبووە وەرگرتووە هونەرمەند لەم بارەیەوە دەڵێت: (كەسێك قاوەیەك دەخواتەوە؛ سەرەتا بۆن ئنجا تام دواتر ئەم بۆن و تامە چ هەستێك بەكەسەكە دەدات. ئنجا من دێم بەرماوی خۆی بۆدەكەمەوە تابلۆیەك و پێشكەشی دەكەمەوە.بەو واتایەی لەدوای هەر قاوەیەك حیكایەتێك و گێراوەیەك دێتەكایەوە.)(چاوپێكەوتن: اسماعیل: 2017 ).واتە دەكرێ بڵێین مەرج نییە (كاری هونەری لەلایەن هەموو كەسێكەو روون و تێگەیشتراوبێت، چونكە كار و وەزیفەی هونەر مەرج نییە بچێتە نێو دەرگا كروەكانەوە، بەڵكو كردنەوەی دەرگا داخراوەكانە.)( فیشر: 1998: 282)

ئەوەی نكوڵی لێ ناكرێت بۆنی قاوە كاریگەری هەیە لەسەر هێوركردنەوەی پەستان و گرژیی و ئنجا تام وچێژی لێ دەكات دواتر شێوەی دەرچووی لەخۆوەیی كە بینەر یاهونەرمەند فۆرمێك دەبینێت. دواتر هونەرمەند لە گۆشە نیگای خۆی و بەدەستكاریەكی كەمەوە فۆرمەكان لەسەر رووی فنجانەكە رێك دەخاتەوە، كەواتە لەهونەری هاوچەرخدا هونەرمەند پەنا بۆ هەموو كەرەستەیەك دەبات بۆخستنەڕووی بیرۆكەكانی، چونكە هونەرمەندی هاوچەرخ (ناڵێت: سەیری، تەماشا یان بڕوانە تابلۆیەك خاڵی نەبێت لەهەڵە، بەڵكو دەڵێت: بڕوانە ئەم تابلۆ راستگۆیە، ئەم راستیە لایەنی نارەزایی و بێزاری دەخاتە نێو تابلۆكانەوە.)(فیشر: 1980: 118). كەواتە گرنگی كارەكان لەوەدایە كە هەر بینەرەو لەتێروانینی خۆیەوە بەشێوەیەك دەیبینێت، هەندێكیش پێداگیری لەسەر ئەم شێوەیە دەكات كە دەیبینێت، كەواتە دەكرێ بڵێین هەرچەندە تەمەنی تابلۆكان كاتییە بۆنەكەی نامێنێت، بەڵام بێ گومان هەر كاتێك بینەر ئەم جۆرە كارانە ببینێت هەست بەبۆنەكەی دەكات، كەواتە قاوە وەكو كەرەستە حزوری خۆی لەنێو دەروونی بینەر دروست دەكات، ئەگەر وێنەیشی وەرنەگیرێت، بەڵام چێژ و حەسانەوەیەك لەو جەنجاڵی و ژاوەژاوەی ژیان بەبینەر دەخشێت.

## 6. ئەنجام

پاش لێكۆڵینەوەو شیكردنەوەی توێژینەوەكە، گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1- سەرنەكوتكردن و دەستبەردارنەبوونی داهێنانی بۆن، چونكە لە ناوبردنی هەر بۆنێك بۆنێكی دیكەی لێ دێتەكایەوە.

2- هونەر ( نووسین – شێوەكاری – موزیك...هتد) دەتوانێت تاك لە پارچە پارچە بوون و پەرشوبڵاوی رزگار بكات و یەكەیەكی لێ بێنێتەكایەوە لەواقعی خۆی تێبگات (خۆشی و ناخۆشی – هیوا و بێ هیوایی – تاڵ و شیرین... هتد)، واتە ئەركی هونەر چوونە نێو دەرگاكان نییە و بەس، بەڵكو كردنەوەی دەرگا داخراوەكانیشە.

3- پەیوەندی نێوان (بۆنە تێكەوتەكان – ئاساییەكان) ی ژیانی رۆژانە و بۆنی گریمانەیی، كە لەئەنجامی ئەزموونی تاك دێتەكایەوە، لەوانە نەتەوەی زێرابەكان – تارمایی.

4- كاراكتەر پەرەنەسێنە، لە نێوان رابردوو، و ئێستادا تراتێنێ دەكات و هیچ پلنێكی داهاتووی نییە، بەو واتایەو رووداوەكان بەرێوەی دەبەن.

5- ململانێ تارمایی لەنێوان نامەبەر و روونكەرەوە، واتە تارماییەكی بێ ناسنامە و بێزار لەهەمان كاتیشدا بەهیوایە.

6- هەبوونی دیاردەی نرجسییەت لە كەسایەتی باوكی كاراكتەری سەرەكی، كە بەشێكە لەگریچنی رووداوەكانی ئەم رۆمانە، تاوەكو خێزانەكەی تووشی ئەو نەهامەتیانە بینەوە.

7- هونەر مەند ﷴ اسماعیل قاوە دەناسێنێت و بەكاری دەهێنێت وەكو تەكنیكی رەنگی ئاوی بۆ پیشاندانی دیمەن، جا ئەم دیمەنە سروشتی یان سروشتی دەستكرد وەكو دیمەنی قەلای هەولێر – مۆدێل.

8- ئەزموونی منداڵی هونەرمەند لە بۆندا، كاریگەری هەبووە لەسەر هێنانەكایە و خولقاندنی ئەم پرۆژەیەدا.

## 7. سەرچاوەکان


### 1- سەرچاوە کوردییەکان:

غەریب، جەبار جەمال: 2013: نەتەوەی زێرابەکان: چاپخانەی ڕۆژهەڵات: چاپی یەکەم: هەولێر.
قەرەچەتانی، د.کریم شەریف: 2004: سایکۆلۆژیای منداڵ: بەشی سێیەم: چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر.

### 2- سەرچاوە عەرەبییەکان:

أسعد، يوسف ميخائيل: بدون سنة الطبع: سيكولوجية الابداع فى الفن و الادب: دار الشؤون الپقافية العامة.أفاق العربية: العراق-بغداد.
حيدر، نجم: بدون سنة الطبع: علم الجمال: مكتب الطباعة المركزى-جامعة بغداد.
جكيم، راضى: 1986: فلسفه الفن عند سوزان لانجر: دار الشؤون الثقافة العامة: وزارة الثقافة ه الاعلام-الطبعة الاولى.
- دوبريه، ريجبس: 1977: مذكرات البرجوازى الصغير بين نارين و أربعة جدران: ت. د.سهيل ادريس، دار الاداب- بيروت.
الدريع، فوزية: 2008: الرائحة و الجنس: منشورات الجمل- بغداد- الطبعة الاولى.
رايت، وليم كلى: 2005: تاريخ الفلسفة الحديثة: ت.محمد سيد احمد، ت،م/امام عبدالفتاح امام: الهيئة العامة لشؤون المطابع الاميرية-القاهرة- الطبعة الثانية.
صليبا، جميل: 1982: معجم الفلسفى: دار الكتاب اللبنانى: بيروت-لبنان.
فيشر، ارنست: 1980: الاشتراكية و الفن: ت. اسعد حليم: منشورات مكتبة 30 تموز-الموصل- الطبعة الثانية.
فيشر، ارنست: 1998: ضرورة الفن: مكتبة الاسرة-عمان.
فرون، بيت: 2010: الرائحة؛ ابجدية الاغواء الغامضة: بالاشتراك مع انطوان فان امرونغين، هانز دى فرايز: ت. صديق محمد: هيئة ابوظبى للثقافة و التراث ( كلمة ): الطبعة الاولى
كيب، جوزيف ماك: 1985: مدينه المسلمين فى اسبانيا: ت. د. محمد تقى الدين الهلالى: مكتبه المعارف: الطبعة الثانية.
محمد، د.على عبدالمعطى: بدون سنة الطبع: مشكلة الابداع الفنى- رؤية جديدة: دار الجامعات المصرية.
النصير، ياسين: 2003: المدينة و الفن: دار اراس للطباعة و النشر، اربيل- اقليم كردستان- العراق.

### 3- سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

Maurice Dupuy: 1972: Iaphilosophiede allemande: ed.p.u.f. Paris.
J God fery, Jospeh: 1987: Aphilo sophy of Human Hope, Saint Josephs University, Martinus Nihoff Publishres. Boston

### 4- فەرهەنگەکان:

نظام الدين, فاضل: 1990: ئەستێرە گەشە، فەرهەنگێکی کوردی – عەرەبی یە: دار الكتب و الوثائق – بغداد.
ابن منظور,ابى الفضل جمال الدين محمد بن مكرم الافريقي المصرى: بدون سنة الطبع: لسان العرب: دار مكتبة الهلال-بيروت: المجلد العاشر.
عطيه، الشيخ رشيد: 1944: معجم عطيه فى العامى و الدخيل: دهر الطباعة و النشر العربية.
فياض، سليمان: 1993: معجم المأثورات اللغويه و التعابير الادبية: الهيئة المصرية العامة للكتاب.
الفبروز أبادى، مجد الدين محمد بن يعقوب: 1998: معجم المحيط: مؤسسة الرسالة للطباعة و النشر و التوزيع: بيروت – لبنان: الطبعة السادسة.
مصطفى، ابراهيم: احمد حسن الزيات: حامد عبدالقادر: محمد على النجار: بدون سنة الطبع: معجم الوسيط: المكتبة الاسلامية للطباعة والنشر: استانبول – تركيا.
اليمانى، نشوان بن سعيد الحميرى: تحقيق. حسين بن عبدالله العمرى: مطهر بن عاى الاريانى: 1999: معجم شمس العلوم و دواء كلام العرب من الكلوم: دمشق – دار الفكر.
المنجد فى اللغة و الاعلام: 1986: دار المشرق: بيروت – لبنان.
العتمد، قاموس عربى – عربى: 2008: دار صادر – بيروت: الطبعة السادسة.
قاموس اكسفورد الحديث, لدارسي اللغة الانكليزية – انكليزي – انكليزى – عربي: بدون سنة الطبع: الطبعة الموسعة: .University press
ترجمان, قاموس الانجليزية – العربية: . torjoman.com

### 5- سەرچاوە ئەلکترۆنییەکان.

تعريف حاسه الشم: www.sotor.com
العطر منذ بداية الزمان, تأريخ صناعة الزيوت العطرية: www.mena.lush.com
الفراعنة وضعوها فى الزجاجة و العرب انقذوها بالكيمياء: www.ArabicPost.net.
رائحة اوروبا لم تكن تطاق: www.Startimes.com.
www.Library.tebyant.net .
نظرية المعرفة عند الفارابي: .www.mustansiriyah.edu.iq
تفسير المعرفة و علاقته بنظرية الكون: .www.balagh.com
الباحثون السوريون, كرة شمع رينيه ديكارت: .www.syr-res.com
الاحساس و الادراك, مداولات فى موضوعات الفلسفية: m.facebook.com
تعليم الفلسفة فى لبنان: .www.philomalek.yolasite.com
يوهان گوتليب فيختە- المعرفة-: m.marefa.org
أرسطو: www.greelane.com.
www.bbc.com .
ديالكتيك هيجل: www.hekmah.org.
متاهات الحواس و العقل و الفلسفة: سليم نصر الرقعي: m.ahewar.org

صحيفة المثقف: مقولة الام: نحو تحديد فلسفى: صحيفة المثقف: د. سامي عبدالعال : www.almothaqaf.com
المدى الاقتصادي: العدد 1775 تاريخ صناعة العطور: www.almadapaper.net
الفراعنة وضعوها فى الزجاجة و العرب انقذوها بالكيمياء:ArabicPost.net.
مجله شبكة العراقية: تأريخ الغريب للعطور. من عبيرالاقدام الرومانية الى كولونيا نابليون: بقلم جي ارثوب: ت. ألاء فائق: www.IMNMagazine.iq .

### 6- چاوپێکەوتن

چاوپێکەوتن: اسماعيل، محمد: هەولێر: گەلەری پارکی شانەدەر: 2017/8/19: کاتژمێر؛ 11:22 ی بەیانی.
چاوپێکەوتن: اسماعيل، محمد: هەولێر: چێشتخانەوە قاوەخانەی تودێی: 2022/8/17: کاتژمێر؛ 11:27 ی بەیانی.

## تابلۆکان



مرۆڤەکانی ئەم سەردەمە - 1- / 2015 / 140x100 سم



بیرکردنەوە - 2- / 2015 / 250x150 سم



اسماعیل خەیات - 3 - / 2016 / 70x50 سم



قەڵا - 4 - / 2017 / 70x50 سم



فنجانى قاوه - 5 -

الخلاصة

هذا بحث, بحثٌ نقدي وصفي تحليلي حول (انعكاس الرائحة فى أعمال الفنية – لجبار جمال غريب و محمد اسماعيل) كعنصر من عناصر الجمالية محركة للاعمال الفنية و تأثرهيا فى تحريك مسألة السرد والرؤية فى الفن المعاصر, مع ان قليل من الفنانين الروائيين و التشكيلين أهتموا بهذا الموضوع. لذا أرتأينا ان نخصص هذا البحث لتناول هذا النعصر و بيان خصائصه فى رواية (قوم المجاري) و اعمال الفنان التشكيلي محمد اسماعيل التى رسمها بالمادة القهوة.

يتكون هذا البحث من مدخل و ثلاثة محاور. حيث تناولنا فى المدخل تعريف و نبذة مختصرة عن تأريخ الرأئحة. بالنسبة لمحاور, خصصنا المحور الاول لجدلية رائحة فى فلسفة و علم النفس مستعرضين مجموعة أراء متناقضة لفلاسفة و علماء النفس و مدارس الفلسفية و مدارس النفسية حول الرائحة. وفى فصلي الثاني و الثالث تحدثنا عن البعدين الفلسفي و النفسي فى رواية ( قوم المجاري) و اللوحات الفنية لفنان التشكيلي و انعكاسها فى بنية نصهم فى كلا الجانبيين. معتمدين على مجموعة أمثلة ادبية و اعمال الفنية لكلا الفنانين ضمن آطار بحثنا.

***الكلمات المفتاحية:*** الرائحة, الشبح, المدينة, اللوحة, القهوه.

**THE REFLECTION OF SMELL IN THE ARTWORKS BY JABAR GAMAL GHAREEB AND MUHAMMAD ISMAIL**

REZAN OSMAN MUSTAFA
Dept. of Plastic Arts, College of Fine Arts, University of Salahaddin, Kurdistan Region-Iraq

## ABSTRACT

**This research is a critical, descriptive and analytical research on (The Reflection of Smell in the Artworks by Jabbar Gamal Ghareeb and Muhammad Ismail) as an element of the aesthetic elements that motivates the artworks and their influence in moving the issue of narrative and vision in contemporary art, although few novelists and artists were interested in this subject, that’s why I decided to devote this research to deal with this element and explaining its characteristics in the novel (The People of the Sewers) and the works of the artist Mohamed Ismail, which he draws his works with coffee.**

**This research consists of an introduction and three axes. In the introduction, we dealt with a definition and a brief overview of the history of smell.**

**As for themes, we devoted the first axis to the dialectic of smell in philosophy and psychology, reviewing a group of contradictory opinions of philosophers, psychologists, philosophical schools and psychological schools about smell.**

**In the second and third chapters, we talked about the philosophical and psychological dimensions in the novel (The People of the Sewers) and the paintings of the artist and their reflection in the structure of their dialogue on both sides.Relying on a set of literary examples and artwork for both artists within the framework of our research.**

***Keywords:*** Perfume, The Ghost, A City, The Painting, Coffee.